# مامۆستای کورد

# 3

دەنگی بەشی کوردیی

خوێندنگەی بەرزی مامۆستایان لە ستۆکهۆڵمە

# مامۆستای کورد

ژمـــاره – ٣ –
ئۆکتـۆبـەری ١٩٨٦

سـەرنـووسـەر :

**فەرهاد شاکەلی**

ناونیشـــان :

*Högskolan För Lärarutbildning*
*i Stockholm – Kurdiska*
*Box 34103*
*100 26 Stockholm– Sweden*

# ناوەرۆک


ο نامه ......عەبدولقادر محەمەد ئەمین، سالح گوللی، تەییب ئەحمەد
بەرواری، ئەمیری حەسەنپوور، محەمەد عەلی بەرواری، هەڵەمووت ......... 108
ο کە تۆ هێشتا لە خەم ناگەی ..... فەرهاد شاکەلی ........ 100
ο یەکێتیی یایانی کوردستان ........فازیل کەریم ئەحمەد ........ 88
ο من خێوەتی ژان و هیوام هەڵداوە... سەباحی غالیب ........ 81
ο دە ساڵ دوای کاک سوار .........سەلاحوددینی موهتەدی ........ 79
ο پەپوولە بە ............ سلێمان قاسمیانی (کاکە) ........ 69
ο شەختە ............ کوردان ........ 68
ο مەلا کەریمی فیدائی........... سەیید محەمەدی سەمەدی ........ 61
ο سەرنجێ لە گۆرانی و مۆسیقای .... ناسری رەزازی........ 56
ο ئۆلوف پالمێ ............ هەڵەمووت ........ 51
ο ئەی فەلەک ............ محەمەد عەلی بەرواری........ 50
ο چاوەڕوانیی دوو مناڵ ............ حەمەی مام ئەوڕەحمان ........ 49
ο راکردن لە فاشیت ............حیزبی سۆسیالیستی کوردستانێ عیراق ........ 43
ο کام سەنگەر ............ رزگار عەبدوڵڵا ........ 41
ο کا..؟ ! ............ سالح گوللی........ 38
ο سەردانی سەرۆک ............ فازیل کەریم ئەحمەد........ 37
ο هونەر و سیاسەت ............ س. ق. (کاکە) ........ 25
ο دایێ ئەڤا ئینتا ما منە ............ تەیموورێ خەلیل ........ 21
ο ل خەریبی یێ ............ شاهینێ سۆرەکلی ........ 20
ο ژیانا گوند ............ شاهینێ سۆرەکلی ........ 19
ο خەلیلێ چاچان موراد ۆڤ ............ پریسکێ محۆیی ........ 17
ο بەرزانی ............ قەدریجان ........ 13
ο عەرەبێ شەمۆ ............ عەسکەرێ بۆییک ........ 9
ο سەروەر ............ عوسمان سەبری ........ 8
ο بەرخوەدانا ل دژ ئینگلیزێن پوزبلند ، شێخ مەحمموودێ
بەرزنجی ............ باڤێ بارزان ........ 3

# نامە ○○○○○○○

نامـەی عەنبەربـۆت باد صوبح ئاوەرد
عەتـرش زامەکەی کـۆنـم تازە کـەرد
(مەولـەوی)

> ئەم نامە/پێشنیازەی کاک عەبدولقادر محەمەد ئەمین هەوڵدانێکی دڵسۆزانەیە بۆ بزواندنو پێشخستن و پەرەپێدانی فەرهەنگی کوردیو لە پێناو زیاتر پتەوکردنی پێوەندیی مرۆڤی کورددا ،لە هەرکوێیەک بێت، بە مەسەلەی گەلەکەیەوە .هیوادارین خوێنەران بیروڕاو لێدوانی خۆیان لە بارەیەوە بۆ ئەم گۆڤارە بنێرنو زۆر سپاس بۆ کاک عەبدولقادریش کە ئەو هەموو باوەڕەی بە مامۆستای کورد بەخشیوە.

ئەی برایانی ئاوارەی کورد :

بێگومان ئەمڕۆ کاروانی نەمری کوردایەتیمان، لە هەموو سەردەمێک زیاتر بە قۆناخێکی فرە ناسک و پڕ مەترسیدا تێپەڕ دەبێ، و مرۆڤی کوردیش لە هەموو لایێکدا مافەکانی پێشێل دەکرێ، ئەمەیش هەر لە بە عەرەب و تورک کردنی ناوچە کوردییەکان، تا دەگاتە سووتاندن و کاول کردنی خانوو بەرەو دێهات و ڕەزو بێستانی جوشیاری کورد، و هەوڵدان بۆ قەڵاچۆکردن و سڕینەوەی کەلەپوور و سامانی نەتەوایەتیمان، و ڕاونان و هەڵواسین و زینانکردنی منالّ و ئافرەت و پیر و پەککەوتووی کورد.

بۆ پەرچدانەوە و بەگژاچوون و وەستان ڕووبەڕووی ئەو نەخشە گلاوانەش، هەر لە سەردەمێکی کۆنەوە و تا ئێستاش گەلی کوردمان هەر کاتە هەل و مەرجی تایبەتیی بۆ هەڵکەوتووبێ، زۆر بلیمەتانەو جوامێرانە بە ڕووی دوژمناندا هەڵشاخاوە و چەکی مان و نەمانی خستۆتە سەر شان و پەنای بردۆتە بەر شاخە سەربەرزەکانی کوردستان، و بە هیچ جۆرێ مانای سەرشۆڕی و ڕازیبوونی نەزانیوە.

تا ئێستاش ڕۆژ نییە پێشمەرگە نەبەزەکانی کوردستان، بە دەیان داستانی قارەمانی و نەبەزی تۆمار نەکەن و بە خوێنی پاکیان دوارۆژ و ئەوەزەنگی تاریکی بۆ ئەو گەلە چەوساوەیە نزیک و ڕووناک نەکەنەوە ،بەڵام بێگومان هەمیشە ئەو قوربانی و خەباتە چەکدارییە پێویستێکی زۆری بە نووکی خامەو پشتیوانیی نووسەران و شاعیران و ڕووناکبیرانمان بووە، ئەمەیش بۆ موتوربەکردن و پێشخستن و بەردەوامیی ئەو خەباتە چەکدارییە، و لەم چەند ساڵەی دوایییەشماندا ڕۆشنبیرانی کورد هەر یەکە بە پێی توانا و زرووفی تایبەتیی خۆی لەم مەیدانەدا هاتوونەتە پێشەوە و کەمتەرخەمییان نەکردووە.

خوێندەواری بەڕێز :

ئەوەی مەبەستە لێرەدا ئەوەیە، ئێمەی کوردە ئاوارەکان لە هەندەران، دەبێ وەکو ئەرکێکی نیشتمانی و سەرشان، هەریەکە لە ئێمەمانان، لە عاستی خۆیەوە بە ئەندازەی توانا و لێهاتوویی بەشداریی تەواو لەو خەباتە پیرۆزەدا بکات، کە ئامانج و ئاوات و هیوای هەموو کوردێکی بە شەرەف و خاوەن ویژدانە.

بۆیە بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە لێرەدا ئەوە پێشنیاز دەکەین، کە ئەو برا کوردانەی لە دەرەوەی وڵاتنو ڕۆژانە کار دەکەن بۆ مسوگەرکردنی ژیانی خۆیان و منالەکانیان، یا ئەو برایانەی کەوا گوزەرانیان باشە، هەر یەکە لەم برایانە لە مانگێکدا ڕۆژێکی پارەی کارەکەیان تەرخان بکەن بۆ هەژار و لێقەوماو و پەککەوتووانی گەلەکەیان و بۆ لە چاپدان و هەڵسووڕاندن و بڵاوکردنەوەی هەموو کتێب و بەرهەم و ڕۆژنامەو گۆڤارێکی سوودبەخش کە پێویستی بە یارمەتی و یاربوو هەبێت.

ئەو پارەیەش هەر لە سوێد، لە بانکێک دابنرێت و ژمارەی بۆ بکرێتەوە، ئەمەیش هەر بە هۆی ئەوەی کە کوردێکی زۆر لەم وڵاتەن و گۆڤاری مامۆستای کوردیش کە گۆڤارێکی بێلایەنە لەم وڵاتەیە، کە دەتوانرێ دەورێکی کاریگەرو باش ببینێ لەم ڕووەوە. بۆ ئەم مەبەستەش برایانی کورد لەم وڵاتەدا، دەتوانن چەند برادەرێک لە نێو خۆیاندا دەستنیشان بکەن بۆ

سەرپەرشتی و چاوەدێری و ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی ئەو پرۆژەیە. مافی بەشداربوونیش لەم پرۆژەیەدا، هەموو کوردێک لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێت بگرێتەوە و بەند نەبێ بە پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان. لە هەمان کاتیشا بە هۆی ئەوەی کەوا کاک فەرهاد شاکەلی سەرۆکی گۆڤاری مامۆستای کوردە و بە پێی ژمارەی یەکەم و دووەمی ئەو گۆڤارە، وا دیار دەکەوێ کە ناوبراو مەبەست و ئامانجی خزمەتکردنە بە ئەدەبی کورد و نزیک بوونەوە و یەکێتیی تەواوی ڕێزەکانی کوردە، بۆیە لە هەمان کات ئەوەش پێشنیاز دەکەم کە ناوبراو بکرێت بە سەرۆکی ئەو لیژنەیە، و لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری مامۆستای کوردیش ئەو پێشنیازە و هەر پێشنیازێکی تری سوودبەخش لەم رووەوە بڵاو بکرێتەوەو لە هەموو لایێکدا لێکدانەوەو بەراوردی بۆ بکرێت، و هەر جارەی ناوی ئەو برادەرانەش بڵاوبکرێتەوە کە بەشداری لەم پرۆژەیەدا دەکەن.

بەڕێزان:

ڕەنگە خۆمان لە ڕاستی دوور نەخەینەوە ئەگەر وتمان ئەو پرۆژەیە لە سەرەتادا ڕوو بە ڕووی گەلێ کوسپ و تەگەرە دەبێتەوە، و ئەوەندە سانا و ئاسان نییە، بە تایبەتی بۆ گەلێکی وەکوو ئێمەی کورد، کە بە داخەوە دەڵێین تا ئێستا شەڕی براکوژی و دووریی هێز و پارتییە سیاسییەکان و ناکۆکیی ناوخۆیی بە زەقی ماکی خۆی بەسەرماندا چەسپاندووە، بەڵام بە هەوڵ و کۆششی دڵسۆزان و نووسەران و ڕۆشنفیکرانی کورد، دەتوانرێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، زیاتر بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەدا زاڵ ببین، و لە ئەنجام و دوارۆژدا، کارەکەشمان سەر بگرێ و ئەنجامێکی زۆر کاریگەر و پوختیش وەدەس بهێنێ.

ئەو پێشنیازەش زیاتر نزیکمان دەخاتەوە لە گیانی خۆشەویستی و برایەتی و یەکێتی لە نێوان هێزە نیشتمانییەکانی کوردستاندا، ئێمە بەو کارەشمان دەتوانین بە هەموو گێتیی بێگانەی بسەلمێنین کە گەلی کوردمان ئامادەیە بە هەموو شێوە و ڕێبازێک، هاوبەشی و بەشداریی تەواو بکات، لە خەبات و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی میللەتەکەماندا، و لە هەمان کات ئێمە بەو کارەشمان دەتوانین،سۆز و هەست و سەرنجی بێگانەو دۆستانی کێشەی کورد زیاتر بۆ لای مەسەلەی ڕەوای خۆمان ڕابکێشین، بۆ ئەوەی دەستی یارمەتیو بەشداری بۆ ئەم پرۆژەیە درێژ بکەن، چونکم بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئێمە ئەو ڕاستییە بزانین، کە دەبێ لە سەرەتادا لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین، لەبەرئەوەی ئەگەر ئێمە خۆمان نەتوانین یارمەتی و هاریکاریی خۆمان بکەین !! ئەی دەبێ گلەیی چی لە دۆست و بێگانەو لە خەڵکی تر بکەین..؟ ئەو برایانەی لە مانگێکدا بتوانن بیست و دوو (٢٢) ڕۆژ بۆ مسوگەرکردنی ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان کار بکەن، ئەی باشە بۆ نەتوانن ڕۆژێکیش بۆ میللەتەکەیان کار بکەن..؟ ئایا منداڵی هەر یەکێک لە ئێمەمان و منالانی تری میللەتەکەمان، تەواوکەری یەکتر نین و بەند نین بە یەکترەوە؟ ئایا نابێ ئێمە بەو چاوەی سەیری منداڵی خۆمان دەکەین بە هەمان شێوەو چاویش سەیری دوارۆژ و ڕزگاریی میللەتەکەشمان بکەین..؟

برایان:

ماوەیەکی زۆرە هەندێ لە پارتییە سیاسییەکانی کوردستان، بانگەواز و پێشنیازی ئەوە دەکەن کە کۆنگرەیەکی گشتی لە نێوان گشت هێز و پارتییە ڕامیارییەکانی هەرچوار پارچە ـ کانی کوردستاندا بگیرێ، هەرچەندە ئەو پێشنیازە ،پێشنیازێکی زۆر بەجێ و سوودبەخشە، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا نەک هەر نەکراوە، بەڵکو گیانی دوورکەوتنەوەو هەڕەشەو شەڕی براکوژی سات لە دوای سات زیاتر پەرەی سەندووەو تەشەنەی کردووە، ئەمەش چ لە ڕیزی هێزە چەکدارەکانی پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان و چ لە نێوان ئەو هێزانەی کە سەر بە پارچەیەکی کوردستانن.

ئێمە دڵنیاین لەوەی کە کۆنگرەیەکی وا فراوان دوای ئەو هەموو دووری و نارێکی و کوشتارە، پێویستی بە کارێکی زۆر و زەمینەیەکی بتەو هەیە،و ئەوەندە کارێکی هاکەزایی و ئاسان نییە. رابردووش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە گەلێ جار دانیشتن و گفتوگۆ و رێکەوتن لە نێو ئەو هێز و پارتییانەدا بووە، بەڵام ئەمە تا سەر نەبووە، بەڵکو هەر دوابەدوای ئەو دانیشتن و گفتوگۆ و رێککەوتنانە،جارێکی تر دووبەرەکی و شەڕی براکوژی سەرلەنوێ دەستی پێ کردووەتەوە. بۆیە ئەو پێشنیازەی ئێمە ئەگەر پشتیوانیی لێ بکرێت، لە دوارۆژدا دەبێتە سەرەتا و کەرەسەیەکی باش و سەرکەوتوو بۆ ئەو چەشنە کۆنگرەیەش.

ئێمە لێرەدا داوا لە کاک فەرهاد شاکەلی و هەموو دڵسۆزان و نووسەران و هەموو پارتییەکی سیاسیی کوردستان و تەواوی رێکخراو و رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکان دەکەین، کە رای خۆیان لەم رووەوە بە شێوەیەکی راست و رەوان دەربخەن، و دەوری مێژوویی خۆیان ببینن،و هەر پێشنیاز و زیاد و کەمییەکی تریان هەبێت، بۆ جەماوەری کورد بیخەنە روو، بۆ ئەوەی گفتوگۆی برایانەی لەسەر بکرێت.

خوێندەواری بەڕێز :

دوور نییە ئەو پرۆژەیەی ئێمە لە سەرەتادا خەڵکێکی زۆر کەم هەبێت ئامادەیی و هاریکاری و پشتیوانیی خۆی بەرانبەر دەرببڕێت، بەڵام بۆ پرۆژەیەکی وا دڵنیاین لەوەی ئەگەر لە سەرەتادا تەنها دە (١٠) کەس ئامادەیی خۆی دەرببڕێ و هەر ساڵەی تەنها هەر ئەو ژمارەیەش بێنە پێشەوە، ئەوا لە دوارۆژدا ئەو هەنگاوە دەبێتە بنچینەیەکی پوخت و باش بۆ سەرکەوتن و ئەنجامدانی ئەو پرۆژەیە.

جا ئەی کوڕانی کاوەی نەمر، ئەی برا کوردە ئاوارەکانمان، ئەی شێخ و مەلا و مامۆستا و قوتابی و کرێکار و دوکاندار، ئەی ژنان،ئەی دایکان،ئەی ئەو کوردانەی کەوا ناتانەوێ لە ژێر چەپۆکی دوژمناندا بەسەرشۆڕی بژین، راپەڕن،بەیەک دەست، یەک دڵ، یەک ئامانج و هیوا بۆ ئەنجامدانی ئەو پێشنیازە.

وەکو مامۆستا فەرهاو شاکەلی لە ژمارە دووی گۆڤاری مامۆستای کورد گوتەنی:"لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی کۆماری کوردستاندا دوو سەرکردەی هۆشیار و بە ئاوەزی گەلی کورد، دوو پێشەوای خۆشەویست و بە جەرگ و دڵسۆزی نەتەوەی کورد: قازی محەمەد و مەلا مستەفای بارزانی هاوڕێ و هاوکار و هاوسەنگەر بوون. ئای چەند دەرزێکی بە هێز و بە پێزە. ئای چەند یادێکی هێژا و پیرۆزە. خۆزگە،سەد خۆزگە،ئەو برا خەباتکارانەی ئەمڕۆ ئەرکی سەرۆکایەتیی ئەم بەش یا ئەو بەش، ئەم پارتی یا ئەو گرۆی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کوردیان وە ئەستۆ کەوتووە بە چاوی ٣٠ـ٤٠ ساڵی دوای ئەمڕۆ ئەم دەرزەیان دەخوێندەوە."

ئێمە بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆژەیەو سەرگرتنی، و بۆ زیندووکردنەوەی یادی ئەو رۆژە و ئەو دوو سەرکردە مەزنە ئەوا وەکو سەرەتایەک ئامادەیی خۆمان دەردەبڕین و پشتیوانیی خۆمان لەم پرۆژەیە دەکەین و رۆژێکی ئیشکردنمان پێشکەش دەکەین. مامۆستا فەرهاد شاکەلیو ئەو چەند برادەرەش کە لەنێوان خۆیان لە سوێد دەسنیشان دەکرێن، لێپرساون بەرانبەر مێژووی نەتەوەکەیان کە بەم ئەرکە مێژووییە هەڵسن و ناوی بانکێک و ژمارە و ئەدرێسی ئەو بانکە، بۆ تەواوی جەماوەری رەش و رووتی میللەتەکەمان روون بکەنەوە، ئەمەش دوای گفتوگۆ کردن و لێکدانەوەی برایانە لە نێو خۆیاندا،و راگەیاندنی ئەو پێشنیازە بە سەر هەموو پارتی و گرووپێکی سیاسی لە دەرەوەو ناوەوەی وڵات، و بەو رێکخراوو کوردە دڵسۆزانەی کە بێلایەنن.

ئەوەی شیاوی باسیشە ئەوەیە دڵسۆزی و وەفاداری و پشتگیریی هەر کوردێک، یا پارتییەکی سیاسی بە زۆریی ئەو پارەیە نییە کە دەیدا ، بەڵکو لە پشتگیری و بەردەوامییە. ئەمڕۆش رۆژی ئەوە هاتووە کە ئێمە بە کردار ، نەک تەنها هەر بە گوفتار ، بەشداری لە کێشەی میللەتەکەمان بکەین و هەنگاوی سەرکەوتووانەی بۆ بنێین.

ئیتر بەرەو هەموو هەنگاوێک کە لە شەڕی براکوژی دوورمان دەخاتەوە... بەرەو هەنگاوێک کە گیانی هاریکاری و خۆشەویستی و برایەتی لە نێوان گشت پارچەکانی کوردستان دروست دەکات... بەرەو هەنگاوێک کە لەو رۆژەو لەو هیوایەمان نزیک دەخاتەوە، کە رۆژی ئازادی و سەربەستی و رزگاربوونی مرۆڤ و خاکی کوردە... بەرەو هەنگاوێک کە هەر قرانێک ،فلسێک ،درهەمێکمان کە پێشکەش بەو پرۆژەیەی دەکەین، ببێتە گوللەیەک بۆ سینگی داگیرکەرانی کوردستان و ببێتە موژدەیەک بۆ نزیکبوونەوەی رۆژی ئازادی.

هەر بژین،

عەبدولقادر محەمەد ئەمین
ئەمریکا – ١٩٨٦/٨/٦

---

هەڤالێ هێژا سەیدایێ شاکەلی،
سلاڤەکا گەرم
ب چاڤەکی مەزن و پڕ هێڤی سەرێ خۆ ددەم پێنگاڤ و ڤەلڤینێن تە ژ بۆ خزمەتا میللەتێ کورد و پەیڤا کوردی ب دەرئینان و سەرپەرشتیا تە یا دلسۆزانە "گۆڤارا مامۆستایێ کورد" . ل دوری و دەربەدەریا تە ژ وەلات. هێڤیدارم سەرکەفتی بی، خودێ مەزن مە ب سەرفەرازی و سەربەستی مە ڤەگێڕیت وولات ب وەختەکێ نزیک . هەر بژی.
برای هەوە :
صالح گوللی
١٩٨٦/٥/١٤

---

بۆ : گۆڤاری (مامۆستای کورد)
لەگەڵ سڵاوێکی دۆستانە ،
پاش سڵاو و رێز ، لە هەواڵی تەندروستیتان پرسیار ئەکەم وە هیوادارم سەرکەوتوو بن لە ژیاندا وە هەروەها لە ژیاسی ئەدەبیتاندا .
برایان ، ناوی گۆڤاری مامۆستای کوردم لە گۆڤاری پێشەنگدا خوێندەوە زۆر دڵشاد بووم کە رۆشنبیرانی بە هەستی کورد لە هەرجێگای دنیا بن هەست و ئەرکی نەتەوایەتیی خۆیان لە بیر ناچێت و بە دڵسۆزی بۆ گەشەکردنی فەرهەنگی گەلەکەمان هەوڵ و تەقەلا دەدەن وە شانازی بەم هەستەتان دەکەین وە هیوادارین سەرکەوتوو بن بۆ بەرزکردنی فەرهەنگی چەوساوەمان.
نازانم ئایا دەتوانن گۆڤارتان بنێرن بۆ دەرەوەی (سوئێد) یا نە؟ هەروەها نازانم کە نرخ و ئابونەی چۆنە؟ زۆر حەز دەکەم ئەم گۆڤارە کوردییە بگات بە دەستم، جا داواتان لێ دەکەم وەڵامی دوو پرسیاری سەرەوە لەگەڵ گۆڤارێک بۆ من رەوانە بکەن لە سەر ناونیشانێ کە لە خوارەوە بۆتان دەنووسم.
ئیتر هەر شاد و بەختەوەر بن،
هاوڕێتان: تەییب ئەحمەد بەرواری
تەبریز – ئێران – ١٩٨٦/٧/٧

سەرنوسەری ماموٚستای کورد ،
برای تیٚکوٚشەر و هیٚژا ماموٚستا فەرهاد شاکەلی

لە پیٚشدا پیروٚزبایت لیٚ دەکەم بەبوٚنەی دەرچونی دو ژمارەی گوٚڤارە بەنرخەکەتان . هیوادارم ئەو بەرهەمە بەپیٚزە ، وەك زوٚر گوڤار و روٚژنامەی تر ، جوانەمەرگ نەبیٚ و بەردەوام بمیٚنیٚ بوٚ خزمەتکردنی زمان و فەرهەنگی گەلەکەمان .

لە ژمارەی ٢ی ماموٚستای کورد (لاپەڕەی ٢٧ - ١١) وتاری "کورتە میٚژووی مهاباد" چاپ کراوە کە ، بەداخەوە ، میٚژوی راستەقینەی مهاباد و ناوچەی موکریان رون ناکاتەوە . ئەو وتارە تیٚکەڵ وپیٚکەڵ کردن و سەروگوٚیلاکشکاندنی چەند سەرچاوەی جوٚراوجوٚرە کە سەید محەمەدی سەمەدی لە ساڵی ١٩٨٤ بە زمانی فارسی لە مهاباد بڵاوی کردوٚتەوە و کاك حەسەنی قازی ، لەسەر داوای سەرنوسەری ماموٚستای کورد ، وەری گیٚڕاوەتە سەر کوردی . کەم وکوڕی هەرە بەرچاوی ئەو نوسراوەیە ئەوەیە کە یان باسی خەباتی خەڵکی موکریان لە دژی پاشایەتی ئیٚران ناکا (هەتا شەڕی جیهانی هەوەڵ) یان میٚژوی ئەو خەباتە لە دژی پاشایەتی پەهلەوی (١٩٢٥ هەتا کانونی ٢ی ١٩٧٩) دەشیٚویٚنیٚ . بوٚ ویٚنە ، باسی هەڵلای مەلا خەلیلی گوٚڕەمەڕیٚ دەکا بەڵام راپەڕینی بەسامی جوتیارانی دیٚهاتی بوٚکان و مهابادی وەپشت گوێ خستوە (ساڵی ١٩٥٢) . هەروەها لە یەك رستەی پیٚنج دیٚریدا باسی "حکومەتی جمهوری" (کوٚماری کوردستان) کراوە و نیٚوی "سەرتیپ فەزلولڵای هومایوونی" فەرماندەری ئەرتەشە شڕەی شاهەنشاهی تیٚدایە کە هیٚرشی بردە سەر کوٚمارەکەمان بەڵام نیٚوی پیٚشەوا قازی محەمەد فەراموٚش کراوە . وادیارە وەرگیٚڕ هیٚندیٚك لەو کەم وکورتییانەی وەبەرچاو کەوتوە بەڵام لە جیاتی ئەوەی چوٚنیەتی و هوٚی ئەو "کەمایەسییە زوٚر گەورە"یە بوٚ خوینەرانی وتارەکە رون بکاتەوە ، هەوڵی داوە بە نوسینی "ئیکردنەوە" و "تیٚبینی" و بە تاوانبارکردنی چەند کەس حورمەتی خوٚی بپاریٚزیٚ .

وەرگیٚڕ دەنوسیٚ کە نوسراوەکە "کەمایەسییەکی زوٚر گەورەی تیٚدایە . ئەویش خوٚبواردن لە گیٚڕانەوەی گەشە و نەشە ، دەستکەوت و نوشستی کوٚماری کوردستان لە مهابادە . کوٚماریٚکی کە وەك ئەستیٚرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی میٚژووی نەتەوەکەمان دا دەدرەوشیٚتەوە . باسی مهاباد کردن بیٚ بیرەوەری کوٚماری کوردستان وەك ئەوە وایە کەسیٚك بییەوێ بەبیٚژینگ بەری خوٚرەتاو بگریٚ" (ل ٢٧) . دیسان لە لاپەڕەی ١٧، وەرگیٚڕ وەبیر خوٚیٚنەران دەخاتەوە کە کوٚکەرەوە (سەید محەمەدی سەمەدی) زوٚر بە کورتی باسی کوٚماری کوردستان دەکا . دوایە ، لە لاپەڕەی ١٣دا وەرگیٚڕ لە "تیٚبینی" خوٚی سەبارەت بە یەکیٚك لە سەرچاوەکان ("مهابادی دویٚنیٚ و ئەمڕوٚ . بولتەنی شارەوانی مەهاباد . خەرمانانی ١٣٥١ی هەتاوی") دەنوسیٚ : "ئەم نوسراوەیە هی ئەمیری حەسەن پوورە . ئەویش خوٚی لە باسی کوٚماری کوردستان بواردووە" .

رەنگە خوێنەری ئەو تیٚبینییانە سەری سوڕ بمیٚنیٚ و بپرسیٚ کە بوٚچی کوٚماری کوردستان ئەوەندە بیٚ قەدر و حورمەت بوە کە چەند نوسەری کورد ، ئەویش خەڵکی کوٚمارەکە ، ویستویانە میٚژوەکەی لە بیر خوٚیان و خەڵکی تر ببەنەوە ؟ شتی وا چوٚن دەبیٚ ؟ راستییەکەی چییە؟

چیٚشتی مجیٚورەکە ، "کورتە میٚژووی مهاباد" ، چەند بەش یان بەندە کە دو بەندی بە تایبەتی باسی میٚژوی موکریانە و لە یەك سەرچاوە وەرگیراوە . بەندی ٣ (ل ٢٤ هەتا ١٨ی ماموٚستای کورد) "میٚژووی کوٚمەڵایەتی شارستانی مهاباد لە سەرەتاوە تا شەڕی جیهانی یەکەم" و بەندی ٤ (ل ١٨-١٧ی ماموٚستای کورد) "میٚژووی کوٚمەڵایەتی شارستانی مهاباد لە شەڕی جیهانی یەکەمەوە تا ئیٚستا" . ئەو دو بەندە بە کەمیٚك دەستتیٚوەردان و بە قرتاندنی پیٚنج پاراگراف لەو دو وتارە وەرگیراون :

"تاریخ اجتماعی شهرستان مهاباد (از آغاز تا جنگ بین‌الملل اول)" صفحه ١-١١
"تاریخ اجتماعی شهرستان مهاباد (از جنگ بین‌الملل اول تا کنون)" صفحه ١٢ - ١٣

ئەو دو وتارەش لە ئەو بڵاوکراوەیەی شارەوانی مهاباد دا چاپکراون :

مهاباد ، دیروز و امروز . شهرداری مهاباد . شهریور ١٣٥١ . [٣] + ٢٢ صفحه

دو وتارەکان نێوی نوسەریان لە سەر نەنوسراوە بەڵام وەرگێڕ ئاگای لەوە هەیە کە تەنیا وتاری هەوەڵ ("تاریخ اجتماعی . . . تا جنگ بین‌الملل اول") نوسراوەی ئەمیری حەسەن پورە و وتاری دووەم ("تاریخ اجتماعی . . . تا کنون")، س.ق.ج. نوسیویێتی. ئەو دو وتارە تێکڕا ١٣ لاپەڕەی پڕکردۆتەوە. لاپەڕەی ١٤ هەتا ٢٢ی بڵاوکراوەکە (مهاباد: دیروز وامروز) لە لایەن شارەوانی مهابادەوە نوسراوە و پێوەندی بە نوسەرانی ئەو دو وتارە یان بە مێژوی شارەکەوە نییە. هەروەها سێ لاپەڕەی تر کە بۆ ژمارەیە بۆ کاری شارەوانی تەرخان ـ کراوە. کە وابو من نوسەری مهابادی دوێنێ و ئەمڕۆ نیم و تەنیا وتارێکی ١١ لاپەڕەییم لەوێدا نوسیوە. هەروەها نەم دەتوانی باسی کۆماری کوردستان بکەم لەبەر ئەوەی کە کۆمار دوای شەڕی جیهانی دووەم دامەزرا.

ئەوانەی کە شارەزای باری سیاسی ڕێژیمی پاشایەتی گۆڕبەگۆڕکراوی پەهلەوی بن باش دەزانن کە ئەو زەمانی (بە تایبەتی لە ساڵانی ١٣٤٠ و ١٣٥٠) هیچ کەس نەیدەتوانی لە بڵاوکراوەیێکی ئاشکرادا باسی کۆماری کوردستان "وەك ئەستێرە بیێکی پڕشنگدار لە ئاسمانی مێژووی نەتەوەکەمان" بکا. یان دەبو بەنوسین باسی کۆمار نەکەی یان دەبو ریسوای بکەی. لەو ساڵانەدا تەنانەت ئەو کتێبانەی کە دوای تێکچونی کۆمار بە دەستوری حەمە ڕەزاشا لە دژی کۆمار نوسرابون (وەك "از مهاباد خونین تا کرانه‌های ارس") قەدەغە کرابون. لە دەزگای پڕۆپاگاندەی ئێراندا، لە ڕۆژی "٢١ آذر" (جەژنی ڕێژیمی پەهلەوی بەبۆنەی زاڵبونی بە سەر کۆماری ئازەربایجان و کوردستان دا) بە جنێودان و درۆ و دەلەسە باسی کۆماری ئازەربایجانیان دەکرد بەڵام قەت نێوی کۆماری کوردستانیان بەسەر زمانی دانەدەهات. س. ق. ج. "مێژووی کۆمەڵایەتیی شارستانی مهاباد لە شەڕی جیهانی یەکەمەوە تا ئێستا" ی لەو شەرت‌ومەرجەدا نوسیوە و ئەوەندەی پێکراوە کە نە باسی کۆمار بکا و نە جنێوی پێبدا.[عەینی ڕستەکەی کە سەید محەمەد کەمێکی دەست تێوەرداوە ئەوەیە: "وقایع شهریورماه ١٣٢٠ شمسی نیز ازاهم اتفاقات شهرستان مهاباد میباشد که ورود قوای‌دولتی در آذر ١٣٢٥ شمسی بفرماندهی سرتیپ همایونی مجدداً امنیت‌را دراین ناحیه برقرار میسازد"].

چۆنیەتی نوسرانی ئەو "مێژوی کۆمەڵایەتی" یە باسەکە کەمێك رونتر دەکاتەوە. لە بەهاری ١٣٥١ دا شارەوانی (شهردار) مهاباد دو نامەی بۆ نوسیم و دوایە خۆی هاتە لام داوای لێکردم کە کورتە مێژوییێکی مهاباد بۆ نەشریەی شارەوانی بنوسم. شارەوان خۆی ساباڵغی بو، کوردایەتی کردبو و لە دژی پاشایەتی پەهلەوی خەباتی کردبو. بە کورتی بیگێڕمەوە ئاوام پێکوت: "ناتوانم شتی‌وا بنوسم چونکە مێژوی موکریان لە قەدیمەوە تا ئێستا مێژوی خەباتی خەڵکە لە دژی پاشایەتی ئێران. . . ئەمنیش ئەگەر بینوسم ئەتۆ ناتوانی چاپی بکەی". بەڵام شارەوان دەستی هەڵنەگرت. منیش کوتم بەو شەرتە دەینوسم کە تاریخی کۆمەڵایەتی بێ نەك سیاسی و هەتا شەڕی جیهانی هەوەڵ بێ (پێش دەورەی پەهلەوی). ئەویش پەسندی کرد بەڵام کوتی کە لە کەسێکی تر (س.ق.ج.) داوا دەکا کە لە شەری هەوەڵ بەولاوە بنوسێ. منیش کوتم بەو شەرتە کە ئەو دو بەشە تەواو لێك جیاواز بن و تێکەڵ نەکرێن. ئەوەشی پەسند کرد. من بەشی خۆم لە ماوەی حەفتەییێکدا نوسی و بۆم نارد. ئیدی ئاگام لێ نەبو چی لێ هات. نزیکەی ساڵێك دوایە کاك حەسەنی قازی مهاباد: دیروز وامروز ی وەگیر کەوتبو و خۆی بۆی ناردم. هەر ئەو وەختی چۆنیەتی نوسینی ئەو کورتە مێژویەم بۆ ڕاگەیاند. [دوایە لە چەند خوێنەرم بیست کە سەرنجیان بۆ وە راکێشرابو کە ئەو دو بەشە لە شێوەی نوسین و ناوەڕۆك و شێوەی لێکدانەوەدا لێك جیاوازن. بەشی دووەم مێژوی "کۆمەڵایەتی" نیە و سیاسیە. دیارە بەشی هەوەڵیش ناکرێ بڵێین مێژوییێکی تەواو "کۆمەڵایەتی" یە. بەداخەوە هێشتا مێژوی کۆمەڵایەتی ـئابوری کوردستان یان هیچ کام لە ئەمارەتەکان نەنوسراوەتەوە].

بەڵام ئەو نوسراوەیە، چ ئەو بەشەی من نوسیومە چ ئەو بەشەی س. ق. ج. نوسیویێتی و سەید محەمەد کۆی کردۆتەوە، هیچیان کەلامی خولای نەبون کە نەکرێ دەستی تێوەربدەی یان بەیەکجاری وەلای بنێی. جارێ لە پێشدا سەید محەمەد نەدەبو چەند ساڵ دوای گۆڕبەگۆڕبونی پاشایەتی پەهلەوی دیسان ئەو نوسراوە چاپ بکاتەوە. سەرنوسەری مامۆستای کورد و وەرگێڕیش، کە لە دەرەوەی وڵات زیاتر لە سەید

محەمەد ئازادی روونکردنەوەی مێژووی راستەقینەی مهابادیان هەیە، نەدەبوو ئەو هەڵەیان دووپاتەکردباوە.
بەڵام هەڵەی هەرە گەورەی وەرگێڕ ئەوە نیە کە بەناڕەوا چەند کەس تاوانبار دەکا کە "بە بێزینگ بەری خۆرەتاو دەگرن". لەوە ناڕەواتر ئەوەیە خۆی لە باسی تاوانباری گەورە و تەنیا تاوانبار، رێژیمی حەمە رەزا شا دەبوێرێ و بە لای وەش دا ناڕوا کە ئەو رێژیمە بو بەهەمو توانای خۆی (بە "رکن ۲ ارتش". "ساواك"، "وزارت فرهنگ و هنر"، "وزارت اطلاعات"، رادویە و تلویزیۆن و رۆژنامە و گۆڤار و مەدرەسە و زانستگا و ...) حەوڵی دەدا کە یادی کۆمار، یادی ڕاپەڕینی جوتیاران لە ۱۹۵۲، یادی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ۱۹٦۸ — ۱۹٦۷ و یادی هەمو خەباتێکی تر لە بیر و مێشکی خەڵکی بسترێتەوە. بەو چەشنە، وەرگێڕ کە خۆی شارەزای ئەو لایەنانەی مەسەلەکە هەیە، بێ ئەوەی مەبەستی وابوبێ، پاکانە بۆ ئەو رێژیمە دەکا کە ئامانج و هیوا و بەرنامەی ئەوە بو بە بێزینگ بەری خۆرەتاوی کۆماری کوردستان بگرێ.

با وای دابنێیـن وەرگێڕ تەواوی ئەو شتانەی گێڕاوەتەوە و ئاگای لێ بوە ئێستە لە بیری چوبێتەوە. بەڵام چۆن دەکرێ ئەوەی لەبیر نەبێ کە سەید محەمەد زیاتر لە هەمو کەس بە وەرگێڕان و شتکۆکردنەوە و بڵاوکردنەوە بۆ ناساندنی کۆمار حەوڵی داوە؟ هەر ئەوەندە رێژیمی پاشایەتی روخا کتێبی <u>کۆماری کوردستانی ۱۹٤٦</u> ی ویلیام ئیگڵتنی وەرگێڕاوە سەر کوردی و فارسی، وێنەی چاپ نەکراوی لێ زیاد کرد، شتی لە سەر نوسی و چاپی کرد. دوایەش نامیلکەی <u>ژێ. کاف</u> <u>چـبو</u>؟... ی بڵاو کردەوە. لەگەڵ ئەوەشـدا کتێبـی ئیگڵتن بۆ تۆمارکردنی خەباتی گەلی کورد نەنوسراوە و سەید محەمەد لە لێکدانەوەو و لە سەرنوسینەکانی خۆیدا بە هەڵە چوە بەڵام تێکۆشانەکەی بەلانی کەمەوە ئەوە دەردەخا کە نایەوێ "بە بێزینگ بەری خۆرەتاو بـگـرێ."

مێژو و مێژونوسین، بۆ گەلی ژێردەست و رزگاریخوازی کورد، چەکێکی خەباتە. هەر بۆیە دوژمنانی گەلەکەمان ئەوەندەی وڵاتمان داگیردەکەن و دەیپوتێننەوە، ئەوەندەی زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگمان دەتوێننەوە، ئەوەندەش تاریخی خەباتی گەلەکەمان دەشارنەوە و دەیشێوێنن. کێ هەیە نەزانێ رەزاشای ملهوڕ کە وەکو ئەتاتورکیەکان وشەی "کورد" یشی قەدەغە کردبو، لە ترسی تەئسیـری مێژوی <u>کورد</u> <u>و</u> <u>کوردستان</u> ی محەمەد ئەمین زەکی (چاپی ۱۹۳۱ و ۱۹۳۷) حوکمی کرد کتێبی <u>کرد</u> <u>و</u> <u>پیوستگی</u> <u>نژادی</u> <u>و</u> <u>تاریخی</u> <u>او</u> (۱۹٤۰ — ۱۳۱۹) بنوسن؟ خۆ ماموستا زەکی باسی خەباتی گەلی کوردیشی نەکردبو و تەنیا حەوڵی دابو ئەوە بسەلمێنێ کە کورد نەتەوەیـێکی سەربەخۆیە و مێژوی خۆی هەیە و فارس و تورك و عەرەب نیە. پێم وایە پێویست نەبێ چیدی باسی شەڕی نێوان مێژونوسی کورد و مێژونوسی دژ بە کورد بکەم. ئەوەندە هەیە، تێکەڵکردنی بەرەی دۆست و دوژمن لە شەڕگەی مێژونوسین دا رەنگە سودی ئەم و ئەوی تێدا بێ بەڵام قازانجی گەلی کوردی تێدا نیـە.

دیسان ئارەزوی سەرکەوتن و پێشکەوتنتان دەکەم.

براتان ئەمیر حەسەن پور
۱۵ گوڵانی ۱۳٦۵

نووسەری گۆڤاری مامۆستای کورد کاک فەرهادی بەڕێز ،
سـڵاوێکی گـەرم .
پاش خوێندنەوەی گۆڤاری مامۆستای کورد ،ژمارە ٢، کە گۆڤارێکی زۆر رێک و پێکـە ، جێگای شانازییـە کە بەو کارە هەڵسـاون بۆ خزمەتکردنی ئەدەب و مێژووی زمانـی کوردی لە دەرەوەی وڵات کە ئێمە زۆر پێویستیمان بەوە هـەیـە کە مێژوو و هـونەر و ئەدەب و زمانی کوردی گەشـەی پێ بدەین.

جا لەبەر ئەوەی زۆر حەز دەکەم کە بەشداری لە گۆڤارەکەتان بکەم(*)هەرچەندە نرخی گۆڤارەکەتان نازانم بەڵام ئاگادارم بکەن بزانم نرخەکەی چەندە تاکو بۆتان رەوانە بکەم .ئەمەش لەگەڵ هۆنراوەیەکی خۆم بە ناوی(ئەی فەلەک) پێشکەش بە گۆڤارەکەتان دەکەم هیوادارم بە دڵتان بێت .

براتان : محەمـەد عـەلـی بەرواری
فارگـۆ ـ ئەمـریکـا
١٩٨٦/٧/٩

(*) بۆ کاک محەمەد عەلی بەرواری و هەموو ئەو برایانەی پرسیاریان لەبارەی نرخی کڕین یا بەشداری کردنی مامۆستای کوردەوە کردووە :

لەبەر ئەوەی مامۆستای کورد زۆر بە رێک و پێکی دەرناچێ و نازانین هەتا کەی بەردەوام دەبێ، ناتوانین بە شێوەی بەشداری کردن(ئابوونە) بینێرین، بەڵکو هەر ژمارەیەکی بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەفرۆشین. بە پارەی سوێدی نرخی دانەی (٣٠) کرۆنـە ، کە رەنگە بە پارەی پۆستـەوە بۆ وڵاتانی دەرەوەی سوێد بکاتە نێزیکەی ٥ یا ٦ دۆلاری ئەمریکایی. ئەو برایانەی لە رووی دڵسۆزییەوە دەیانەوێ یارمەتیمان بدەن و نرخی گۆڤارەکە بنێرن ، لە کاتێکا پڕ بە دڵ سپاسیان دەکەین، حەز دەکەین بە هەر شێوەیەک خۆیان بە باشی دەزانن،بینێرن.

(مامۆسـتای کورد)

---

بەڕێز سەرنووسەری گۆڤاری مامۆستای کورد ،
خۆ گورجکردنەوە و چاکی مەردایەتی لێ هەڵکردن بۆ بەشداربوون لە رەوتی رۆژنامەگەریی کوردیدا کارێکی وا هاسان نییە و کار و زەحمەتی زۆری دەوێ. جا ئێوە کە جارێ ساوای مامۆستای کوردتان لە لانک کردووە و رای دەژەنن دەبێ پتری پێوە خەریک بن تا پێ دەگرێ و بە زمانی دایک خۆ بە خوێنەران دەناسێنێ، بەو هیوایەی سەرکەوتوو بن لـەو بووارەدا .
ئەڵبەتە گۆڤارە کۆرپەکەتان هێندێ کەم و کورتیی هەیە کە بە پێی بیروڕای خۆم چاک کردنیان کارێکی هێندە گران نییە ،بەو هیوایەی لە دەرفەتێکی نزیکدا باری سەرنجی خۆمتان بۆ بنێرم .(* *)

هەڵـەمـووت
١٩٨٦/٨/٢٧

(**) کاکە هەڵـەمـووت : ئێمە خۆیشمان پێمان وایە گۆڤارەکەمان نەک هێندێ،بەڵکو گەلێ کەم و کورتیی تێدایە . چاک کردن و چارە کردنی تاتەواوی تەنیا بە رەخنەو پێشنیاز و کۆمەکی دۆستان دەبێت . خۆزگە هەرچی زووتر باری سەرنجی خۆت دەنارد .

# كە تۆ هێشتا لە خەم ناگەی.......

فەرهاد شاكەلی

شەوی ١٩٨٦/٤/١٨ شاعیری گەورەی كورد (سەیید محەمەد ئەمینی شێخولئیسلامی موكری)،لە شاری ورمێی كوردستانی ئێران،لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا كۆچی دوایی كرد.دەنگ و باسی مردنی هێمن هەر زوو، برووسكەئاسایی، بە هەموو كوردستاندا و لەناو كوردی دەرەوەی وڵاتیشدا ،لە ئەوروپا و ئەمریكا ،بڵاو بۆوە.خەم و خەفەتی رووناكبیران و ئەدەبدۆستان و خوێنەرانی شیعری هێمن بێسنوور بوو.لە زۆربەی شارەكانی ئەوروپا كۆڕی پرسەو یادكردنەوەی هێمن رێكخراو هەزاران كەس بەشداریيان تێدا كردن و رێزو دڵسۆزیو خۆشەویستیی خۆیان بۆ هێمن و بۆ وشەی سەربەرزو جەنگاوەرو مرۆڤدۆستی كوردی پیشان دا .

خەم و خەفەتی هەرەگەورەو یادكردنەوەی هەرەشكۆدار لە كوردستان،وڵاتەكەی هێمن و وڵاتی بیست و پێنج ملیۆن كورد ،بوو. دۆستێك لە ساباڵخەوە نامەیەكی بۆ نووسیبووم و بە درێژا باسی رێو شوێنی ناشتن و پرسەو رێزگرتنی هێمنی كردبوو.گەلی كورد بۆ رۆڵەی خۆشەویستی خۆی فرمێسكی زۆری هەڵڕشتووەو هێندەی توانیویەو بۆی لواوە رێزو وەفای خۆی نیشان داوە.لە زۆربەی شارەكانی كوردستان و تەنانەت لە ئێران خۆیشی پرسە دانراوەو خەڵكی بە شێوەیەكی یەكجار بێوێنە ئامادەی بوون.

لە ژیانی هێمنی شاعیرو نیشتمانپەروەردا ،وەك لە ژیانی زۆربەی شاعیران ونیشتمانپەروەراندا ،كۆمەڵێ قۆناخی جۆربەجۆر دەبیندرێن، هەر قۆناخەیش شێوەو سیما و رەگ و ریشەی تایبەتیی خۆی هەیەو هەر یەكەشیان بە جۆرێ كاری كردۆتە سەر هونەرەكەی هێمن. ئەمن كارم بەم دابەشكردن و شتانە نییەو بۆ ژینامەنووسان و مێژوونووسانی ئەدەبی بەجێ دەهێڵم.بەڵام كاتێ وەك خوێنەرێك بەرهەمەكانی هێمن دەخوێنمەوە دوو سەردەمی گرنگ لە ژیانیدا دەبینم، یەكیان ئەو چەند ساڵەی سەرهەڵدان و گەشەكردن و وەلووتكەگەیشتنەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی كورد لە كوردستانی رۆژهەڵاتەو دووەمیشیان ساڵانی ئاوارەیی و دەربەدەری و دوورەوڵاتییە.لە هەردوو بارەكەشدا هێمن شاعیرەو هەستی ناسكی مرۆڤێكی كوردپەروەری دڵداری مرۆڤدوست لە چوارچێوەی هەڵبەستەكانیدا دەردەبڕێ.( با لێرەدا ئەوەش بڵێم، ئەمن هەمیشە پێم وابووە كە لە گوێرەی ئەوەی كە هێمن شیعری زۆری نووسیون، شیعری زۆر جوان و چاك و سەركەوتووی كەمن.رەنگە لە نێو هەموو دیوانەكانیدا بتوانم بیست شیعرێكی بە چاك دابنێم.).

جیاوازییەك لە نێوان هەڵبەستەكانی سەردەمی یەكەم و دووەمدا ئەگەر هەبێ ئەوەیە لە یەكەمیاندا هێمن سەرگەرمی سیاسەتەو لەبەر ئەوەش هێندە بایەخ بە لایەنی هونەریی شیعرەكانی نادات . تەنانەت لەو قۆناخەدا ،دیسان هەر بە هۆی سیاسەتەوە ،هەستی مرۆڤانەی خۆی،هەستی دڵداریو جوانپەرستی دەشارێتەوەو نایەوێ رێك و رەوان بیدركێنێ. كەچی لە سەردەمی دووەمدا زیاتر بۆ ناوەوەی خۆی و بۆ جیهانی پڕ پێچوخەمی دەروونی خۆی شۆڕ دەبێتەوەو زۆرتر گوێ بەوە دەدا هەستی خۆی لە چوارچێوەیەكی هونەرمەندانەو بەرزدا جێ بكاتەوە. لێرەشدا ، گەلێ هەڵبەست هەن،كە دەبینی چراسوورەكەی سیاسەت شاعیری ناچار كردووە تۆزێ ئاگای لە خۆی بێت و "دەبێ" تۆزێ هێواشی بكاتەوە. ئەم

کێشەیە ،کێشەی سیاسەت و هونەر ،تەنیا کێشەی هێمن نەبووە .لە گەلێ جێگەو وڵاتی جیاجیاو لە فرە سەردەمی جیاوازیشدا هەر هەبووەو هەر هەیەو هەر دەشبێ.

پێنج- شەش ساڵێ لەمەوبەر لێکۆڵینەوەیەکم لەبارەی گۆرانی شاعیرەوە ،لە سێمینارێکدا ، لە زانستگەی ئوپسالا (سوێد) ،پێشکێش کرد .لەو لێکۆڵینەوەیەدا تۆزێ بە وردی باسی دوو کێشەو دوو ململانێم لە ژیان و بەرهەمی گۆراندا ،لە سەرەتای پەنجاکان بەدواوە ، کردبوو:

١- کێشەی نێوان گۆرانی کۆمیونیست و گۆرانی کوردپەروەر و ،

٢- کێشەی نێوان گۆرانی سیاسی و گۆرانی هونەرمەند (شاعیر).

کێشەی یەکەم لای هێمن نەبوو ،بەڵام کێشەی دووەم لە بەرهەمی دە- پانزە ساڵی دوایی ژیانی هێمندا لێرەو لەوێ دەردەکەوێ.بەڵکو لە هێندێ شیعری هێمندا ئەم ناکۆکییە بۆتە هۆی پەیدابوونی لاوازییەکی وا کە زیانی بە سەرجەمی کارە هونەرییەکە گەیاندووە .ئەوەش باجی هەڵەیەکە شاعیر ،هەر شاعیرێ،بە خۆتێوەگلاندن لەگەڵ کاروباری راستەوخۆی سیاسیدا دەبێ بیدات .(با لێرەدا شتێک روون بکەمەوە کە رەنگە گرنگ بێ بۆ ئەوەی کەس نان و پیاز بە قسەکانمەوە نەخوات : ئەمن کە دەڵێم سیاسەت مەبەستم کاری چالاکانەی سیاسییەو لەپێش هەموو شتێکیشا ئەندامێتیی پارتییەکی،یا گرۆیەکی،سیاسی.دەنا نووسین بۆ خۆی سیاسەت و هەڵوێست گرتنە ، بە تایبەتی بۆ گەلێکی چەوساوەی بندەستی وەکوو کورد ،هەر بەکوردی نووسین سیاسەتە).

کێشەی نێوان هێمنی سیاسی و هێمنی هونەرمەند لەم پێنج- شەش ساڵەی دواییدا لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر دەرکەوت و زۆرتریش ئازاری بە هێمن گەیاند. سیاسەت ئێشێکی زۆری گەیاندبووە دڵە ناسکەکەی شاعیرو فرەی رەنجاندبوو.

هاوینی ١٩٨٥،کە چوومەوە بۆ کوردستان،لە ورمێ یەکدوو جار چاوم بە مام هێمن کەوت .دواجار ئێوارەی ١٩٨٥/٧/٢٥ بوو لەگەڵ برای نووسەرم کاک فازڵ کەریم میوانیماڵی مام هێمن بووین. تا نیوەشەوێکی درەنگمان بە قسەوباس و دەمەتەقێ بردە سەر. ئەو جارە دەمەتەقێیەکی دوو سەعاتیم ،بە کاسێت ، لەگەڵ کردو لە پاشەڕۆژا ،کە کاتی خۆی هات ، بڵاوی دەکەمەوە .مام هێمن زۆر پیرو باردەڵەو گردەنشین دیاربوو. زۆر دڵ پڕ لە ناسۆرو برین دیاربوو.

زۆر بە داخەوە ،هاوڕێ سیاسییەکانی هێمن نەیانزانی،یا نەیانویست،دڵە ناسکەکەی وی رابگرن. لەوە نەگەیشتن،یا نەیانویست تێ بگەن، کە بەرامبەرەکەیان پیاوێکی سیاسی نییە کە وەڵامیان بە تاکتیک و مانۆڤرو ئەمسەرو ئەوسەرکردن بداتەوە ، بەڵکو شاعیرێکی دڵ و دەروون پاکی هەست ناسکە ،ئەوی هەیەتی و نییەتی وشەیە ،وشەی کوردی. نەیاندەزانی بەرامبەرەکەیان هونەرمەندێکە ئەگەر رێگەی بدەن چاکە دەکات ،چاکەی گەورەو نەمریش دەکات ، بەڵام لە هیچ هەل و مەرجێکدا خراپەی لە دەست نایەت و لێی ناوەشێتەوە .

کۆچی دوایی هێمن و ئەو هەموو رێزو دڵسۆزی و وەفایەی خەڵکی کوردستان،لە هەر جێگایەک بن،نوواندیان،ئەوەی پێشان دا کە گەل هونەرمەندو شاعیری خۆی خۆش دەوێ.

ئەمڕۆ هەموو کوردێکی هۆشیار چاک ئاگاداری ئەوەیە کە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد بە قۆناخێکی چەند دژوارو سەختدا تێدەپەڕێو گەیشتۆتە هەورازێکی(یا هەڵدێرێکی) چەند ترسناک و تۆقێنەر. پارچەپارچەبوون و شەڕی براکوژی و دووبەرەکی و سێبەرەکی و دەبەرەکیی ناو بزووتنەوەکە

تا رادەیەکی گورچووبڕ،تا ئەو ئەندازەیەی کــە دڵ و جەرگــی هــەموو کوردێکی نیشتمان ـ پەروەری پێ بێشێ و خۆشی و گەشکە بخاتە دڵ و دەروونی هەموو دوژمنانی کوردەوە، تا ئەو ئەندازەیەی کە ئیدی بێتام بووە، پەرەی سەندووەو تەشەنەی کردووە.

هەر بەشێکی کوردستان دەگری، پێنج و شەش و حەوت و هەشت پارتی و کۆمەڵ و گــــرۆو تاقمی سیاسیی تێدا دروست بووەو دروست دەبێ و هەمووشیان،هەر هەمووشیان، پێیان وایـە کە "پێویستییەکی مێژوویی" دروستی کردوون و هێناونیە کایەوە.ئەم پارتی و کۆمەڵ و هێزە زۆرو زەبەندانە،هەر هەموویان،ململانێ و کێشەی ئەوەیانە کە سەرکردایەتیی بزووتنەوەکـە بگرنە دەست و ببنە تاکە ڕێبەرو سەروەرو هەموو ئەوانی دیکە سەریان بۆ نەوی کەن و بدەنە دوویان و یان هەر بتوێنەوەو نەمێنن.بیرکردنەوەیێکی ئاوا،بۆ خەڵکێک لە سیاسەت بزانن، زۆر بە هاسانی دەخرێتەناو چوارچێوەیەکی تیۆریی جوان و ڕێک و پێکەوەو سەدان هۆو بەڵگەو لێکدانەوەو شیکردنەوەشی بۆ ساز دەکرێ.ئامانجێکی ئاوا،لە جیهانی سیاسەتدا،هیچ سەیرو سەمەرە نییە،بەڵکو زۆر ئاساییەو هەر دەبێ وابێ. سەیرو سەمەرە نییە ئەگەر ئەم کێشەو ململانێیە لەهەل و مەرجێکی دیموکراتیکداو بە شێوەیەکی ئاشتییانەو هۆشیارانە بکــرێ. سەیروسەمەرە نییە ئەگەر دادگەری ئەوەڵ و ئاخر گەل بێ و گەلیش بتوانێ هۆشیارانــــە و ئازادانە قسەی خۆی بکات.سەیروسەمەرە نییە ئەگەر شەڕی سەرکردایەتی لەسەر ئەوەبێ کێ باشتر خزمەتی گەل دەکات وکێ زۆرتری بۆ نەتەوەو نیشتمان پێیە.بەڵام،بەداخەوە،هەزار جـــار بەداخەوە،کە لە سیاسەتی کوردیدا کار ئاوها ناڕوات و شت بەم گەزو گرێیە ناپێورێ.

لە کوردستانی عێراق،لە ماوەی ئەم دە ساڵەی دواییدا،بەلای کــەمــەوە ١٥٠٠-٢٠٠٠ پێشمەرگەی کورد،ئیدی لە هەر لایەک بێت، بە دەستی پێشمەرگەی کورد،ئیدی لە هەر لایـەک بێت، کوژراوە/شەهید کراوە.(تەنیا باسی ئەم دە ساڵەی دوایی دەکەم،کارم بە ســاڵانـی پێش ١٩٧٠وە نییە،کە ئێستاکە ئەوە چۆتە خانەی میتۆلۆژیاو کلاسیکەوە). لە کوردستانی ئێران،لە ماوەی ئەم چوار- پێنج ساڵەی دواییدا، بەلای کەمەوە ٨٠٠-١٠٠٠ پێشمەرگەی کورد بە دەستی پێشمەرگەی کورد لەناوچوون. لە کوردستانی تورکیا لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨ و ١٩٨٠دا ڕێکخراوو پارتی و کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردستان هێندەیان لەیەک کوشت کە ئەگەر لە کافریان بکوشتایە،نەک دەستیان،بەڵکو دەست و سەرو گوێلاکی خۆیان و حەوت پشتیشـیان سەوز دەبوو(دینداڕەکان دەڵێن ئەوی کافرێ بکوژێ دەستی سەوز دەبێ !!).

لە ڕۆژنامەو بەڵاڤۆکی هێزە سیاسییەکاندا قسەی وا ناخۆش و جەرگبڕ، کە دژی یەکتری دەنووسن،دەخوێندرێتەوە،کە هەر کوردێک،ئەگەر تۆزکاڵێک دڵی بۆ نەتەوەو وڵاتەکەی خۆی بسووتێ،لەبەری گرانەو هیچ خاوەن ویژدانێکیش نایسەلمێنێ.ئەوی بشێ و نەشێ،ئــــەوی بگوترێ یا لە گوتن نەیەت بە سەر زارو بە نووکی پێنووس و خامەیاندا دێت و دەیڵێن و دەینووسن. ئەگەر لە دە بەشی ئەو قسانەی دەگوترێو دەنووسرێ،یەک بەشی(تاکە یەک بەشی) ڕاست بێ، دەبێ بڵێین لە هەموو کوردستاندا هێزێکی پاک و نیشتمانپەروەر نییەو دەست ناکەوێ.دەبێ سێژین ئاوێ بێنەو دەستان بشۆ.چونکە تاکە هێزێک لە کوردستاندا نییـــــە پڕیشکی توانج و پلارو جنێوو ناوزڕاندنی لایەنێکی دیکەی بەرنەکەوتبێ.

ئەم شەڕی براکوژی و دووبەرەکی و چەندبەرەکییەی نێو بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد ئەنجامگەلێکی تاڵ و خوێنین و تراژیدیی وای لێ پەیدا بوون کە،ئـەگــــەر هۆشیارانە لێیان ورد ببینەوەو بیریان لێ بکەینەوە،تێدەگەین کە هەر هەموو گەلی کوردو بزووتنەوە رزگاریخوازەکەیو هەموو نیشتمانە داگیرکراوەکەی گەیشتۆتە بەردەم دووڕێیانێکی یەکجار سەیرو تەلیسماوی و ترسناک، دووڕێیانێک کە ئیدی بەبەریەوە نەماوەو دەبــــێ

هەرچی زووە بڕیار بدەین و بڕیاری راستیش بدەیـن :
ـ یان دەبێ ئەقڵ و ئاوەزو ژیری و هۆشیاری و هەستی ژیانویستی و کوردویستی و مرۆڤویستیمان بخەینە کارو رێگای مانەوەو رزگاری و سەربەرزی هەڵبژێرین ،

ـ یانیش ئەوەتا ئەم وازیی رۆلێتی رووسییە ( Russian roulette ) ببەینە سەر (ئەگەرچی ئەمەشمان وەک هی خەڵک نییە ،چونکە تۆپی دەمانچەکەی ئێمە پڕاوپڕی فیشەکە )و بە جارێ خۆمان و ناومان و ناونیشانمان بکەینە تۆوی دەمـ با و گەپجاڕێکی وا بۆ مێژوو بە جێ بهێڵین، کە هەر شایانی ئەوە بێ پێی بگوترێ گەپجاڕی کـــوردی.

دەرمانی نهێنیی ئەم دەردە ،کلیلی ئەفسوونبازی ئەم تەلیسمە ، جادووی سەروبنکەری ئەم رۆژگارە (رەشە )،فریشتەی مزگێنیهێنەری دوارۆژی خۆش و باش هەر یەکگرتنەو یەکگرتنەو یەکگرتن ....ئەمەش ئیدی هێندە روون و ئاشکرایە کە ئەورۆکە گەورەو بچووکی کورد باسی دەکەن.دەمی هەرکێ بکەیتەوەو هەرکێیەک بدوێنی هەر پێت دەڵێ بەبێ یەکگرتن هیچ بە هیچ ناکەین.تەنانەت ، بە داخەوە ، وای لێ هاتووە خەڵکی درۆزن و تەڵەکەباز دووڕووش،بـۆ خۆتاردنەوەو ناوزڕاندنی ئەم نیازە پاکەی یەکگرتن،باسی یەکێتی و یەکگرتن دەکەن.
(ئەوەشمان دەبێ لەلا ئاشکرا بێ کە مەبەستمان لە یەکێتی و یەکگرتن ئەوە نییە هەموو کورد ،یا هەموو خەباتکارانی کورد لە یەک رێکخراوی سیاسیدا ،لەیەک پارتیدا کار بکەن، چونکە ئەمە دژی هەموو قانوونەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە . تەنیا لە هەل و مەرجـی دیکتاتۆریدا و لە سیستەمێکی دیکتاتۆریدا دەکرێ هەموو خەڵکی بەزۆری زۆرداری بئاخێنرێنە چوارچێوەی یەک پارتی).

ئەم خواست و نیازو ئاواتی یەکگرتنە دروشمی گەلێ کوردی هۆشیار و سەربەخـــــۆو نیشتمانپەروەرە ،دروشمی خەڵکێکی زۆرە کە ،مخابن، پەراکەندەو بێهێزو بێدەسەڵات و یەکنەگرتوون و هەر لەبەر ئەوەش، ئەم خەڵکە ناتوانن ئەم خواستە رەوایە جێبەجێ بکەن. ئەوی دەتوانێ یەکگرتن لە دروشم و خواستێکی رووتەوە بکاتە راستییەکی هەستپێکراو و بەرچاو سەرکردەو سیاسەتمەدارانی کوردن. ئەوان دەتوانن لە ماوەیێکی کورتدا ئەندامانی رێکخراوەکانی خۆیان و پێشمەرگەکانیان و خەڵکە زۆرو زەبەندەکەی کورد بۆ یەکگرتن و برایەتی و ئاشتی هان بدەن. ئەوان دەتوانن شەڕەقســەو شـەڕەتفەنگ راگرن و ئاوێ بکەن بە ئاگری ناڕەوای ئەو شـــەڕەدا .ئەوان دەتوانن هومێدو هیوا بخەنەوە دڵی هەزاران لاوی کوردپەروەرو رووناکبیری دەربەدەرو خەڵکی دانیشتووی وەڕەز. ئەوان دەتوانن بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد بکەنە هێزێکی ئەوتۆ کە دۆست و دوژمن حسێبی بۆ بکات . بەڵـــێ ئەوان،ئەگەر بیانەوێ ، دەتوانـــن!!! .

سەرکردەو سیاسەتمەدارانی کورد ئەگەر بیانەوێ یەکگرتن بە دی بێنن،دەبێ، بەلای کەمـــەوە :

* بەڕاستی ئازادو ســەربەخۆو خاوەنی راستەقینەی بڕیارو قســـەو گفتـی خۆیان بـــن،

* بەڕاستی بەرژەوەندی نەتەوەو نیشتمانەکەیان لەسەرووی هەموو بەرژەوەندێکی دیکەوە ،چ هی تاکەکەسیی خۆیان و چ هی رێکخراوەکانیان، دابنێـن،

* بەڕاستیبڕوایان بە دیموکراسی هەبێت و دژی هەموو جـۆرە خۆسەپاندن و زۆرەملێیەک بـن.

ئەوڕۆکە لە هەموو کوردستاندا کۆمەڵێ پارتی و ڕێکخراوو گرۆو تاقم هەن، هەر یەکەشیان بەشی خۆی ئەندام و پاڵێوراوو (پێشمەرگەو) لایەنگرو دۆستیان هەیە. (لێرەدا تەنێ باسی ڕێکخراوە نیشتمانپەروەرەکانی بەرەی گەل دەکەم،دەنا چەند تاقمیش هەن کە بە دەستی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان دروستکراون، جێگەی ئەوانە روون و ئاشکرایە). ئەم ڕێکخراوانەی نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد لەلایەن چەند برایەکەوە بەڕێوە دەبرێن کە،بێگومان، دەستەڵات و هێزێکی زۆری بڕیاردان و گۆڕینیان لەنێو ڕێکخراوەکانی خۆیاندا هەیە. لەبەرئەوەی شەڕی چەکداری سیمای هەرە گرنگی خەباتی کوردایەتی لە، بەلای کەمەوە، دوو بەشی کوردستاندایەو بەهۆی هەل و مەرج و پاشخانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستانەوە، هێندێ لەم ڕێکخراوانە لە هێندێکی دیکە زیاتر پێشکەوتوون و بەهێزترو دەستەڵاتدارترن. ڕێکخراوە گەورەو بەهێزەکانی کوردستان دەتوانن، بە چاک و خراپ، کاربکەنە سەر ڕێکخراوەکانی دیکەو بەو پێیەش سەرجەمی بزووتنەوەی کوردایەتی. ئالێرەوە دەمەوێ بۆ کرۆکی باسەکە بچم.

نێزیکترین ڕێگایەک، وەکوو هەنگاوی یەکەم، کە بتوانێ یەکێتیی ڕیزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد دەستەبەر بکات و شەڕە قسەو نووسین و شەڕەتفەنگی براکوژی رابگرێ ئەوەیە کە برایان کاک مەسعوودی بارزانی، مام جەلالی تاڵەبانی و دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو (ناوەکانیان/نازناوەکانیان بەگوێرەی سیستەمی ئەلف و بێ بەوجۆرە ڕێکخراوەو هیچ هۆیەکی دیکە لەبەرچاو نەگیراوە) پێکەوە دابنیشن و بتوانن گوێ بۆ یەکدی رادێرن و ڕێک بکەون.

پێک گەیشتن و لەیەکدی گەیشتنی ئەم سێ برایە دەتوانێ ڕێگە بۆ ڕێککەوتنێکی گەورەتر، هەنگاوی دووەم، خۆش بکات؛ ڕێککەوتنێکی وەها کە بەشی هەرەگەورەی ئەرکی یەکگرتن و یەکخستنی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد وە ئەستۆ بگرێ. لە ڕێککەوتنێکی ئاوادا، بێجگە لەو سێ برایە، دەبێ برایان: ع. ئاپۆ، کەمال بورکای، ن. سالار، سامی عەبدولڕەحمان، ڕەسووڵ مامەند، عەزیز محەمەد، ئازاد مستەفا،عەبدوڵڵای موهتەدی (ناوەکانیان بە گوێرەی ئەلف و بێ ڕێک خراوە) بەشداری بکەن.

ئەم برایانە لەماوەی چەند ساڵی پێشوودا گەلێ جاریش دوو- دوو و سێ- سێ و ڕەنگە زیاتریش ڕێک کەوتوون و دانیشتوون، گەلێ جاریش هەموو ڕێککەوتنێکیان هەڵوەشاندۆتەوە و دەستیان چۆتە خوێنی یەک. بەڵام ڕێککەوتنی هەر هەموویان بە جارێ دەتوانێ ببێتە سەرەتایەکی دڵخۆشکەر و موژدەدەر.

راستییەکی گرنگ لەم باسەدا هەیە کە دەبێ ئێمەمانان، ئەو خەڵکە نیشتمانپەروەرە سەربەخۆیانەی ئەندامی هیچ پارتی و کۆمەڵ و ڕێکخراوێک نین، باشی تێ بگەین. برایانی سەرکردەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەروا لە خۆیانەوە سووک و ئاسان ڕێک ناکەون. تەنانەت هەڕەشەو دڕندەیی دوژمنان و داگیرکەران و ترکزە (خەتەر)ی لەناوچوونی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردیش نەیتوانیوە یەکیان بخات. دەبێ ئەو خواست و نیازو ئاواتەی یەکگرتن کە لای زۆربەی خەڵکی کورد هەیە بکرێتە هێزو داخوازێکی هێندە گەورەو ڕێک و پێک و بەربڵاو بەردەوام کە ئەوان تێ بگەن یەکنەگرتنیان دەبێتە هۆی وەتاککەوتنەوەو دابڕانیان لە گەل و لە مەسەلە ڕەواکەی. دەبێ داوایان لێ بکرێ، ئامۆژگاری بکرێن، تکایان لێ بکرێ، فشاریان بخرێتە سەر تا ئەو دەمەی هەموو بیری یەکگرتن و هاوکاری و هاوخەباتی دەپەژێرن و دەیکەنە گرنگترین ئەرکی خەباتی ئەمڕۆیان.

بێهومێدی و ڕەشبینی لای هێندێ کەس گەیشتۆتە رادەیەک دەڵێن تەنانەت ڕێککەوتنی ئەو دە ـ دوانزدە برایەش هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. من ناڵێم هەر بە پێکەوە دانیشتنی ئەو برایانە ئیدی کوردستان رزگار دەبێ و ئاڵاکە هەڵدەکەین. بەڵام یەکگرتنی ئەوان دەبێتە هۆی یەکگرتن و کۆبوونەوەی هەزاران توانست و وزەو ئاوەز و هۆش و ئەقڵ و لێوەشاوەیی و لێهاتوویی و دڵسۆزی و بەهرە کە ئەمڕۆ نەک تەنیا پەڕاکەندە و بێ شیرازەو یەکنەگرتوون، بەڵکو گەلێ جاریش رووبەرووی یەکدی وەستاون و دژی یەک بەکار دەبرێن. یەکگرتنی ئەوان دەبێتە هۆی یەکخستن و کۆبوونەوەی شێزیکەی ٢٥ـ ٣٠ هەزار پێشمەرگەی جەنگاوەری لەخۆبوردووی کورد. دە ئەوجا ئەوە لە بەرچاو بگرە ئەو هەمووە چەکدارەو ئەو هەمووە هێزو وزەو زانست و ژیری و بەهرەیە بە شێوەیەکی دیموکراتیک و ئازادانە و هۆشیارانە یەک بگرن و سەرکردایەتییەکی دڵسۆزو یەکگرتوو و لێهاتووی هەڵبژاردەیان هەبێ، دەبێ چ بوومەلەرزەیەک پێک بهێنن و چۆن ئەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی کە، بۆتە دۆزەخ و زیندانی کوردو گەلانی دیکەش، دەهەژێنن و سەردەمێکی نوێ لە مێژووی سیاسیی ناوچەکەدا دەست پێ دەکات.

ڕووناکبیرانی کورد لە دەرەوەی وڵات، ئەمڕۆ، بەشی خۆیان هەن و کەمیش نین. هەر وڵاتێکی ئەوروپا ،رۆژهەڵات و رۆژاوا ،دەگری کۆمەڵێ خوێندەواری کوردی هەڵکەوتووی دڵسۆزی لێ دەژین. لە نێو ئەمانەدا شاعیرو نووسەرو هونەرمەندو لێکۆڵەرەوەو مێژووزان و رۆژنامەگەرو زمانزان و گەلێ خاوەن بەهرەی دیکەش هەن. ئەمانە، بێگومان، کۆمەڵێکی یەکچەشن و هۆمۆگێنوس و لەیەکچوو نین، بەڵکوو خەڵکی فرەبابەت و جۆربەجۆرن.

ئەگەر لە رووی سیاسییەوە چاویان لێ بکەین، دیسانیش مەبەستم پارتایەتییە نەک سیاسەت بە گشتی، بەشێکی ئەم ڕووناکبیرانە خۆیان لەسەر ئەم پارتی یا ئەو گرۆ ساخ کردۆتەوەو لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەو پارتی و گرۆیەی خۆیاندا کوردایەتی دەکەن، وەلێ ئەوی زۆر ئاشکرایەو هەرکەس پێی دەزانێ ئەوەیە ئەمانە بەشێکی زۆر کەمن.بەشی هەرە گەورەی ڕووناکبیرانی کوردی دەرەوەی وڵات خەڵکانێکن دڵسۆزی نەتەوەو نیشتمانی خۆیانن، کوردایەتییەکی بێسنوور دەکەن و خۆیان بە ڕێکخراوێکی تایبەتییەوە نەبەستۆتەوە، پێیان خۆشە لە دەرەوەی وڵات مەسەلەی سیاسی و فەرهەنگیی نەتەوەکەیان، تا ئەو ئەندازەیەی لە توانستیاندا هەبێ و یارا بن،بۆ پێشەوە ببەن و دۆستی بۆ پەیدا بکەن، چاوی هومێدیان بڕیوەتە هێزە شۆڕشگێڕ و خەباتکارەکانی کوردستان و دەست و مەچەکی پێشمەرگە قارەمان و کۆڵنەدەرەکانی سەنگەری کوردایەتی،لە دڵەوە هەل و مەرجی پارچە پارچەیی‌و دووبەرەکی و دەبەرەکی و پەرت و بڵاویی هێزە سیاسییەکانی کوردستانیان پێ ناخۆشەو زۆریشی لەبەر نیگەرانن، لە دڵەوە حەز بە یەکگرتنی ئەو هێزانە دەکەن و پێیان خۆشە بە کردەوە، بە راگۆڕینەوە ،بە نووسین، بە قسە (وذلک أضعف الأیمان) ،بتوانن لە گۆڕینی ئەو بارە جەرگبڕەدا بەشدارییەک بکەن.

من کە ئەمە دەڵێم هەرگیز مەبەستم ئەوە نییە ،خودا نەخواستە ،ڕووناکبیرانی نێو وڵات وا بیر ناکەنەوە ،بەڵام هەل و مەرجی ئێرەو ئەوێ، کە دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە لە سێ خانەی جیاوازدا دەستنیشان بکرێ، زۆر جیاوازە :

* ڕووناکبیرانی کوردستانی داگیرکراوو ئەوانەی ناوچە رزگارکراوەکانیش لەبەر گەلێ هۆی سیاسی و تاکتیکی...هتد دەرفەتی ئەوەیان نییە بە شێوەیێکی ئاشکراو یەکگرتوو

بیروڕای خۆیان دەربڕن.

* ئەو رووناکبیرە کوردانەی لە وڵاتانی سۆسیالیستیش دەژین، بە هۆی سانسۆرو سیستێمی سیاسیی ئەو وڵاتانەوە، ئازادیی ئەوەیان نییە کە بتوانن بە کردەوە بیرو ڕای خۆیان دەربڕن و کوردایەتییەکی سەربەست بکەن، چونکە: ناتوانن خۆپێشاندان و سێمینار رێک بخەن، ناتوانن گۆڤارو رۆژنامەی خۆیان دەربکەن، ناتوانن لە رۆژنامەکانی ئەو وڵاتانەداو بە زمانی ئەو وڵاتانە بنووسن و بڵاو بکەنەوە.

* لەنێو هەمووانەدا تەنیا رووناکبیرانی کوردی دانیشتووی ئەورووپای رۆژاوا، ئەمریکای سەروو، ئۆسترالیا (و ژاپۆن و هیندستان ـ ئەگەر هەبن) دەرفەت و سەربەستیی ئەوەیان هەیە پەل و پۆ بهاوێژن و خۆیان رێک بخەن و دەنگی خۆیان بگەیێننە هەموو لایەک.

هەموو رووناکبیرانی کوردستان، چ هی نێو وڵات و چ هی دەرەوەی وڵات، دەتوانن(و دەبێ) لە دەرفەت و توانست و هەل و مەرجی گرۆی سێهەم سوود وەربگرن و بە شێوەیەکی راست و هۆشیارانە و دڵسۆزانە بە کاری بێنن.

رووناکبیریکی کورد،ئەمڕۆ،ئەگەر بە وردی بیر لە نەتەوەو نیشتمانەکەی خۆی بکاتەوە، بیر لە دواکەوتن و بندەستیی گەلەکەی و پێشکەوتنی زۆر خێراو ئازادیی گەلانی دیکە بکاتەوە، هەر زوو دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەرکی سەرشانی زۆر و گرانن. دەست بۆ هەر لایەنێکی ژیانی نەتەوەی کورد دەبەی دەبینی ئێمە بە دەیان و سەدان ساڵ لە دوای خەڵکی دیکەوەین. کە بیر لە رەوتی جیهان و پێشکەوتنی گەلان دەکەیتەوە،تێ دەگەی شەمەنەفەر (ترێن، قەتار) ی مێژوو گەلێ جار بەجێی هێشتووین، تێ دەگەی ئەگەر هەلی مێژوو تاکە جارێ لە دەرگای نەتەوەی دیکەی دابێ، دوو جارو سێ جار لە دەرگای نەتەوەی کوردی داوە، کەچی ئێمە نەماننا سیوەو دەرگامان بۆ نەکردۆتەوە.

ئەم هەل و مەرجە تایبەتە،ئەم بارو دۆخە ریزپەڕ (إستثناء )ـەی نەتەوەی کورد کارێکی وای کردووە کە ئەرکی رووناکبیری کورد(و هەموو کوردێکی هۆشیار و دڵسۆز) وەکو هی کوڕانی نەتەوەیەکی دیکە نەبێ.(مەبەستم ئەوە نییە ئێمە شتێکی دەگمەن و نموونەین و لە ئێمە چارەڕەش و بەدبەختتر لە گێتیدا نییە، رەنگە ئەرکی رووناکبیرێکی خەڵکی ئەریتیریا ـ هەر بۆ نموونە ـ لە هی ئێمە دژوارتر بێ). دیسان هەر ئەم هەل و مەرجە تایبەتەو ئەم سیماو ناوەڕۆکە تایبەت و ریزپەڕەی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد بۆتە هۆی ئەوەی شێوەو رادەی بەشداربوونی رووناکبیرانی کورد تێیدا، لە بزووتنەوەکەدا، سروشتی تایبەتی خۆی هەبێ.

من نامەوێ لێرەدا دەرگای لێدوانێکی دوورو درێژو فرەلایەنە،کە دەرفەت و بوارێکی زۆر فراوانی پێویستە،بکەمەوە،بەڵکو دەمەوێ بە کورتی لەو باسانە بدوێم کە ئەمڕۆ بۆ رووناکبیرانی کورد لە هەر شتێکی دی پێویستترن و خۆ لێدزینەوەو پشتگوێخستنیان هیچ دادێک نادەن و هەنگاوو هەڵوێستی هەرە راست و لۆگیکی ئەوەیە،بە بێ ترس لێیان بکۆڵینەوەو یەکالایان بکەینەوە.

*** لە هەل و مەرجی ئەمڕۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورددا،کە پێم وایە زۆربەمان دەزانین چۆنە، ئەرکێکی هەرە گرینگی رووناکبیرانی دڵسۆز و کوردپەروەر، بە تایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی پارتی و گرۆ سیاسیەکاندان،ئەوەیە بە هیچ جۆرێ نەبنە

بەشێک لە واقیعی تاڵی پارچە پارچەیی و دووبەرەکی و پەرتبوونی بزووتنەوەکە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەبێ بە هەموو جۆرێ دە گژ ئەو واقیعە سەپێنراوەدا بچن و بە گیانی لێپرسراوییەوە رۆڵی رێنوێن و یەکخەر ببینن. دروستکردنی رووناکبیری ئاوا بە ئامۆژگاریو پەنددادان و راسپاردن نابێ، ئەمە پێوەندیی بەو هێزە دینامیکییەوە هەیە کە لە دەروونی هەر یەکێکماندایە، ئەمە جێپەنجەی ئەو ئەستێرە ورشەدارە تیشکهاوێژەیە کە لە مێشکی هەر مرۆڤێکدایەو بە کوژانەوەی ئەو مێشک و دڵ و گیانی مرۆڤ دەکوژێتەوە،گەرچی بە ناو زیندووش بێت. بەڵام یەکخستن و خستنەگەڕی ئەم رووناکبیرانە دەکرێ هۆشیارانە ئەنجام بدرێ.ئێستا ئیدی تەنیا ئەوە بەش ناکا کە خەفەت بۆ باری نالەباری کوردستان بخۆین و بکڕووزێینەوە، بەڵکە لەوە زیاتر دەبێ بیر لەوە بکەینەوە چۆن بتوانین کار بکەینە سەر رەوشەکەو بە نیازی گۆڕینی هەنگاو هەڵێنین. دەبێ بیر لەوە بکەینەوە رێگای نێزیک کامەیەو دەبێ لە کوێوە دەست پێ بکەین.

لەم بارەیەوە،بێگومان، دیتن و بیرکرنەوە،بە دوویشیا چارەسەر،ی جودا و جۆربەجۆر هەن. من نامەوێ لەم بووارەدا بە پێشنیازێکی چوارگۆشەی سفتی ئارایشتکراوەوە بێمە پێشەوەو بەوەش دەرگەی هەڵبژاردن و تاوو تووکردن دابخەم، بەڵام ئەگەر بە نیازی پتر روونکردنەوە هێندێ ئەزموونی خۆم بخەمە پێش چاو،پێم وا نییە بێسوود بێت.

ئێمە ئەگەر وای دابنێین سەرکردایەتیی هێزە سیاسیەکانی کوردستان فاکتۆرێک بن لەو فاکتۆرانەی کار دەکەنە سەر گۆڕین و بزواندنی هەل و مەرجی بزووتنەوەی کوردایەتی، باوەڕ ناکەم کەسیش ئەمە بە ناڕاست بزانێ، کەواتە دەبێ تێگەیشتنی جۆری بیرکردنەوەو بۆچوونی ئەمان و پاشانیش هەوڵدانی بەیەکگەیاندنی ئەم جۆری بیرکردنەوانەو لەیەک نێزیکخستنەوەیان و کارتێکردنیان یەک لەو رێگەیانە بێت کە رووناکبیرانی کورد بیگرنە بەر.

لە ماوەی ئەم یەک ـ دوو ساڵەی رابوردوودا،خۆشبەختانە، وا رێک کەوت کە چاوم بە گەلێ لە سەرکردە سیاسیەکانی کورد بکەوێ و پێکەوە دەمەتەقێی فراوان و گشتلایەنە بکەین، ئەگەرچی پێشتریش لەگەڵ هەندێ لەو برایانەدا ناسیاویمان هەبوو،بەڵام جۆری گفت و گۆو باسەتی لێدوانی ئەم جارە بە جۆرێکی واو لە هەل و مەرجێکی وادا بوو کە ئەنجامگیرییەکەی، بۆ من، زۆر روونترو زۆریش سوودبەخشتر بوو. هاوینی پار چاوم بە برایان کاک دوکتۆر مەحموود عوسمان، کاک ئیدریس بارزانی، کاک سامی عەبدولڕەحمان، کاک ئازاد مستەفا و هێندێ برای دیکەش کەوت..... پاشانیش لە جێگەو رێگەی جیاوازدا چاوم بە برایان کاک عەزیز محەمەد و کاک دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو کەوت.

پێوەندی و بینینی ئەم برایانە،بۆ من، لە دوو رووەوە گرنگ بوو: (١) ناسین و ئاشنابوون لەگەڵ هێڵ و جۆری بیرکردنەوەیان کە،بمانەوێ و نەمانەوێ،راستەوخۆ کاریش دەکاتە سەر ئەو هێزو رێکخراوانەی تێیاندا سەرکردەن.( کاک دوکتۆر مەحموود ئێستاکە کاری سیاسی ناکات)، (٢) پەی بردن بەو راستییەی کە گفت و گۆو بیروڕا گۆڕینەوە لە تەک ئەو برایانەدا ئەنجامی دڵخۆشکەری لێوە زەنە دەکات و هەر هەموویان کەسانێکن، چ وەکوو تاکە کەس و چ بە هۆی ئەو ئەرک و بەرپرسیارییەوە کە لەسەرشانیانە، بەهرەی گوێڕادێرانیان هەیە، کەبەداخەوە، کەمجار وا هەڵدەکەوێ سیاسەتمەدارێکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەم بەهرەیەی پێ بەخشرابێ.

دیارە لەپاڵ ئەوەدا کە دەبێ پردی گفت و گۆو راگۆڕینەوە لەگەڵ برایانی سەرکردەی هەموو هێزە سیاسییەکانی هەموو پارچەکانی کوردستاندا دابمەزرێنین ، ئەوەشمان نابێ لە یاد بچێ کە ئەرکێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە رووبکەینە خەڵکی کوردستان، و هەوڵ بدەین بە هەموو جۆرێ دەنگیان پێ بگەیێنین، بۆ ئامادەکردنی زەوینەی لەبار بۆ گەشەکردنی بیروباوەڕی هاوخەباتی و هاوچارەنووسیی نەتەوەو نیشتمانی کورد.

*** فەرهەنگی کورد ، لە هەل و مەرجی دابەشبوونی کوردستان و بندەستیی نەتەوەی کورددا ، فاکتۆرێکی یەکجار گرنگی پێکەوە بەستنی شیرازەی یەکبوون و دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیایەتیمانە. ئەم فەرهەنگە، سەرەڕای هەموو زۆرلێکردن و قەدەخەکردن و سانسۆرو هەوڵی تواندنەوەو لەڕەگەوە دەرهێنانی،سەرەڕای هەموو پلانی دوژمنانە بۆ پووچەڵ و ساختەکردنی و قالاکردنی شێوەڕۆکی کوردانەو مرۆڤانەی لە هەر پێنج پارچەکەی کوردستاندا ، دیسانیش سەربەرزانە نموونەی فەرهەنگی بەرهەڵستی و شۆڕشگێڕو مرۆڤدۆست و ئازادیخواز بووەو بە وێنەی زرێیەکی سفت و سۆڵی زێڕین لە بالای هەستی نەتەوایەتی و ئازادیخوازیمان ئالاوە.

کەس گومانی لەوە نییە کە رۆژنامەگەری، یا هەر چاپەمەنی بە گشتی، رۆڵێکی گرنگو کاریگەرو بەرچاوی لە ژیانی فەرهەنگیدا هەیە. بەڵام مەرجێکی هەرە بنەڕەتی بۆ ئەوەی ئەم کارتێکردنە بۆ پێشخستن و گەشەپێدان و رووناککردنەوە بێت ، ئەوەیە کە رۆژنامەو گۆڤارەکان ئازادو سەربەخۆو دیموکرات بن، بوێرن هەموو دەرگاو پەنجەرەکان بکەنەوە، ببنە سەکۆو پلاتفۆرم و تریبیۆنی هەموو رەنگە پێنووسێک و هەموو جۆرە بیروباوەڕێک ، رەنگدانەوەی دنیای سەرشارو پڕ لە ژاوەژاوی ئەمڕۆمان، بە هەموو ناکۆکیو تازەکردنەوەو بیروباوەڕێکیەوە بن، دژی سانسۆر- هەموو جۆرە سانسورێک - بن و مزگێنیهێنەرو رێگەخۆشکەری فەرهەنگێک بن کە تێیدا مرۆڤی کورد/خوێنەری کورد بتوانێ لە ئەوپەڕی سەربەستیدا بیرکردنەوەی خۆی/جۆری بیرکردنەوەی خۆی/باوەڕی خۆی/بێباوەڕیی خۆی/ دوودڵی و گومانی خۆی هەڵبژێرێ و بڕیار بدات.

(ooo) ئێمە داوا لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی ناو وڵات ناکەین کە لەم پرۆسەیەدا رچەشکێن بن. دەزگاکانی دەوڵەتانی داگیرکەرو سانسۆری وان رەوشێکی وایان دروست کردووە کە دەرفەت و بوواریان بۆ نووسەرو رووناکبیری کورد نەهێشتۆتەوە ،لەگەڵ ئەوەشدا جێگەی ئانازی و سەربەرزییە کە زۆربەی نووسەرو رووناکبیرانی کورد خۆیان نەدۆڕاندووەو خامەو پێنووسی دەستی خۆیان نەفرۆشتۆتە زۆردارو داگیرکەر، بەڵکە لەناو ئەو هەزاران داوە وردەشدا کە بۆیان تەنراوە، کوردایەتیی خۆیان هەر دەکەن.

(ooo) ئێمە دەبێ چاوەڕوانی ئەوەش نەبین ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی ئۆرگانی رەسمیی پارتی و هێزە سیاسییەکانن، (زیادە)ئەرکێکی دیکەش، کە لە ئەرکی بنەڕەتیی خۆیان جیاوازە ، بگرنە ئەستۆ. دەبێ هەر ئەوەندەیان لێ هومێد بکەین کە وەکوو ئۆرگانی سیاسی زیاتر چاوەدێریی بنەماکانی دیموکراسی و سینگفراوانی بکەن و رووگەی بەر و دوایان کوردایەتی و مەسەلەی رەوای کورد بێت.

(ooo) بەڵام دەبێ سوور بین لەسەر ئەوەی رۆژنامەو گۆڤارە فەرهەنگییەکانی دەرەوەی وڵات ، سا ئیدی لەلایەن دەزگاکانی فەرهەنگی کوردی یا تاکە کەسەوە پەخش بکرێن، ببنە پەیامهەڵگری ئازادی و دیموکراسی و سەربەخۆیی،ببنە رچەشکێنی

فەرهەنگێکی ئازادەبیری کوردانە، ببنە سەرەتای خوێندنگەیەکی نوێی هەراوی گشتلایەنەی پتەو لە فەرهەنگی کوردیدا، خوێندنگەیەکی وا کە هەموو لایەک، دەزگاکانی کۆمەڵی کوردەواری و تاکە تاکەی گەلیش، لە دروستکردن و بنیاتنانیدا (و هەر لەبەر ئەوەش لە پاراستن و پەرەپێدانیدا) هاوبەش بن.

کە ئەم دێڕانە دەنووسم و یەک بە یەکی بڵاوکراوە (بەناو) فەرهەنگییەکانی کوردیی دەرەوەی وڵات دەهێنمەوە بیری خۆم، سەرم سووڕ دەمێنێ کە تاکە یەکێکیان بە دی ناکەم تروووسکەی ئاوا هیوایەکی لێوە بێت.

لە جیهانی بڵاوکراوە فەرهەنگییەکانی کوردیدا دوو نەخۆشی باون و باڵی رەشیان بەسەر بەر و دوایاندا کێشاوە:

* دۆگماتیسم *Dogmatism*
* تابوو *Taboo*

هەردووشیان، بێگومان، پاڵپشت و تەواوکەری یەکدین.

نامانەوێ پەسنی خۆ بدەین و خۆهەڵکێشین، بەڵکوو بە وپەڕی خۆبەنزمگرتنەوە دەڵێین تاکە ریزپەڕ، تاکە گۆڤارێ کە دژی هەموو جۆرە سانسۆرێکەو باوەڕی بێسنووری بە ئازادی و دیموکراسی هەیەو سەربەخۆیە، گۆڤاری مامۆستای کوردە. کە ئەمە دەڵێین چاکیش ئاگاداری ئەوەین کە تاکە یەک دەنگ، ئەویش دەنگێکی وەکوو مامۆستای کورد کە، بە داخەوە، بە هۆی گەلێ تەنگ و چەڵەمەوەو لەسەرووی هەر هەمووشیانەوە بێپارەیی، لە ساڵێکا تەنیا دوو ژمارەی لێ دەردەچێ، ناتوانێ ببێتە ئەو ئاگرەی گڕ بەر دەداتە دەشتێکی هەراوو پان و پۆڕ. هێندەمان بەختیاری بەسە کە تێدەکۆشین و هەنگاو دەنێین؛ هەنگاوی رچەشکێنی بەرچاوڕوون.

یەکێ لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی فەرهەنگی نەتەوەیەک، پێوەندی و ئاڵ و گۆڕە دەگەڵ فەرهەنگی جیاوازو جۆراو جۆری وڵات و نەتەوەی دیکەدا. هەمووشمان ئەوە دەزانین کە وەرگێڕان (تەرجومە) شاڕێگەی گەیشتن بەو ئامانجەیە. تۆ ناتوانی داوا لە هەموو خوێنەوارانی کورد بکەیت بچن زمانی ئینگلیزی چاک چاک فێر ببن، بۆ ئەوەی پییەسەکانی شەکسپیر، شیعری ئەلیۆت یا رۆمانەکانی گراهام گرین بخوێننەوەو شارەزای مێژوو، فەرهەنگ، شوێنەوارو نەریت و هەل و مەرجی سیاسیی ئینگلستان، یا وڵاتانی دیکەی ئینگلیزی زمان ببن. بەڵام ئەگەر ئێمەش وەکوو گەلانی سەربەخۆو خاوەن دەوڵەتی ئەم جیهانە، ژیانێکی فەرهەنگیی دامەزراوو رێک و پێکمان هەبوایە، ئەوجا دە- دوازدە رووناکبیری کوردی شارەزای زمانی ئینگلیزی، لە ماوەی چەند ساڵێکدا دەیانتوانی کۆمەڵێ بەرهەم، لە بارەی ئەدەب، مێژوو، سیاسەت، تەکنۆلۆژی، هونەر....هتد ی ئینگلستان و وڵاتانی ئینگلیزی زمانەوە، بخەنە بەردەستی خوێنەری کورد. ئیدی دەتوانین هەر ئەم نموونەیە لە بارەی گەلانی دیکەشەوە بڵێین...ئەمە رووسە، ئەمە ئاڵمانە، ئەمە ژاپۆنە..چوزانم، هەرچی میللەت خودا لەم سەرزەمینەی داناوە بەشی خۆی زمان و فەرهەنگی تایبەتیی هەر هەیە.

با لە کورتی بیبڕینەوە، زۆر خوێندن قورعان خۆشە. ژمارەی چوارەمی ئەم گۆڤارە بۆ فەرهەنگی گەلان تەرخان دەکەین. داوا لە هەموو نووسەران و رووناکبیرانی کورد

دەکەین لەم ڕووەوە چەندیان لە دەست دێ درێخی نەکەن. با هەر کەسە لەو زمانەوە کە دەیزانێ/لەو زمانانەوە کە دەیانزانێ هەوڵ بدا شتێ یا چەند شتێ بکاتە کوردی، چیرۆک، هەڵبەست، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و هونەری، ڕەخنەی ئەدەبی، مێژووی ئەدەب... هتد. بێجگە لە وەرگێڕانیش بۆ خۆیان دەتوانن لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەدەب یا فەرهەنگی گەلێکەوە بنووسن. با لێرەدا یەکدوو قسەتان عەرز بکەم. ئەگەر یەکێ بیەوێ لە بارەی ئەدەبی ڕووسییەوە لێکۆڵینەوەیەک بنووسێ/یا بکاتە کوردی، وای بە چاک دەزانین ئەو کەسە بۆ خۆی ڕووسیزان بێت و هەر نەبێ لە وڵاتی یەکێتیی سۆڤیەت ژیابێ. بەڵام یەکێکی کە ڕووسی نەزانێ و هەڵسێ لە عارەبییەوە یا لە ئینگلیزییەوە لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی ئەدەبی ڕووسییەوە بکاتە کوردی، باوەڕ بفەرموون ئەمەیان ئیدی هەر (لایەجووز= لایجوز)ەکەیە.

ئەم سەرزەوینە پان و پۆڕە هێندەی کورد بەسەردا پەخش بووە، نە سەری هەیەو نە حەساو. ناشوکری نەبێ ئەورۆ لە زۆربەی وڵاتانی گێتیدا کورد هەیە. هەر بۆ نموونە دەڵێم، لە ماوەی ئەم سێ - چوار ساڵەی دواییدا کورد گەیشتۆتە کۆماری میللیی چین و ژاپۆنیش. ئەوجا هیوامان پتەوە کە بتوانین بە هاوکاری و یاریەی هەموو لایەک ئەنتۆلۆژییەکی گەورەو دەوڵەمەندو پڕ ناوەڕۆک ئامادە بکەین، ئەنتۆلۆژییەکی وا بێ کە ببێتە نموونەیەکی ڕێچکەشکێن لە زمان و فەرهەنگی کوردیدا.

قسە لەمسەر خۆشە نەک لەوسەر. لەوەیە وەرگێڕانێکمان بۆ هاتبێ، بەڵام لەبەر لاوازیی نموونەکە، یا خوارو خێچیی زمانە کوردییەکەی، یا لەبەر هەر هۆیەکی دیکە بە شایانی بڵاوبوونەوەی نەزانین. ئەودەم، کە بڵاو نەکرایەوە، گلەییمان لێ نەکەن و نەڵێن نەیوت. ئێمە پێشەکی هیچ گفتێ نادەین.

لە شتێکی دیکەشدا ئێمە بە پێچەوانەی گۆڤاری دیکەوە دەڕۆین. زۆر گۆڤاری کوردی دەڵێن: هەر نووسینێک بڵاوببێتەوە یان نا، بۆ خاوەنەکەی نانێردرێتەوە. ئێمە ڕێک پێچەوانەی ئەوە دەڵێین: هەر نووسینێک بڵاو بکرێتەوە یان نا، ئامادەین بۆ خاوەنەکەیی (ئەگەر خۆی بیەوێ) بنێرینەوە. تەنیا پیاوەتی بکەن و مەردی خوا بن، ئەدریسی ڕێک و پێکی خۆتانمان بۆ بنووسن.

لە ئێستاوە هەتا دوارۆژی مانگی دووی ساڵی داهاتوو، واتە هەتا ڕۆژی شەممە ١٩٨٧/٢/٢٨ دەکرێ بەرهەم و نووسین بۆ ئەو ژمارە تایبەتییە ڕەوانە بکرێ و فریای بڵاوبوونەوە دەکەوێ، چونکە بە تەماین، ئەگەر خوا ڕێکی بخات، بەهاری ١٩٨٧ ژمارەی چوارەم بڵاوبکەینەوە.

ئەکادێمیای سوێدی بڕیاری دا خەڵاتی "نۆبیل"ی ئەدەبیات بۆ ساڵی ١٩٨٦ بدرێ بە نووسەری نێگیریایی وولە سۆیینکا *Wole Soyinka* ئەم هەڵبژاردنە لەلایەن زۆربەی ئەدەبدۆستان و فەرهەنگناسانەوە بە بڕیارێکی ڕاست و ڕەوا دانرا.

کە پەیامنێری تەلەڤیزیۆنی سوێدی لە پاریس لەو بارەیەوە پرسیاری لە سۆیینکا خۆی کرد، لە وەرامدا گوتی ئەم خەڵاتە بە من نەدراوە، بەڵکو پێشکێشی ئافریقا کراوە. لە ڕاستیشدا قسەکەی بە جێیە. ڕێزگرتنی نووسەرێ یا شاعیرێ بەو شێوە شکۆدارەی کە ئەکادێمیای سوێد دەیکا ڕێزگرتنە لەو گەلەو لەو زمانەی کە

نووسەرەکە/شاعیرەکە نوێنەرو سیمبۆلیەتی.

ئەم هەڵبژاردنەی ئەمساڵ لە سەرێکی دیکەشەوە زۆر گرنگە. خەباتی گەلی رەشی ئافریقای باشوور لە ماوەی ئەم یەک‌دوو ساڵەی دواییدا بە جۆرێ پەرەی سەندووە کە دەزگای سەرکوتکەری رێژیمی رەگەزپەرستی ئەپارتهایدی هێناوەتە لەرزین. زۆربەی وڵاتانی دنیا ئەمڕۆ ناچاربوون بیر لەوە بکەنەوە کە سزای ئابووریی رێژیمی ئەفریقای خواروو بدەن. پێشکەوتن و پەرەئەستاندنی خەباتی گەلی زەنگیی ئافریقا زۆربەی وڵاتانی ناچار کردووە کە دەبێ هەڵوێستێک بنوێنن.

ئێستا کە نووسەرێکی ئافریقایی خەڵاتی نۆبێل وەردەگرێ، بێگومان، ئەمە رێزگرتنێکی گەورەیە بۆ گەلانی ئەفریقا/بۆ فەرهەنگی ئەو گەلانەو بۆ خەباتیان لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا.

بەهاری ئەمساڵ لەگەڵ خوێندکارانی بەشی کوردیی خوێندنگەی بەرزی مامۆستایان لە ستۆکهۆلم، بە شێوەیەکی رەسمی سەری یەکێتیی سۆڤیەتمان دا. سەردانەکەمان سێ هەفتەی خایاند

گرۆی بەشی کوردی لە ۱۲ کەس پێک هاتبوو: ۹ خوێندکار، منداڵی یەکێ لە خوێندکارەکان و ۲ مامۆستا. لە پێشا چووینە لێنینگرادو ۳-۴ رۆژی لێ ماینەوە. پاشان یەکسەر بۆ باکۆ، پێتەختی کۆماری ئازەربایجان و تەنێ یەک رۆژێ ماینەوەو چاومان بە هێندێ کورد کەوت. لەوێوە چووینە تیبلیسی پێتەختی کۆماری گورجستان، کە کوردێکی زۆری لێ دەژی. لەوێ پێشوازییەکی گەرمی کوردانەیان کردین و چاومان بە سەدان کوردی دڵسۆزی نیشتمانپەروەر کەوت. پاشان لەوێوە چووینە یەریڤان، پێتەختی ئەرمەنستان. لە یەریڤان یەک هەفتە ماینەوە. خۆشترین بەشی سەفەرەکەمان لەوێ بوو. مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ دۆستایەتی و دڵگەرمی و کوردایەتیی ئەو کوردە نیشتمانپەروەرە دڵسۆزە کوردپەروەرانەی ئەوێ لەبیر بکا.

لە یەریڤان سەری رادیۆی بەشی کوردی و بارەگای رۆژنامەی (ریا تازە)مان دا... هەروەها چاومان بە سەدان کوردی ئەوێ کەوت و سەری ماڵانمان دا. ئەگەرچی دەزگاکانی دەستەڵاتدار نەیاندەهێشت ئێمە لە یەریڤان بچینە دەرەوە، بەو بیانووەی کە تەنیا ڤیزای یەریڤانمان هەیە، بەڵام ئێمە، کوراسایی، سەربەخۆ لێمان داو چووینە گوندو ئاواییەکانی کوردستانی سۆڤیات. لەوێ چاومان بە ژیانی رۆژانەی جووتیاران و خەڵکی لادێ کەوت و خوێندنگەکانمان بەسەر کردنەوە و چووینە ماڵان و نان و شیوی کوردانەمان خوارد.

لە پاش یەریڤان رووومان کردە مۆسکۆی پێتەختی یەکێتیی سۆڤیەت. لەوێش چاومان بە خوێنکارانی کورد کەوت کە لەوێ دەخوێنن. هەروەها هێندێ کوردناسی سۆڤێتیی دۆستی گەلی کوردمان بینی.

ئەم سەردانەی یەکێتیی سۆڤیەت و بە تایبەتی چاوپێکەوتنی برا کوردەکانی ئەوێمان ئەزموونێکی هێندە هێژاو گرنگە کە ناکرێ ئاوا سەرپێیی باس بکرێ.... هیوادارم لە داهاتوودا دەرفەتێکی وام دەست بکەوێ و بە درێژا لەبارەی هەموو شتێکەوە بنووسم، چونکە دەزانم گەلێ کەس پڕ بە دڵ حەز دەکەن لەبارەی کوردستانی سۆڤیەتەوە و لە بارەی وڵاتی سۆڤیەت خۆیەوە ئاگادار بن. پێم وایە بۆ کەم کەسیش رێک دەکەوێ ئاوا وەکوو ئێمە لە نێزیکەوە شارەزای ئەو ژیانەی ئەوێ ببێ و لەگەڵ ئەو مرۆڤانەدا ببێتە ئاشنا.

# یەکێتیی یایانی کوردستان

**فازیل کەریم ئەحمەد**

لە هاوینی ١٩٨٤ دا سەر قاڵی ئەوە بووم ، بە ئەڵمانی لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی شوێن و رۆڵی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا بنووسم . هێندێ سەرچاوەم بۆ ئەم مەبەستە کۆ کردەوەو و چەند لاپەڕەیەکیشم دەست نووس کرد . پاش ماوەیەکی کورت شپرزەیی و سادەیی نووسینەکەی خۆمم بۆ دەرکەوت چ لە رووی زمانەوانی و شێوەوە بێ و چ لە رووی ناوەڕۆکەوە بێ . کەمیی سەرچاوە و کەرەستەی پێویست و دووری وولات وای لێ کردم دەست لەم کارە هەڵگرم ، بە ئومێدی ئەوەی لە دەرفەتێکی تر دا ، بە شێوەیەکی کۆک تر و فراوان تر بێمەوە سەر ئەم باسە . هەر ئەو دەمە گەیشتبوومە ئەو بڕوایە ، کە بە بێ لێ پێچانەوەی وردو تەحقیقی مەیدانی ، هیچ نووسەرێک ناتوانێ لەم بوارە دا سەرکەوتن بە دەست بهێنێ . چونکە لەم رووەوە ، تا ئێستا ، لە سنوورێکی تەسکدا نەبێ ، شتێکی ئەوتۆ نەنووسراوە . نووسەرو رۆشنبیرەکان بە چاکی ئاوڕیان لە ژن نەداوەتەوەو زۆربەی ئەوەی تا رۆژی ئەمڕۆ بڵاو کراوەتەوە[1]یا سادە و کاڵ و کرچن یا تەنیا پشت بە هەندێ سەرچاوە دەبەستن کە لە لایەن نووسەرو گەڕیدە ئۆروپیەکانەوە نووسراون ، کە ئەمەش کرۆکی شتەکەمان بە دەستەوە نادات . پێویستە ئەو برایانە لە گۆشەی کتێبخانەکان دوور کەونەوە و یەکسەر بۆ ناو کۆمەڵ بڕۆن و لە نزیکەوە گوێ بۆ خەڵک رادێرن و لە گیرو گرفت و دیاردەکانی ناو کۆمەڵ بە وردی بکۆڵنەوە و بەشێکیش تۆمار کەن .(٢) هەر بۆ نموونە ، چۆن و کەی جووڵانەوەی ژنان دەستی پێ کردووە ؟ بۆ حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان رێکخراوی ژنانیان دروست کردووە و ژنان خۆیان دەورێکی ئەوتۆیان لەو دەستپێشکەریە نەبینیوە ، ئەمە نیشانەی هۆشیاری ژنانە یا بە پێچەوانەوە ؟ بۆ لە هەندێ ناوچەدا رەدووکەوتن زۆر ئاسایی و باوەو لە شوێنی کەش خوێنی لە سەر دەڕژێت و هەڵاو فەرتەنەی لە سەر دروست دەبێ ؟ هەڵوێستی یەزیدی و کاکەیی و هەقە بەرامبەر ژنان چیە ؟ ئەم پرسیارانەو دەیان پرسیاری تریش لە مێشکی زۆر رۆشنبیر دا ، چاوەڕوانی لێکوڵینەوەی زانستی قووڵ و فراوان دەکەن، دەبێ هەمووش بە بەڵگەی راست و دروست و ئەژماری ورد بسەلمێنرێت .

لە کاتی نووسینی ئەو لێکۆڵینەوەیە ، قسەیەکی د. کەمال مەزهەر ئەحمەد سرنجی راکێشام ، چونکە یەکەم جار بوو بیستبووم " مینا خانی هاوسەری **قازی محەمەدی** نەمر لە رۆژگاری کۆماری مەهاباد دا جێگەی حەپسە خانی نەقیبی گرتبۆوە . وا دیارە خەریکی دامەزراندنی یەکەم رێکخراوی ئافرەتان بووە ."(٣) سەیری کۆمەڵێک سەرچاوەی ترم کرد، داخەکەم ، هیچ کەسێکی تر نووکە قەڵەمی نەخستبووە سەر ئەو رۆژانەی بەرێڕەو بە ورمێ و سابڵاخدا تێپەڕیم ، لە پڕ قسەکەی د. کەمالم بیر کەوتەوە . ئیدی کەوتمە سۆراخ و پرسیار کردن لەو کەسانەی هاو چەرخی **قازی محەمەد** بوون و تاڵیوخۆشی ئەو کارە ساتە

دڵتەزێنەیان چێشتبوو . بێگومان لە بەر هەل و مەرجی ئەمڕۆی کوردستان ، نەمتوانی ئەو نەخشەیەی بۆم کێشابوو ، بەڕێک و پێکی بە ئەنجام بگەیێنم . پاشماوەیەک کاک نەزار خەیلانی کاسێتێکی بۆ تۆمار کردم ، کە دەنگی مینا خانی لە سەرە و بەشێک لەو رووداوانە دەگێڕێتەوە کە پێوەندییان بە باسەکەی منەوە هەیە . (۴)

یەکێتی یایانی (۵) کوردستانیش وەکو رێکخراو و داوو دەزگای تر لە گەڵ دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا (۶) لە دایک بوون . قازی محەمەد خۆی دەسپێشکەری کردووە و ژنی هانداوە بۆ پێکهێنانی ئەم رێکخراوە و هەندێ جار لە کۆبوونەوەکانیشیاندا (۷) بە ثداری کردووە و دەورێکی گرنگی لە ئامۆژگاری کردن و رێ پێشاندان و هاندانیان بینیوە ، دژی چەوسانەوەو نایەکسانی و دواکەوتن ..

هۆی دروست بوونی ئەم رێکخراوە ، کۆمەک بە کۆمار ، هۆشیار کردنەوەی خەڵک ، خەبات دژی نەخوێندەواری و کردنەوەی قوتابخانە بۆ ئەو ژنانەی نەخوێندەوارن،یارمەتی دانی پێشمەرگە (۸) و بەوانەی هیچیان نیە ، پەروەردەی منال بووە...

لە رووی رێکخراویشەوە ، زۆربەی ژنان لە ژێر ئالای ئەم یەکێتیەدا کۆبونەتەوە و کەم کەس هەبووە کە بەشداری تێدا نەکات . زۆربەی ئەنداماکانیشی تەمەنیان لەدەوروبەری چلدا بووە (۹) بێگومان کیژی شازدە ساڵ و ژنی شەست ساڵەشی تێدا بووە ،ئەندامانی یەکێتی یایان میناخانیان (۱۰) بە سەرۆکی ئەم رێکخراوە هەڵبژاردووە ، هەرچەند قازی ئەم هەڵبژاردنەی بە راست نەزانیوە ، بەڵام ئەوان پێیان وابووە لە بەر ئەوەی قازی محەمەد سەرۆک کۆمارە ئیدی دەبێ خێزانەکەشی سەرۆکی ئەم رێکخراوە بێت .

ئەم رێکخراوە رێکخراوێکی ساوا بووە ، تەنزیماتی تەنیا لە سنووری سابڵاخدا هەبووەو نەیتوانیوە پەل و پۆ بۆ شارەکانی تر بهاوێ . ی. ی . ک رێکخراوێکی هەرەمی نەبووە ، نزیکەی ۱۵ ژن ئیش و کاری بەڕێوە بەرایەتیان گرتبووە ئەستۆ،شانەو کۆمیتەی تری نەبووە . سابڵاغ کراوەتەدە" گەڕەک " کەرت ، هەر گەڕەکێکیش لێپرساوێکی هەبووەو ئەو لێپرساوە ، بۆتە یاریدەری سەرۆک . ئەوانەی پلەی یاریدەریان هەبوو ئەمانە بوون " ئایشە خان ، ئامینەخان ، زێبا خان ، عیسمەتی قازی ، کورسم خان..(۱۱)

یەکێتی یایان هیچ پەیڕەووپرۆگرامێکی نووسراوی نەبووە و هیچ رۆژنامەو بڵاوکراوەو گۆڤاری بڵاونەکردۆتەوە . بەڵام بیریان لەوە کردۆتەوە پەیڕەوو پرۆگرام بۆ خۆیان دانێن و بڵاو کراوەیەکی تایبەتیش دەرکەن . لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو زەمانە بە بەردەوامی شتیان دەربارەی سەربەستیی ژنان نووسیووە .

لەو ماوەیەدا هەندێ چیرۆکی شانۆگەری پێشان دراوە وەکو"دایکی نیشتمان"،شانۆگەریەک دەربارەی جووڵانەوەکەی ساڵی ۱۹۲۵ لە کوردستانی تورکیا و شەهید کردنی شێخ سەعیدو سەید عبدالقادری نەهری ... هتد .ژنان وەک ئەکتەر بەشداریان لە نواندنی ئەم چیرۆکە شانۆگەریانە کردووەو وەکو تەماشاکەریش ژمارەیەکی زۆر هاتوون بۆ بینینی ئەم شانۆ گەریانە .

ژنان کۆمەڵێک ئاهەنگی جوانیان گێڕاوەو هاوینیش بۆ باخەکانی دەوروبەری شاربۆ سەیران رۆیشتوون .

ی.ی.ک چەندین خۆ پێشاندانی گەورەی لە سابڵاخدا کردووە " داوای ئازادی میللەت و دژی حکوومەت جوێنیان دەدا " هەندێ جار ژمارەی خۆپێشاندەرەکان لە ۱۵۰ ژن تێپەڕی کردووە .

کۆبوونەوەکانی ی . ی . ک هەفتانە بووە . هەموو هەفتەیەک رۆژی پێنج شەممە لە ( سالۆنی حیزب ) دا کۆدەبوونەوە ، ئەوەی نەهاتایە رەخنەی لێ نەدەگیرا و تووشی سزادان نەدەهات .

گەر لە مالێکدا گیرو گرفت و ناکۆکی و ئاژاوە دروست بووایە ، یا پیاو لە ژنەکەی بدایە یا پیاوەکە ژنەکەی تەلاق بدایە ئەوە ی.ی.ک بە دەنگ ئەو ژنانەوە دەچوو و پشگیری لێ دەکردن و هەولی دەدا ، چارەسەرێک بۆ گیرو گرفتەکان بدۆزێتەوە .

پێویستە دەوری ئەو ژنانەش لە بیر نەکەین ، کە بە کارو پیشە مامۆستا بوون ولە قوتابخانەکان دەرسیان دەگوتەوە و دەوریان بۆ ژنە نەخوێندەوارەکان کردبووەوە ، بۆ ئەوەی خوێندنیان فێر کەن و هۆشیاریان بکەنەوە :

١- خەدیجەی حەیدەری (١٢) : یەکەم ژنی کوردی سابلاخە کە بۆتە مامۆستاو لە قوتابخانەی کیژاندا دەرسی ووتۆتەوە . ژنێکی هۆشیار و رووناکبیر بووە .

٢- وێلمە صیادیان (١٣) : ئەم ژنە مامۆستا بووە و بە کوردیش دەرسی ووتۆتەوە ، هەرچەند ئەرمەنییە . دانیشتووی سابلاخ و سەقز بووە .

٣- خەدیجەی باباسووری : مامۆستا بووەو لە ی.ی.ک دەوری بینیوە .

٤- ماوزەر خانم : ئەم ژنە دەرسی کوردی ووتۆتەوە هەرچەند جوو بووە، بە پیشەش مامۆستا بووە .

٥- وەجیهەی شوجاعی : دایکی کوردەو بابی تەورێزی . بە پیشە مامۆستا بووە و بە کوردیش دەرسی ووتۆتەوە .

٦- رەعنای داوودی : مامۆستایەکی گاور بووە ، ئەمیش هەر بە کوردی دەرسی ووتووە .

لە سەردەمی کۆماردا دوو قوتابخانەی کچان هەبووە ، یەکەم : پەروانە (١٤). دووەم: شاناز . ژمارەی ئەو کیژانەی بۆ قوتابخانە دەرۆیشتن زۆر کەم بووە . جگە لە کیژە کوردەکان ، ئەرمەنی و جووەکانیش هەر بۆ ئەو دوو قوتابخانەیە دەچوون، بە بێ ئەوەی هیچ لایەک خۆی لەوی دی جیاکاتەوە . ئەمە چاکترین بەلگەیە لە سەر نەبوونی دوو چاوەکی و دەمارگیری . دەوری مامۆستا ئەرمەنی و جووەکانیش چ لە قوتابخانەکان بێت و چ لە ی.ی.ک بەلگەیەکی ترەبۆقسەکەی سەرەوەمان .

قازی محەمەد ، هەموو بەیانیانێک پێش ئەوەی بۆ شوێنی ئیش کردنەکەی بچێ سەری هەموو قوتابخانەکانی دەدا ، بۆ ئەوەی راستەو خۆ ئاگاداری وەزعیان بێت و بزانێ شێوەی فێر کردن و فێر بوون چۆن بەرەو پێشەوە دەچێ . هەروەها ئەم هاندانەی ئەو بە چاکی کار بکاتە سەر گەشە کردنی خوێندەواری و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی . ئەو هەمیشە ووتوویەتی تا نەزانی و نەخوێندەواری بالی بە سەر وولاتەکەماندا بکێشێ ، ئێمە ناتوانین سەرکەوتن بە دەست بهێنین ، بۆیە دەبێ هانی خەلک بدەین بۆ خوێندەواری .

لێرەدا نابێ ئەوە فەرامۆش کەین ، کە قازی محەمەد جگە لە هاندان و پشتگیری کردنی ی.ی.ک(١٥)وپەرەپێدانی خوێندەواری ، هەنگاوێکی ئازایانەی دژی بەشێک لە مەلاکانی کوردستان ناوە . تا ئەوکاتە مەلاکان بە گوێرەی کتێبەکانی " إبن حجر"(١٦) میراتیان دابەش کردووە ، کە ژن بە تەواوی لە هەموو مافێک بێ بەش دەکات . ئەو فەتواکانی " إبن حجر " بە بێ ویژدانی دادەنێ و بڕیاری ئەوە دەدات ،کە هەرمەلایەک بە گوێرەی " ابن حجر " فەتوا بدات ، دەبێ جل و بەرگی مەلایەتی لە بەر داکەنرێ،

" خلع اللباس ". بێگومان ئەم هەنگاوە باشترین پشگیری کردنی مافی ژنان بووە و زۆر خەڵکی کۆنە پەرست و دواکەوتوو لەم کارەی ئەو تووڕە و قەڵس بوون .

ئەوەش بە پێویست دەزانم ئەو راستیە روون کەمەوە ، کە لە لایەن هەندێ نووسەر و مێژوو نووسەوە بە هەڵە یا بە ناتەواوی لێک دەدرێتەوە ، کە گۆیا قازی محەمەد بە هۆی دەسەڵاتی ئاینی و عەشایەریەوە دەتی بە سەر کۆمەڵەی ( ژ ـ ک ) دا گرتووە و پاشانیش وەکو سەرەک کۆمار خۆی سەپاندووە . بۆ روونکردنەوەی ئەم راستیە دەبێ چاوێک بە خەباتی ئەو دا بگێڕین پێش دروست بوونی ( ژ.ک ) و دامەزراندنی کۆمار .

نزیکەی بیست ساڵ پێش ئەوەی قازی ببێتە سەرەک کۆمار ، واتە دەورو بەری ساڵی ١٣٠٥ی شەمسی ( ١٩٢٦ ) ، پاش دەست هەڵگرتنی ( سیف القضات ) (١٧) لە کاری سەرۆکایەتیی فەرهەنگی مەهاباد ، قازی لە جێگەی ئەو دانرا . دەورەی سەرۆکایەتی ئەو پێنج ساڵی خایاند . (١٨) هەر لەم ماوەیەدا دووقوتابخانەی تری کردەوە : (١٩) قوتابخانەی پەهلەوی کوڕان و قوتابخانەی پەروانەی کچان . بە هەوڵ و تەقەلای ئەویش هەر لەو ساڵانەدا یەکەمین نەخۆشخانە دروست کرا . (٢٠)

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ قازی پێش ئەوەی وەکو رابەرێکی سیاسی ناو دەرکات ، وەکوو ( مصلح )ێکی کۆمەڵایەتی بووە و دەورێکی زۆر گرنگی لە خەباتی کۆمەڵایەتییدا گێڕاوە . بە ئاشکرا و راشکاوی دژی زۆر نەریت و خوو رەوشتی کۆمەڵایەتی رزیو بووە . (٢١) ئەو دەمەی دواکەوتن و نەزانی باڵی بە سەر کۆمەڵی کوردەواریدا کێشابوو ئەو هەر بەوەوە نەوێستاوە ژمارەی قوتابی و قوتابخانەکان زۆرتر کات ، بەڵکوو قۆڵی خەباتی لێ هەڵماڵیوە و دەستی کردۆتە هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک. هەر بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە رەش و رووت و سادەیە لە قوتابخانە و خوێندن و فێر بوون نەپرینگێتەوە قازی لەمەشدا دەسپێشکەری کردووە و رچەکەی شکاندووە ، کچەکانی خۆی و کچی برا و خزم و ناسیاوەکانی رەوانەی قوتابخانەی کچان کردووە . هەندێ جار خۆی لە گەڵیاندا بۆ ئەوێ چووەو بە بەردەوامیش خۆی هانی خەڵکی داوە بۆ ئەوەی منداڵەکانیان ـ بەتایبەتی کچەکانیان ـ بۆ قوتابخانە بنێرن و هیچ گوێ بە تانەو تەشەری خەڵکی دواکەوتوو و نەزان نەدەن .

چەند سەرنجێکی پێویست

(١) بە داخەوە نەمتوانی بە وردی ژمارەی قوتابی و مامۆستا و پۆلەکان تۆمار کەم . چونکە بە دەست هێنانی هەندێ بەڵگە نامەو ئەژمار کە پەیوەندیان بە قوتابخانەوە هەیە ، بۆ من ئاسان نیە .

(٢) کاک سەید محەمەدی سەمەدی لە " تاریخچهٔ مهاباد " دا ، کۆمەڵێک وێنەی دەگمەنی بڵاو کردۆتەوە کە یەکێکیان وێنەی ئەندامانی ( ئەنجومەنی پەروەریشی بیری کوردستان )ە کە لە هاوینی ١٣٢٥ گیراوە . بەرامبەر ئەو هەشت ژنەی لە وێنەکەدان ، تەنیا ناوی ئەم حەوت ژنە نووسراوە ( ١ـ سمیعی ٢ـ خدیجەباسوری ٣ـزهرا مەنگوری ٤ـ فریدەزندی. ٥ـ بلەزادە داوودی ٦ـوجیهە شجاعی ٧ـ رەعنا داوودی ) . نووسەر ئیش و کاری ئەو ئەنجومەنەی روون نەکردۆتەوەو دەوری ئەو ژنانەی دەسنیشان نەکردووە . هەرچەند ئەم وێنەیە خۆی لە خۆیدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە وەکو باشترین بەڵگە لە سەر دەوری ژن لە یەکێک لە دەزگاکانی کۆماردا .

(۳) لە برایەکم بیستکە لە یەکێک لە ژمارەکانی کوردستاندا گفتوگۆیەک لە گەڵ قازی محەمەد دا بڵاو کراوەتەوە و بەرامبەر بەو پرسیارە کە ئایا ژن لە هەڵبژاردندا مافی دەنگدانی هەیە ؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتوویەتی : نەء ، بەڵام هیوادارم ئەو رۆژە بێت کە ژن ئەو مافەی هەبێ .. هیوا دارم ئەو کەسەی دەستی بە ژمارەکانی "کوردستان"دەکات ئەم هەواڵە ساخ کاتەوە .

(۴) لە ئاب و ئەیلوولی ۱۹۸۵ دا لە گەڵ کاک ئومێد بۆ ورمێ و مەهاباد چووین وچاومان بەو کەسانە کەوت کە ، سەردەمی کۆماریان بینیوە و ئەویش ئەم رووداوانەو رووداوی ترێشی لای خۆی تۆمار کرد .

(۵) بە تەمای ئەوە بووم ، ئەم لێکۆڵینەوەیە رەوانەی مامۆستا هێمنی موکریانی بکەم، چونکە ئەو یەکەم کەس بوو، کە لە ورمێ چاوم پێ کەوت ، زۆربەی ئەم قسانەی ئێرەش لە دەمی ئەو وەرگیراون ، بۆ ئەوەی پیا بچێتەوە و هەڵەو کەمو کوڕیەکانم بۆ راست کاتەوە . مەخابن دەستی مەرگ ئەم کوانووە گەرمەی موکریانی لێ سەندینەوە، ملی ئەم ئاواتەی ئێمە و دەیانی تریشی بادا ، هەر چەند کارە ئەدەبی و هونەریەکانی ئەم شاعیرە نە لە بیر دەچنەوە و نە دەکوژێنەوە .

## پەراوێزەکان

(۱) پێویستە دان بەوەدا بنێم کە کتێبەکەی کاک عەبدوالخالیق مەعرووف : ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا ، باشترین وچاو نەترس‌ترین کتێبە کە تا ئێستا بە زمانی کوردی نووسراوە و قسەکانی من ئەم کتێبە بەنرخە ناگرێتەوە .

(۲) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد ، چاو پێ کەوتنێکی لە گەڵ فاتمە محی الدین کردووە و توانیویەتی لایەنێکی گرنگی سەر هەڵدانی جووڵانەوەی ژنان روون کاتەوە. بڕوانە : د. کەمال مەزهەر ئەحمەد : چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد ، بەشی یەکەم، بەغدا ۱۹۸۵ ل ۲۵۹

(۳) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد : ئافرەت لە مێژوودا ، بەغدا ، ۱۹۸۱ ل ۷۹.

(۴) ئەم چاوپێکەوتنە رۆژی ۱۹۸۶/۲/۱۶ لە شاری بۆن ـ ئەڵمانیای رۆژئاوا ـ تۆمارکراوە زۆر سپاسی کاک نەزار دەکەم بۆ ئەم ماندوو بوونەی .

(۵) **بایان** : کۆی ( بای )ە . ئەم ووشەیە لە سابڵاخ بە کار دێ ،بەرامبەر ( السیدة ) ی عەرەبی ،(خانم)ی فارسی ،( Lady )ئینگلیزی ،( die Dame )ئەڵمانی. بۆ نموونە بای شاناز ، بای وەنەوش .

(۶) لە سابڵاخدا هەندێ کەس لە سەر ئەوە سوور بوون کە یەکێتی بایانی کوردستان، سێ مانگ پاش دامەزراندنی کۆمار هاتۆتە کایەوە . لە رۆژنامەی کوردستان ، ژمارە-۱۵-۱۵ی ریبەندانی ۱۳۲۴ی هەتاوی ، ناوی بای وێڵمە صیادیان و بای خەدیجەی حەیدەری لە ناو ئەو ناوانەدایە کە رۆژی ۲۲کاشوونی ۱۹۴۶ ، لە ئاهەنگی لە دایک سوونی کۆماری کوردستان ، ووتاریان خوێندوتەوە . مەدرەسەی پەروانەی کچانیش سروودێکیان پێشکەش کردووە . ئەمە باشترین بەڵگەیە لە سەر ئەوەی بە دامەزراندنی کۆمار جوڵانەوەی ژنانیش پەرەی سەندووە و ژنان هەوڵیان داوە چالاکی بنوێنن لە پشتگیری کردنی دامەزراندنی کۆمار .

بڕوانە : داسوو : پێشەوا و کۆماری کوردستان و چەند بەڵگە و ڕاستی .گۆڤاری هەڵوێستە ژمارە ـ ٢ ، ١٩٨٤ ، ل ٤٠
بریا کاک داسوو دەقی ئەو دوو ووتارەی بۆ دەناردم یا خۆی بڵاوی دەکردەوە. هێشتا لێکۆڵینەوەکەی تەواو نەکردووە .
(٧) مینا خان دەڵێ : لە کۆبوونەوەکاندا قازی بەشداری نەدەکرد ، تەنیا (ڕێنومایی) دەکرد .
دەڵێن ماموستا هێمنی شاعیر هەندێ جار بەشداری لە کۆبوونەوەکاندا کردووەو شیعری تەڕ و دڵڕفێنی خوێندۆتەوە ، قازی پێ ی گوتووە ، شیعری نیشتمانیان بۆ بخوێنەوە . هەروەها بریاریش بووە لەوبڵاوکراوەیەی ی.ی.ک بە تەمای دەکردنی بووە، یارمەتیان بدات .
(٨) یارمەتی ی.ی.ک بۆ پێشمەرگە بریتی بووە لە : کڵاو و گۆرەوی چنین و جل و بەرگ دروون و پارە کۆ کردنەوە ( لە دوو قرانەوە تا یەک تمەن و دووتمەن ) .
(٩) بە تەمەنترین ژن لە ی.ی.ک ئامینە خانی حاجی دەوڵەت بووە و منالترینیشیان عیسمەتی قازی بووە . ئەم کچەی قازی محەمەد لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا جوانەمەرگ بووە، زیرەک و ئیشکەر بووەو دەستی نووسینی شیعریشی هەبووە .
(١٠) مینا خان تا پۆلی دووەمی سەرەتایی خوێندووە و لە دەورەی قەڵاچۆ کردنی نەخوێندەواریش ئامادەی دەرسەکان بووە. ئەوانەی هاو چەرخی ئەم بوون ، دەیان گووت ژنێکی جوان و ڕێک و پێک بووە و قازی زۆری خۆش ویستووە .
(١١)ئایشە خان : خوشکی سەید محەمەدی ئازاد
زێبا خان : ژنی حاجی عەبدوڵڵای تاهازادە .
ئامینە خان: ژنی حاجی مستەفای شاتری .
کورسم خان : ژنی میرزا مستەفای سوڵتانیان .
پێویستە ناوی ( گوڵێ ی ڕێحانی ) لە یاد نەکەین ، کە ژنێکی ئازاو هەژار و تێکۆشەر بووە . پێش دامەزراندنی کۆمار و لە سەردەمی کۆماروپاش رووخانیشی خەباتێکی سەرسەختانەی دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئێران کردووە و تووشی گرتن و لێ پێچانەوەو تەنگ پێ هەڵچنینی داو و دەزگاکانی ڕێژیمی شا هاتووە .
(١٢) ئێستا لە سابڵاخ دەژی . کچی مەلا حوسێنی مەجدیە" وەزیری عەدلیە " و هاوسەری سەددیقی حەیدەریە ـ وەزیری فەرهەنگ ـ ساڵی ١٣١٧ شەمسی ( دەوروبەری ١٩٣٨) بۆتە ماموستا . پێشتر ماوەی شەش ساڵ خوێندوویەتی ئینجا وەکو ماموستا لە قوتابخانەی " پەروانە" ی کچاندا دامەزراوە .
(١٣) ئێستا لە تاران دەژی .
(١٤) پێشتر ناوی ( پرماس ) بووە و پاشان ناوەکەی بۆتە ( پەروانە ). ئەم قوتابخانەیە لەو سەردەمەدا کراوەتەوە کە قازی محەمەد سەرۆکی فەرهەنگی مەهاباد بووە .
بڕوانە : سید محمد صمدی : تاریخچهٔ مهاباد، مهاباد ١٣٦٣ ص ٣٨. مینا خانیش باسی (عصمت خانم ) ناوێک دەکات کە کوردی بێجار بووە و یەکەم ماموستای ژن بووە لە سابڵاخدا . لە ماڵی خۆی بە فارسی دەرسی بە کچان گوتووە .
(١٥) مینا خان ئەوە دەگێڕێتەوە کە جارێکیان بانگی ژنێکی بۆ میوانی کردووە ،پیاوێکی

بۆ لای مێردی ئەو ژنە ناردووە بۆ ئەوەی " ئیجازە"ی بدات . مێردی ژنەکە ئەو کاتە لە حەساری حیزب دەبێ و قازیش بە ڕێکەوت لەوێ پیاسە دەکات . هەر کە گوێی لە گفتو گۆی ئەو دوو پیاوە دەبێ یەکسەر پێی دەڵێ : " چۆن شتی وا دەبێ کاکە رەحیم، ژن چــــۆن دەبێ ئیجازە لە تۆ وەرگرێ ، ژنیش بۆ خۆی هەقێکی هەیە و دەبێ ئازاد بێ ...".

(١٦) مەبەست ( إبن حجرالعسقلاني) یە کە ساڵی ١٤٤٩ ز کۆچی دوایی کردووە . نووسینێکــی یەکجار زۆری دەربارەی(حَدیث)و مێژوو و ئەدەب و(فِقه) هەیە .

(١٧) سیفالقضات ( سەیفی قازی ) (١٨٧٦ – ١٩٤٤) ناوی حەمەنی کوڕی میرزا قاسمــی قازی بووە . شاعیر و رووحانیەکی ناسراوە .

بڕوانە : دیوانی سیفالقضات ، گردەوە کۆیی – قازی ئەحمەد – چاپی یەکەم ،چاپخانــەء سبــز ١٣٦١ ل ١٤

(١٨) سیدمحمد صمدی : ( سەرچاوەی پێشوو ) ص ٣٨.داخەکەم نووسەر ئەوەی روون نەکردۆتەـ وە کە بۆچی نووسیویەتی ساڵی ١٣١٠ قازی محەمەد بە شێوەیەکی کاتی جێگای خۆیی بـــۆ میرزا ئیبراهیمی قازی چۆڵ کردەئایا قازی جارێکی دی گەڕاوەتەوە جێگاکەی خۆی ؟

(١٩) پێشتریش قوتابخانەی سەعادەت ( سعادت ) هەبووە کە ساڵی ١٣٣٥ هیجری قەمـــــەری کراوەتەوە . بۆ روون کردنەوەی زیاتربڕوانە سید محمد صمدی ( سەر چاوەی پێشوو )ص ٣٧.

(٢٠) ساڵی دامەزراندن و چۆنێتی ئیش و کارو بەڕێوە بردنی ئەم نەخۆشخانەیە نازانــم. پەیوەندی ئەو مسیۆنارە روژئاواییە کە یەکێکیان دوکتۆرێکی ئەڵمان بووە لە گــــەڵ ئەم نەخۆشخانەیە چی بووە ؟

بڕوانــە : ولیام ایغلتن الأبن : جمهوریة مهاباد، ترجمة جرجیس فتح الله المحامي ص٦٢.

(٢١) مەلا قادری مودەڕیسی بەم وشانەی خوارەوە، رووناکی دەخاتە سەر بیستەکان :

... لە ساڵی ١٣٠٦ ی هەتاوی خوێندنی سەرەتاییم لە شاری سابلاغ تەواو کرد.وەزعی ئــەو زەمانی مەهاباد زۆر سەیر بوو . خوێندنی دەرسی غەیری دەرسی ئایینی کارێکی دروســـت نەبوو . کە یەکێک چووبایە دەبیرستان ( پۆلی ناوەندی)ـ ئیدی بە جارێک کافر دەبــوو، کە بڕوای بە خڕبوونی زەوی هەبا یان کووتبای عەرز دەگەڕێ ، دەیان کوت : فڵانەکــــەس گەڕاوەتەوە سەر شوێنی ئاور پەرەستی !

ئەڵبەت کەسانێکی وەک ( قازی عەلی ) هەبوون ئەگەرچی پیاوێکی ئایینی بوو، زۆر روناکبیرو ( متجدد ) بوو . بەڵام لە بەرامبەری ویدا کۆنە پەرستی وا هەبوو کـــــە باسیان ناکرێ .بە هەزار خوێنی دڵ خواردن مەدرەسەیێکی ناوەندی لەو شارە داندرا بـــوو تەواوی کۆشش بۆ وەی دەکرا کە ئەو دەبیرستانە دابخرێ ! یەکێک لە پیاوە بــــــــە ناو بانگەکان ... بووبە کاندید بۆ ئەوەی ببێتە نوێنەری مەجلیس ( ئەگەرچی هەرگیــز نەبوو بە نوێنەرو نەچووە مەجلیس ) پێیان دەگووت کە ئێمە ئەو پەڕی کۆششمـــــان دەکەین کە تۆ ، رەیی بەرێوە و بچی بۆ مەجلیس، تۆش دەبێ بەڵێنی بدەی کە هــــــەر گەیشتی تاران بە تەواوی تین و تاو تەوە حەوڵ بدەی کە ئەو دەبیرستانە لەو شـــارە هەڵبگیرێ ! جا وولاتیک بەو فەزایەوە ، دیارە کە بیرو رای سیاسیشیان چۆن دەبێت ؟

بــڕوانــە : سەید محەمەدی سەمەدی ، ژێ . کاف ، مەهاباد، ١٩٨١ل ١٠-١١.

(٢٢) مەلا حوسێنی مەجدیش دەورێکی چاکی بینیوە لە هاندانی خەڵک بۆ ئەوەی کیژەکانیان رەوانەی قوتابخانە بکەن .



* * *

# من خێوەتی ژان و هیوام هەڵداوە

°°°°°°°°°°°°°°°°°° سەباحی غالب °°°°°°°°°°°°°°° بە نیوەکەی دیی گیان و دڵم بێخاڵ پێشکەشە °°°°°°

بە درێژایی ساڵی ١٩٨٤ لە هەوڵی ئەوەدا بووم،پردێک،بوارێک،لاڕێیەک، سروەیەک بدۆزمەوەو بگەمەوە کوردستان،لە رێگە بتوانم هەواڵێکی فریای برام و مام وسوو کە ئەو دەمی ساڵ دەبوو زیندانی بوون، بزانم،لەولای دیکەشەوە بە خۆشەویستەکەم بگەم و پێکەوە سەری دەربەدەری هەڵگرینەوە...ساڵێکی رەبەق رەتام،لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی بە غیرەت و بە ویژدانی کورد لە شام هەموو توانستی خۆیان خستە کار، کەچی نە پرد دروستکرا، نە بوار رێگەی دا، نە لاڕێ دۆزرایەوە، نە سروە هەڵیکرد. لە وەختی وادا قەڵەم نەبێ،دڵ لە خۆ دەبێتەوە... ئەم یەک دوو وشەیە با لاوازیش بێت، بەڵام بەرهەمی هەژان و هەستێکە تەنێ خەڵکی بە ویژدان تێی دەگا.

°°°°° ١ °°°°°

بە ئەندازەی هۆش و خەیاڵ
بە قەت هەرچی رەگ و دەمار هەدیە
بە کوردستاندا چوومە خوارێ
هەودای بەندەکی من
گەردەکان بە ملوانکەی ئەڤینەوە پێوە دەکا
چیاکانیش لێک دەئاڵێنێ.

°°°°° ٢ °°°°°

لەم جیهانەی خەڵکی بە گەورەی دادەنێن
بۆ من دەلاقەی هەر چوار لای
داخراوە
ناتوانم لە باڵ بدەم
پەڕم کراوە
ناتوانم هەنگاو بنێم
هەموو دنیام لێ تەنراوە

°°°°° ٣ °°°°°

ئای دووری، ئای چەند ئەستەمە
لەش لە شوێنێ وگیانیش لە لایە دی
ئای چەند بە سوێیە
ژانی بێ هاوهەست و نەبوونی کەسێکی دی

ooooo ۴ ooooo

ئەی دوژمنانـــی ئازادی و
گەورەیـــی بـەپـێـوەمـا ن
چـۆن دەتـوانـن هەتا ســەر
ببنـە کۆسـپی ســەربەسـتیما ن ؟!!

ooooo ۵ ooooo

لەســەر چەمـی بێ کوتا یــی
نیا نی و پیرۆزیـــەوە
بە تینـــی هەتاوی عیـشق
تەم : جیها نی منی لە ئا مێزدا یـــە
جا ر بە جا رێک تەم بۆ ژووروو هەڵدەکشـــێ و
لەو سـەرەوە با را نی سـەمای خرۆش
بە ســەرمدا دەبا رێنـێ
غـەم و ژا نـــی نا مۆیـی و دووریی
لای ئەزی پەڕیـــوە
دەتا رێنێ

ooooo ۶ ooooo

بە چا وی دڵ وا دەبینم بەڕێ کەوتووی
کچـێ وەختێ کە تـــۆ دەگەی
بۆنی هەوا ی کوردستا ن و با را نی غەمڕەوێنم بۆ دەهێنی
"سـەری جۆشـم ، دڵـی هۆشـــم"
لە جۆلانەی چا وی تــۆدا
لە بەهەشـــتی دڵـــی تـــۆدا
را دەژێنـــێ.

ooooo ۷ ooooo

چا وەکا نم روا نـدوون
گیا ن و دڵیشـــم بەڕێ کردوون
هـەر چا وە چا ومـە ئا خـــۆ
کەی دێنـــەوە و دەبنـــە رێبـــەری تـــۆ !؟

تشــرینی یەکەم و دووەم – ۱۹۸۴
شــــــا م – لەنـــدەن

# دە ساڵ دوای کاک سوار

سەلاحودینی موهتەدی

لە ژمارەی یەکەمی " مامۆستای کورد" دا وێڕای بڵاو کردنەوەی شیعری "هەڵۆی بەرزە فڕ" بەڵێن درابوو کە لە ژمارەی دووهەمدا لێکدانەوە و لێدوانێک لە بارەی "سوارەی ئێلخانی زادە " وە پێشکەشی خوێنەران بکرێت و داواش لە من کرابوو کە ئەو ئەرکە بگرمە ئەستۆ و بەڵێنەکە بێنمە دی .

من زۆرم داوا لێکراوە و لە مێژە بە تەمام لە سەر سوارە بنووسم: چەند ساڵ لەوە پێش ، لە گۆڤاری " نووسەری کورد " دا کە لە کوردستانی ئازاد کراو ـ دەردەچوو لە سەر داوای نووسەرانی شۆڕشگێڕ شیعری " خەوە بەردینە"م لە گەڵ پێشەکییەکی کورت ـ کە میوانێکی سەرقاڵی وەکو من لە سووکە سەفەرێکی سەر پێ ـ ییدا لە دەستی دێ ـ بڵاو کردووەوە . کورتە باسێک بوو لە سەر ئەدەبی شۆڕشگێڕانە و شیعری نوێی کوردی لە کوردستانی ئێران و گرێدرانی لە گەڵ خەباتی سیاسی و چینایەتی و سەرەنجام شوێن و شوێنەواری سوارە لەو گۆڕان و گۆڕینە گرینگەدا.

زۆر جاریش لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا لە سەری دواوم و هەر جار گۆشە یەکیم بە پێی توانا لێ شی کردۆتەوە ، بەڵام بەداخەوە هەرگیز دەرفەتێکی وام دەست نەکەوتووە کە ماوەیەکی باش بە ئارامی و ئاسوودەیی دانیشم و خۆم بە تەواوی تەرخان کەم بۆ وەدیهێنانی ئەو ئارەزووە پیرۆزە خۆشەویستەم .

ئەگەر راستت دەوێ لە کۆمەڵی کوردەواریدا کە داگیرکەر لە چوار لاوە دەوری داوە و سەرتاپای بە ئاگرو ئاسن و دراو و درۆ تەندراوە ، لە گشت لایەکیش ئاڵای بەرزی بەرەنگاری هەڵکراوە و لە هەربستە خاکێکدا شەمامی بەژنی شۆڕە لاوێک نێژراوە ، زیندان و شار بە دەرکران ، چەک هەڵگرتن و وەچیا کەوتن،ماڵوێرانی و سەرگەردانی ـ بۆ هەر رێبوارێکی رێبازی رزگاری ـ هاولفی هەوەڵین وهاوسەری هەتاسەرە !.

گیرسانەوە و حەسانەوەش تەنیا خەونی خۆش و خەیاڵی خاوی سەری پڕ سەودایە! وا ئێستاش " مامۆستای کورد " هەروەک " نووسەری کورد " ـ ماڵیان ئاوا ـ ناهێڵێ چیدی بە تەمای " کۆمەڵێکی ئازاد و کاتێکی ئارام " کارەکە وەدوا خەم و ناچارم دەکا بەرکوڵێک ـ هەرچەند کەم و کووڕ و کاڵ و کرچیش بێ ـ پێشکەشی خوێنەری خوێندەواری تامەزرۆ بکەم .

لە سوارە دوان بۆ من وەبووژێنەوەی بیرو بۆنی تەمەنی سی و چەند ساڵ بە یەکەوە بوونی بەردەوامە کە لە یەکەمین ساڵەکانی ژیانمانەوە لە ناو یەک بنە ماڵەدا دەستی پێکرد و بە کۆچی بێوادەی سوارە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦: (ڕێبەندانی ١٣٥۴) دادوایی پێهات .

لە خۆ شاردنەوە و هەڵات هەڵاتی منداڵانە ڕا هەتا خۆشاردنەوە و هەڵات هەڵاتی سیاسەت و کوردایەتی ، لە بووکی جوانی کوردستان (١) ڕا هەتا شاری بە گرمە و دوکەڵ (٢) لە بە چۆکەوە دانیشتنی سەربەرەی قوتابخانە لە خزمەت مامۆستای پیاو چاکی چاویلکە شکاوی دڵسۆز و توندە تەبیاتڕا هەتا سەرکورسی و پشت میزی دار گوێزی فێرگەی حقووق لە زانکۆی تاران : چەند جار و چەند ساڵ پەک کەوتن و تێهەڵچوونەوە ، پێشمەرگایەتی من و گیرانی ئەو ، گیرانی من و کرمانەوەی ئەو لە بەشی کوردی رادیۆی تاران و بە ناچار لە توێی سەد پەردەی رەمزو رازدا پێدا هەڵکوتن بە ئازادی و بە رابەری و بەختەوەری ئینسان !

تا دوا دیدارم لە گەڵ لەشی ساردەوەبووی دا لە مردووشۆرخانەی تاران و بە یەکەوە هاتنەوەمان بۆ کوردستانی تازیە بار و کۆ بوونەوەی بێ وێنەی جەماوەرو وتاری سیاسی و شیعرو شیعار و... سەر لە نوێ گیرانەوەی من هەر لە نێو مەجلیسی پرسەو سەرەخۆشیدا لە مەهابادی مەزن !

من و مەجنوون لە مەکتەبخانەی عیشقا دەرس خوێن بووین

ئەمن خەتمی کەلامم کرد لەوەللەیلا بەجێ ما ئەو!!

سەرتاسەری ژیانی سوارە تراژیدیوکێشەیەکی بێ پسانەوە بوو کە لەشی بیمار و دەردەداری لە دژی ئێش و ئازار و گیانی نائارام و بێ قەراری لە دژی کۆت و پەیوەندی سیاسەت و ئەخلاقی سەردەم دەستیان دابوویە و سەرەنجام هەر تک "پالەوانەکە"ش تێک شکان !

سوارە لە دێی قەرەگوێز لە بیست کیلۆمتری جنووبی شاری بۆکان لە ساڵی ١٩٣٧ (١٣١٦) لە دایک بووە. هەر منداڵ بوو کە عیسمەت خانمی دایکی لە سەر منداڵ چوو، ئەحمەدئاغای باوکیشی کە جاران دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتوو بوو لە سەرەتای هەرزەکاری سوارە دا و زۆر پێش دەورەی ئیسلاحاتی ئەرزی زەمانی شا ، زۆربەی مڵکەکانی لە دەست بۆوە و دێیەکەی خۆی قەرەگوێزی بەجێ هێشت و ماڵی هاتە بۆکان.

هەر لەو سەرو بەندەو لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٥٥(١٣٥۴) دا سوارەی چالاکی ، لاوچاکی ،ئازای ، زیرەکی دەنگخۆشی خەتخۆش ، تووشی ئازارێکی نەناسراوی کوتوپڕ هات و چریکەیەک لە پشت و ڕانی ڕاستی وەستا و سەرەڕای ژان و دەردێک کە بە هیچ دەواو دەرمانێک سوکنایی نەدەهات سێ ساڵی رەبەق - نیوەی لەشی لە گەچدا - لە سەر جێ کەوت .

---

١) شاری بۆکان وەکوو بووکان جوانە ! هەژار، بەرەو موکریان.

٢)نیشتە جێی شاری بە گرمەودووکەڵ ! سوارە،خێڵی درو ( مەبەست تارانە )

هەژار گوتەنی : ئەوە چەرخی بە هەموو ژینی دا !

سوارە کە لە کۆڕی دیوەخانی ئاوەدان بە شەو چەرەی شیعرو ئەدەبی کوردیدا تۆشەی تەسەلی هەڵگرتبوو ، غەرامی کەم دەوامی عومری لاویش (١) دەماری دڵداری بزواندبوو ، سێ ساڵەی سەر تەختی خەستەخانەی لێ بووبەلانکەی سەرەتای گڕوگاڵی شاعیری .

سوارە ئەو جارەش کفنی دڕی و لە یەکەمین هەوارگەی شیعرەوە گۆچان بە دەست کەوتەوە رێ بەرەو دنیایەکی نوێ .

مەیلی راو و سواری و سێ باز و مەلە جێی خۆی دا بە عیشقی خوێندن و خوێندنەوە و شیعرو سیاسەت !

بەڵام بە وەفاترو بەردەوامتر ، گەرم و گوڕترو گورچووبڕتر لە گشت ، سۆزی دڵداری و هەستی جوانپەرستی بوو کە بە ساغی و نەخۆشی ، بە گەنجی و گەڕاوەیی لە زیندان و لە مەیدان هەرگیز وازی لە سوارە نەهێناو قەتی بە جێ نەهێشت !

دوای سێ ساڵ نەخۆشی تازە کەوتەو رەوتە وەک منداڵان دارە دارەی دەکردو هێشتا برینی ئەوینی " کچی کرمانجی دێهاتی " (٢) سارێژ نەبوو بۆوە کە کەوتە داوی دڵدارییەکی نوێ و ئەمجار بە دندووک پێوە بوو !

کیژە ئازەرییەکی ماڵ لە بۆکان لێی بوو بە دۆست و دەزگیران و بۆی بوو بە راوکەی شیعرو غەزەل دانان . راوگەی رۆژانە و ژوانی شەوانە سەرەڕای تانە و لۆمەی کەس و کار و دۆست و ئاشنا گرێی لە گەردنی جووتەی گراوان توند کرد و سەرەنجام سوارە بە دەست تەنگی و قەرزو قۆڵە نیوە بە دزی و نیوە بە ئاشکرا ژنی هێنا ! (١٩٦٢)هەرچەند دڵی هەوەسبازو هەرزەکارو سەری سەودایی و سەرە ڕۆی سوارە بەوەش دانەکەوت و تا تەڕایی و تینی تێدا ما مەیلی جوانی و جەماڵی نەنا ، بەڵام روقیا ـ کە **سوارە بێهوودە** هەوڵی دەدا ناوی کوردی" رووناکی " بە سەر دا ببڕێ ـ بە ڕاستی وەفای عاشقێنی بردە سەر و چاردەساڵ دەست تەنگی و سەر سەنگی سوارەی قەبووڵ کرد و تا دوا هەناسەی ژیان دەستیلێ بەرنەدا.بەتایبەت کە کوڕە تاقانەکەیان"بابەک "لە ١٩٦٨ بووبە هەوێنی ئەوینی دژوارو پڕ کارەساتیان.

ئەو کچە فارسەش کە سوارە ناز ناوی " پ . ئاهوورا "ی لە ناوی ئەوەوە وەرگرتبوو ، وە لە چەند ساڵەی ئاخری ژیانیدا جارجار لە رۆژنامەوگۆڤارەکاندا بە نەناسراوی شیعرو نووسراوەی ـ زۆرتر بە فارسی ـ پێ بڵاو دەکردەوە هەرگیز بۆی نەبوو بە هاوسەرێکی رەسمی،تەنانەت بۆی نەبوو بە دڵدارێکی هەتا سەرو وەک پەری ناو شیعرەکانی سوارە لە شەقەی شاباڵیدا و لەو سەری دنیا ، لە سەرزەمینی ئەفسانەی سەرمایە ـ ئامریکا ـ نیشتەوە و بوو بە دوا تاڵاوی گەرووی ژینی کورتی سوارە .

سوارە لە ١٩٦١ بوو بە ئەندام لە " یەکیەتی خوێندکارانی کورد لە زانستگاکانی ئێران"دا کە سێ ساڵ پێشتر پێک هاتبوو ، نەک تەنیا قوتابیان بەڵکوو جەماوەرێکی زۆری لە تێکۆشەران و نیشتمانپەروەرانی کورد لە خۆی کۆ کردبۆوە و چالاکی و خەباتێکی سیاسی و بەرین و رێک و پێکی لە سەرتاسەری کوردستان و

---

١)نۆبەرەی شیرینی داری غەرامی کەم دەوامی عومری لاویم ! گۆران،شیوەنی گوڵاڵە .

٢)هەزاران فۆرموپۆزی خانمەکانیلەندەن وپاریس
فیدای دەسڕۆکەیی هەوری کچی کرمانجی دێهاتی
(خالەمین)

شاره گەورەکانی ئێراندا بەڕێوە دەبرد. سوارد لە ١٩٦٢ لە تاقیکردنەوەی گشتیی زانکۆی تاراندا بەشداریی کرد وەرکەوت و لە فێرگەی حقووق/قانوون وەرگیرا.

لە شەوی پێش نەورۆزی ساڵی ١٩٦٤ ( سەرەتای ١٣٤٣) پەلامارێکی گەورەی گرتن و راونان لە لایەن دەزگای پۆلیسی سیا تا ـ ساواک ـ رووی کردە جەماوەری گەلی کورد و رووناکبیرانەوە. سوارەش کەوتە بەندیخانەی قزل قەلعەی تاران یا وەک خۆی لە شیعرێکدا دەڵێ :" سوورە قەڵا! لانکی بەڵا! کە پێش ناز بوونی"زیندانی ئەوین " گرتووخانەی سیاسی ئێران بوو.

لە بەرامبەر هەڕەشەو جەزرەبەی " قزل قەلعە" دا کە ناو بانگی رەشی دڵی سووری دەلەرزاند، سوارە بە خۆ ڕاگری و بەرگەگری ناو بانگی دەرکرد. پێش کەوتنە بەندیخانەوە هەر تک جوانە مەرگ " سوارەی ئیلخانی زادە " و"سمایلی شەریف زادە" لە گەڵ چەند تێکۆشەرێکی دیکە باڵی چەپ و شۆڕشگێڕی یەکیەتی خوێندکارانیان پێک هێنا و دەستیان کرد بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لە سەر مێژوو، ئەدەب، کۆمەڵناسی و سۆسیالیزم.

بە دوای هاتنە دەری سوارە و هاوڕێکانی لە زیندان و گەڕانەوەی هەندێک لەو تێکۆشەرانەی لە تەجرەبەی شۆڕشی چەکدارانە لە کوردستانی عیراقدا بەشدارییان کردبوو، بۆ کوردستانی ئێران و گێڕانەوەوتوێژانەوەی ئەنجام و ئەزموونەکانی ئەو شۆڕشە و دەرخستنی هۆیەکانی ناتەبایی و ناتەواوی، هەر وەها لە گەڵ پێگەیشتنی نەسلێکی نوێ لە لاوانی کوردی کە تازە پێیان دەنا زانکۆکانەوە و داواکاری زانینی زۆرتر و بزوتنەوەی بنەڕەتی‌تر بوون، حەرەکەتێکی سیاسی فیکری ـ هونەری نوێ لە نێوەڕاستی شەستەکانەوە لە ناو رووناکبیرانی کوردستانی ئێراندا پێک هات و پەرەی سەند کە بە خێرایی شێوەی سیاسی ـ تەشکیلاتی بە خۆیەوە گرت و کۆمیتەیەکی سیاسی بۆ سەرکردایەتی بزوتنەوەکە بە نهێنی پێکهات.

ئەو کۆمیتەیە کە سوارەش تێیدا بەشدار بوو لە ساڵی ١٩٦٧(١٣٤٦) لە گەڵ "کۆمیتەی انقلابی" کە لە لایەن شۆڕشگێڕانی شەهید " سولەیمانی موعینی" و "سمایلی شەریف زادە " و " مەلا ئاوارە " و چەند تێکوشەرێکی پێشکەوتنخوازی ـ دیکە پاش جیا بوونەوە لە سەرکردایەتی کلاسیکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێکهاتبوو وە لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراقەوە بە تاوانی دژایەتی کردن لە گەڵ رژێمی شای ئێران راونرابوون، پەیوەندی گرت و پەیمانی بەست. ئەو یەکگرتنەوەیە کە خەباتی چەکداری لە گەڵ چالاکی سیاسی و فیکری تێکەڵ کرد، بوو بە سەرەتای گۆڕانێکی گەورە و گرینگ بۆ دواڕۆژی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران چ لە ناو و چ لە ناوەڕۆکدا.

جگە لە دووساڵ شەڕی پێشمەرگانە بە بێ یارمەتی بێگانە و تەنیا بە پشتیوانی جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستانی ئێران ـ لە کاتێکدا سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراقیش سنووری لێداخستبوون و لەشکری وەدووخستبوون ؟

جگە لەوەی هەزاران کەس بە پێی فەرمانی "دادگای زەمانی جەنگ" و لە سەر ئەمری ژەنەڕاڵ ئووەیسی ـ فەرماندەی گاردی شاهەنشاهی، حاکمی عەسکری و قەسابی کوردستان ـ لە جەللادخانەی " جەڵدیان " کەوتنە بەر پەلاماری پرسیارو بشکنین و ئەشکەنجە و سێدارە و تیرەباران بەڵام بە ... رە بەرزی و یەکگرتوویی و

بەرەنگاری بە کۆمەڵ دڵی دەوڵەتی داگیرکەریان لەرزاند و لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازیان لە مێژوی کورد و کوردستان نەخشاند، جگە لەوەی کە ئەو حەرەکەتە سیاسی – ئیزامییەی کوردستان بووبە رچەشکێن و لە ساڵیدا هاتوو ۱۹۶۹(۱۳۴۸) لە هەڵبەندی شیمالی ئێران لە سیاهکەل دووپات کرایەوە و سەراسەری وڵاتی تەکان دا،

جگە لەوانە گشتی، لەو چەند ساڵە دا بە دەیان پارچە هەڵبەستی نوێ، چیرۆکی کورت، شانۆ گەری، وێنە گەری و لێکۆڵینەوەی زانستانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی لە لایەن رووناکبیرانی شۆڕشگێڕەوە بە نهێنی بڵاو کرایەوە، کە لە سەرتا سەری کوردستان لە ناو خوێندەوارانیدا دەست بە دەست دەگەڕا و رووتووس دەکرا .

سوارە وەکو شاعیرو نووسەر و رەخنەگر لەو بزووتنەوە دا دەورێکی بەرز و بەر چاوی هەبوو . هەموو ئەو رووداو و کارە ساتانە لە سەردەمێکدا دەهاتنە سەر شانۆی کۆمەڵ کە ئاڵ و گۆڕێکی گرینگ لە وڵاتی ئێراندا لە ئارادا بوو:

ریفۆرمە سیاسییەکەی حوکوومەتی شا لە سەرەتای شەستەکاندا و بە تایبەت "ئیسلاحاتی ئەرزی" و "مافی ئافرەتان" بوو بە هۆی ئەوە کە "دەرەبەگایەتی" وەک شەریکێکی بێ کەڵک و بارگران و تەوەزەل و دواکەوتە لە سەر کردایەتی بە چەند قۆڵی بە کۆتەکەی کۆمەڵی ئێران وەلا بندرێ و رێگە تەخت بکرێ بۆ بورژوازی تازە پێداکەوتووی چاو چنۆک و بە هەڵپەی پشت ئەستوور و چاو سووری سەرمایەداری جیهانی، کە لە سەرشان و بە هۆی هێزی کاری هەرزانی میلیۆنەها ژن و پیاوی هەژار و بێ زەوی و زار، لە گوندو لە شار، عەرەبانەی سوودخۆری و زێدە خوازی بێ سنووری خۆی بە خێرایی لێ خوڕێ و بەرەو سەپاندن و چەسپاندنی دەسەڵاتی تاقانەی بۆرژوازی باژوێ .

بەرهەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم ئاڵو گۆڕە لە گەلێک مەیدان و مەجالدا خۆی نواند : خوێندنگا و زانکۆکان ژمارەیەکی زیاتریان خوێندکار وەرگرت، فابریکە و کارخانە پەرەیان سەند . خانووبەرە دورووست کردن، رێگا و بان کێشان، فرۆکەخانە و بەندەرگا بنیاتنان، لە سەر چۆم وزێی گەورە بەند هەڵبەستن و بنکەی بەر بڵاو و مەزنی سوپایی و سەربازخانە دامەزراندن هەزاران هەزار کرێکاری تازەی بە خۆیەوە خەریک کرد .

لە نێوان دو چینی سەرەکی یانی دەوڵەمەندانی خاوەن سەرمایە و دەسەڵات و کرێکارانی والا دەستی هەژار دا، توێژێکی مام ناوەندی فرە ژمارەی هەمەپیشەی دەم هەراشی سەر بزێو پێکهات کە وەک ئاو ئاژین بووە ناو هەموو کون و کەلەبەرێکی کۆمەڵی نوێ وە وتان و بۆی تەونی تازەی سیستمی سەرمایەداری پێکەوەلکاند.

لە جەنگەی نزم بوونی وشیاری سیاسی – چینایەتی کرێکاران و نەبوونی رێکخراوەی سەربەخۆی کرێکاریدا و لە بەرامبەر تەماعکاری و پارە پەرستی بۆرژوازی دەسەڵاتدار و طهورپ و دیکتاتۆرییەتی دەزگای سیاسی بەڕێوبەردا، وردە بۆرژوازی کە تازە بای باڵی خۆی دەدا و سەری لە سیاسەت و سەروەری دەخورا، بۆ ماوەی دوو دەیە بوو بە شۆڕە سواری مەیدانی خەبات و نوێنەری رادیکالیسمی شۆڕشگێڕانە ! لە ژێر تەئسیری ئەو وەزعە گشتییە دا کوردستانیش تەکانێکی تازەی خوارد :

بە درێژایی دەیەی شەست بیرکردنەوە لە رێبازی نوێ سەرتاپای سیاسەت و شیعر و هونەری کوردی خستبووە ژێر پرسیارێکی رەخنەگرانە و چاو پێدا خشاندنەوەیەکی سەر لە نوێ . هەر وەک خەباتی سیاسی و تێکۆشان بۆ رزگاری میللی ناوەڕۆکی چینایەتی و کۆمەڵایەتی پەیدا کردو شێوە ورەوت و سەرکردایەتی و چوار چێوەی سیاسی و تەنزیمی کۆن کەوتە بەر پلاری رەخنە و پەلاماری رووخاندن، لە بواری هونەر و ئەدەب و شیعریشدا کە لە پووری کۆن لە سەر شابالی شەپۆلی واقعی یاتی تازەی کۆمەڵایەتی، گورجانە بەرەو گۆڕان و گەشە رۆیشت و " شیعری نوێ" بە تایبەت لە گەڵ " سوارەی ئێلخانی زادە " و فاتیحی شێخولئیسلامی " دا گەیشتە لووتکەی هەرە بەرزی خۆی . گۆڕانی کۆن و گوورانی نوێ لە گەڵ دەست پێکرانی دەیەی شەست دا دەستی پێکرد و شاعیرە گەنجەکانی ئەو سەردەمە لە لایەکەوە چاویان لە گشت رابوردووی شیعر و ئەدەبی کوردی بەڵام بە تایبەت لەو گەنجینە بە نرخەی " کلاسیزمی نوێ " وە بووکە بە درێژایی بیست ساڵ ( ١٩٤٠–١٩٢٠) زەبرو زەنگی دیکتاتۆری و سەرەڕای زمان ئامان و کوردی قەدەغەکرانی دەورەی سەڵتەنەتی رەزا شای پەهلەوی و بە هەوڵ و هیممەتی ئەدیبی زانا و شاعیری نیشتمانپەروەر **حەسەنی سەیف** ( سەیفول قوزات )ە وە رچەی بۆ شکا و بە هۆی شاعیرانی مەزن و مەشهووری ئەم مەکتەبە " هەژار" و " هێمن " لە گشت کوردستانی گەورەدا نوێنەری کرا و لە لایەن هەموو ئەو شاعیرانەی لە سەرەتای دەست پێکرانی شەڕی جیهانی دووهەم لە گەڵ دامەزران و گەشە کردنی " کۆمەڵەی ژ . ک " دا سەریان هەڵدا وەک " خاڵە مین و سەید کامیل " و " حەقیقی " و باقی بوێژانی دەورەی جومهووری کوردستانەوە پەیڕەوی کرا .

ئەو مەکتەبەی دەکرێ بە " مەکتەبی موکریان " لە مێژوی ئەدەبی کوردیدا ناو ببرێت هەر چەند بە پێی پاراستنی وەزنی عەرووزی و ریعایەتی کێش و قافیە و داڕشتنی شیعر لە قالبی دوو نیوە بەیتی هاوتادا هەر لە سەر شێوەی کلاسیکی شیعری کوردی دەڕۆیشت بەڵام چ لە ناوەڕۆک و ئامانجەکانی گوتن و چ لە شێوازی بەیان و هەڵبژاردنی وشەدا خۆی لە مەکتەبی " کلاسیکی کۆن " جیا کردەوە :

رۆمانتیزم و خەیاڵبافی عاشقانە و سۆزی سۆفیانە و بۆ دڵداری نادیار و نەناسراو لۆرانەوە جێی خۆی دا بە ناتورالیزم و جوانی تەبیعەتی کوردستان دەرخستن ، ئاهەنگی بەزم ورەزمی کوردەواری گێڕانەوە و بە ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کوردا هەڵکوتن ، لە واقعیەتی وەزعی کۆمەڵایەتی ناو خۆ دوان و خەڵک هان دان بۆ گۆڕانی ئەو وەزعە تاڵ و دژوارەی کە تێی دا دەژیان کە زۆر جار بە هۆی تێکەڵ بوون لە گەڵ خەباتی جەماوەر مایەو جەوهەری ریالیزمی تێدا بەدی دەکرا .

هەر وەک ئەدیبانی زانای کورد ناس و کوردی نووسی گەورەی وەک قازی کاکە حەمەی قزڵجی ، حاجی رەحمان ئاغای موهتەدی ، مەلا محەمەدی قەڵایی، عەبدولرەحمانی زەبیحی و حەسەنی قزڵجی رێبواری ئەو رچە و ناوداری ئەو ناوە و رۆڵەی هەڵکەوتووی ئەو دەورەن لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا .

شاعیرو نووسەرانی " کلاسیزمی نوێی موکریان " لە باتی ئاخنینەوەی نووسراوەکانیان بە وشەی عەرەبی و فارسی یا وشە سازی و داتاشینی لوغەتی

تازەی کوردی ، دەستیان کرد بە کەڵک وەرگرتن و بەکار هێنانی وشەی کوردی پەتی و رەسەن . چونکە زۆربەی زۆریشیان یا راستەو خۆ خەڵکی دێهات بوون یا هەر لەو سەرچاوە وە ئاویان دەخواردەوە و لە گەڵ کاری رۆژانە و بەر هەم هێنانی کشت و کاڵی و ئاژەڵداری و ژیانی عێلاتیدا بە تەواوی تێکەڵاو بوون ، زۆر شارەزایانە توانیان لە دەریای بێ پایانی وشە و تەعبیر و مەتەڵوئامرازی کارو ژیانی کۆمەڵی لادێی کوردەواریدا بە مەیلی خۆیان گەنج و گەوهەری بە نرخ دەرخەن و هونەرو ئەسەری خۆیانی پێ بڕازێننەوە و دەوڵەمەندی کەن . سوارە لە میراتی ئەم مەکتەبە گەلێکی بەهرە پێگەیشت و چ بە هۆی پێدا چوونەوە و سەر دەرچوون لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی و چ بە هۆی موحیتی ژیانی خۆیەوە لە گەڵ وشەی پەتی و پاکی کوردیدا شارەزایی و راهاتوویی یەکجار زۆر بوو ، بۆ کەڵک وەرگرتن لەو دەسەڵاتەشی تابڵێی بە توانا بوو.

بێگومان شارەزایی لە ئەدەبی کلاسیک بۆ هەر شاعیرێک شەرتی پێویستە ، بەڵام گۆڕینی رچەی کۆن و دامەزراندنی رێبازی نوێ پێویستی بە ئاگاداری و دەست پێڕاگەیشتن بە گەلێک سەرچاوەی دیکە هەیە و شاعیرانی گەنجی کوردستانی ئێران بۆ گەیشتن و نیشتنەوە لە سەر بانی هەواری تازەی شیعری کوردی بە دوو باڵ دەفرین :

یەکەمیان شیعری نوێی فارسی بوو کە ئەویش لە بیست ساڵەی حوکومەتی رەزاشادا لە لایەن " نیما یوشیج " باوکی شیعری نوێی فارسی یەوە بە ئارامی و ئەسپایی و لە سایەی ئاشنایی لە گەڵ ئەدەبی رۆژئاوایی و بە تایبەت زانینی زمانی فەرەنسی یەوە بناغەی بۆ دامەزرا و لە سەرەتای چلەکان و رووخانی دیکتاتۆری رەزاشا دا لە گەڵ پەرە سەندن و ئاشکرا بوونی خەباتی سیاسی ، بە هەموو ئێران ناساندرا و بە خێرایی لە سەرانسەری جامیعەی خوێندەوار و رووناکبیردا ـ سەرەڕای بەر بەرەکانی و پێ چەقاندنی سەرسەختانەی شیعری کلاسیکی فارسی ـ بە فراوانی پەیڕەوی کرا و سەرەنجام بە هۆی شاعیرە گەورەکانی ئەم چەرخەی ئێران وەک " ـ ئەحمەدی شاملوو" " م. ئومید" " سیاوەشی کەسرایی "" نادری نادرپوور"و"فرووغی فەڕوخزاد"و ..... بە یەکجاری لە مێژووی تووڵانیو زەنگینی شیعرو ئەدەبی فارسیدا سەقامگیر بوو.

دووهەمیان شیعری نوێی کوردی بوو کە لە سەرەتای شەستەکاندا و لە لایەن رێبەری شیعری نوێی کوردی " گۆران " و بە هۆی " بەهەشت و یادگار " و "فرمێسک و هونەر " ە وە کە خۆیان لە سەرەتای پەنجاکاندا چاپ و بڵاو کرابوونەوە بە نەسلی نوێی شاعیرانی کوردستانی ئێران ناساندرا و تەئسیرێکی گەلێک گەورەی کردە سەر شێوە و رواڵەتی شیعری نوێ و بە تایبەت لە بەرامبەر شیعری نوێی فارسیدا تای تەرازووی بۆ شاعیرە گەنجە نوێ خوازەکان راست کردەوە .

رادەی رێز و خۆشەویستی گۆران لەو ژمارە تایبەتی‌یەی رۆژنامەی کوردستان دەردەکەوێ کە بە بۆنەی بیستنی خەبەری مەرگی ئەو ئەستێرە گەشەی ئاسمانی ئەدەبی کوردی‌یەوە دەرچوو. لە کاتێکدا لە کوردستانی عیراق پەردەی پیلانێکی بێدەنگی بە سەر ناو و کاری گۆراندا دەکێشرا ، لە کوردستانی ئێران سەرتاپای ژمارەیەکی ئەو رۆژنامەیە ـ کە لە تاران لە لایەن دەزگای دەوڵەتەوە دەردەچوو

بە هۆی تێکۆشان و تەئسیری ئەدیب و شاعیر و نووسەرە پێشکەوتخوازەکانەوە تەرخان کرابوو بۆ لاواندنەوە و پێدا هەڵکوتنی گۆران و لێدوان و لێکۆڵینەوەی بەرهەمەکانی . لەو ژمارەیەدا بۆ ستایشی گۆران چوار پارچە هەڵبەستی بەرز لە لایەن مامۆستا هێمن ، سوارە ، فاتیح و عەلی حەسەنیانی‌یەوە چاپ و بڵاو کرایەوە.

سوارە لە پێشدا شیعری بە شێوەی کلاسیک و لە سەر وەزنی عەرووزی دەگوت، کاتێکیش دەستی دایە تێک شکاندنی کێش و قافیەی کۆن و شێوەی نوێی دەست پێکرد، هەرگیز وازی لە شێوە کلاسیکەکە نەهێنا و هەر کاتێک پێی خۆش بایە و لە هەر شوێنێک پێی وابایە کە کێش و قافیەی قەدیمی بە کار هاتووترە ، خۆی لێ نەدەبوارد .

سوارە لە شیعر کوتنیش دا هەر وەک باقی کارەکانی ژیانی کەم تاقەت و بە پەلە بوو ، زوو وەڕەز دەبوو ، زوو وازی دێنا و زۆر جار شیعرێکی بە نیوە چڵی دەهێشتەوە و هەرگیز نەدەگەڕاوە سەری ، ئەوەشی کە تەواو کردبایە پێیدا نەدەچۆوە و هەڵەی راست نەدەکردەوە و هەر بە رەشنووس و شپرزەیی دەستاو دەست بڵاو دەبۆوە و خۆی هەرگیز پاکنووسی نەدەکردن و کۆی نەدەکردنەوە .
تەنیا شیعری " خەوە بەردینە " هەڵاواردە و هەڵبژاردە بوو !

چەند رۆژ هەموو کاتی خۆی بۆ تەرخان کرد ، پرۆژەی ریکخستنەکەی زووتر باس لێکردبوو ، دەیزانی چ دەڵێ و چۆنی دەڵێ . خۆی بۆ خوڵقاندنی شاکارەکەی ئامادە کردبوو . سەرەڕای ئەوەش کاتێک گەیشتە تەواو کردنی ئەو بەندەی کە دەڵێ :

بەڵام داخی جەرگم !
لە گەڵ هەر بەهارێ
کە دائەچڵەکن سەوزەڵانی
لە خاکینە خەونی گرانا ،
لە دڵما ، خەم و داخی ئەو دەردە سەوزە :
کە دەردی گرانی
هەموو رێبوارێ
وەنەوزە !

و چەند رۆژێک بەینی کەوت و چی تازەی لێ زیاد نەبوو ، زۆرکەس لە هاورێیان و ئەدیبان دەترسان بە دەردی باقی بەرهەمەکانی بچێ و بە نیوە چڵی و جوانە مەرگی بمێنێتەوە ، بەڵام ئەو جارەیان سوارە خۆی مەیلی لە سەر بوو، ئارەزووی دەکرد تەواوی کا و کردی !

لێدوان و لێکدانەوەی " خەوە بەردینە " پێویستی بە نووسراوەیەکی سەربەخۆ هەیە ، بەڵام دژواری و چەتوونی شیعرەکە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی لە یەک جیا :

یەکیان شاردنەوەی ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتی و زانستی و فەلسەفی‌یەکەیەتی لە ژێر چەتری دێو جامەی رەنگاو ڕەنگدا لە ترسی چاوی پیسی دێوەزمەی سانسۆر و ساواک، دووهەمیان ئارەزووی شاعیر بۆ خوڵقاندنی شاکارێکی شیعری کە هەموو دەسەڵاتی هونەری و شارەزایی خۆی لە سەر وشەو تەعبیری کوردی تێدا دەرخا . بێگومان لە

هەر دووک مەبەستیش دا سەرکەوتوو بوو .

خەوە بەردینە ئاوینەیەکی بالا نوێنە کە بە زمانی شیعرو لە قالبی تەمسیلدا ، کاکلەو پوختەی بۆ چوون و هەلسەنگاندن و رەخنە و پێشنیار و تێبینی نەسلی نوێی رووناکبیرانی کوردستانی ئێران لە نێوەڕاستی شەستەکاندا دەنوێنێ ، رێبازە جیاواز و هێزە جۆراو جۆرەکانی کۆمەل ـ نەک بە شێوەیەکی ستاتیک و راوەستاو ، بەلکو لە کاتی کردەوە و جەنگەی بزوتنەوەیاندا ـ دێنێتە بەر باری تاقیکردنەوە و ناساندن ، تێگەیشتن و پێگەیشتنیان یا هەلە ولادانیان، وەک چارەنووس ئەنجامێکی دیالێکتیکی ، بە سوروشتی چینایەتی و رەو شتی کۆمەلایەتی یانەوە گرێ دەدا . بەلام وە نەبێ ناوەڕۆکە کۆمەلایەتی یەکە یا فرە بوونی وشەو تەعبیری کوردی رەسەن تەنیا لایەنی پەسندکراوی خەوە بەردینە بن ، بەلکوو پێش هەموو شتێک جەوهەری زەوق و چێژەی هونەری یانی سەلیقەی شاعیرانە ، وەسفی بێ وێنە لە تەبیعەت، نواندن و وێنواندن ( تەسویر و تەشبیە )، باریک بینی و وردەکاری هونەرمەندانە ، تێکەل کردنی ژیرانەی سنووری واقعی یەت و ئەفسانە ، رامانی فەیلەسووفانەو سەرەنجام ئەو دیمەنە نایاب و رەنگینانەی سەر لێواری دیارو نەدیار کە دیداریان ئینسان لە نێوان سەرخۆشی و سەرگێژەدا رادەگرێ ، گشت ئەو شتانەن کە خەوە بەردینەیان کردۆتە ناسراوترتن مەتنی شیعری نوێی کوردی لە کوردستانی ئێران . هەموو ئەو کەسانەی خەوە بەردینە دەخوێننەوە رەنگەلەهەموو ئیشارەو کینایە و رازو نهێنی یەکانی نەگەن یا هەموو وەکوو یەکی بۆ نەچن ، بەلام بێگومان هەموویان لە جوانی و رەوانی و رازاوەیی یەکەی زەوق و لەززەتی خۆیان وەردەگرن .

خەوەبەردینەش وەک زۆربەی زۆری شیعرە نوێیەکانی سوارە هەرچەند تەرتیب و شێوەی لە مێژینەی شیعری کوردی یان شیواندووە و رەنگ و روالەتێکی تازەو تایبەتی یان هەیە بەلام وازیان لە وەزن نەهێناوە و هەموو لەتێک یا هەموو بەشێک لە شیعرەکە سەرەڕای کورتی و درێژی،یانی سەرەڕای ژمارەی تەقتیعەکان سەرجەم لە یەک وەزنی دیاریکراو پەیڕەوی دەکەن یا جارێ وایە چەند بڕگە بە یەکەوە و چەند بڕگەیەکی دیکەش بەیەکەوە وەزنێکی تەقتیعی یان هەیە، بەلام جگە لەوانە سوارە لەو ئاخرانە دا کەوتبوە سەر ئەو باوەڕە کە باشترین وەزنی تەبیعی بۆ شیعری کوردی ئەو هەوایەیە کە بەیتە کۆنەکانی لە سەردانداراوەو بە تەما بوو ئەسپی خۆشبەزی شەبعی شاعیرانەی بەرەو تاقیکردنەوەیەکی نوێ باژوێ بەلام هێشتا لەو ئەزموونی تازە دا چەند هەنگاوێکی سەرەتایی زیاتر هەلنەهێنا ـ بۆوە کە بزووتنەوە چەکداریەیە شۆڕشگێڕانەکەی ٦٨-٦٧ تێک شکا . هەزاران تێکۆشەری کورد لە بەندیخانەی جەلدیان و لە ژێر فەرمانی دادگای " زەمانیجەنگ" دا بە ئیعدام یا زیندان یا شاربەدەر مەحکووم کران یان لانی کەم بۆ ماوەیەک کەوتنە بەر ئەشکەنجەو جەزرەبەی کۆمیتەی پرسیار و پشکنینی ئەو ئۆردووگا خوێناوییەو سەدان کەسیش تواشیان خۆ دەربازکەن و لە سنووری دەستکرد تێپەڕن و بگەنە کوردستانی عێراق ، ژمارەیەکی زیاتریش لە شارە گەورەکانی ئێران دا خۆیان شاردەوە یا هەر ناویان نەهاتە گۆڕی و لە سەر جێی خۆیان کڕومات مانەوە . سوارە لەو دەستەی دوایی بوو .

هەرچەند پارچە هەڵبەستی " کچی بەیان " یان وەک خۆی پێی دەگوت " حەنجەرەی زەمان " ی لە سەرەتای سەردەمی جەڵدیاندا گوت ( ١٩٦٨ ) و بۆ تێکۆشەرانی ئەو بەندیخانە خوێناوییەی بە دزی پێشکەش کرد ، بەڵام ئەوە ئاخرین پەلەقاژەی جیددی و بەجەرگانە بوو لە مەیدانی خەبات و بەرەنگاریدا . دوایین شیعری سوارە " تۆ دەریامی " کە لە ئاخرین ساڵی ژیانی و لە خەستەخانە گوتراوە تەنیا نیوە ئاوڕێکی لاواز و بێ هێزە بۆ رابوردوویەکی پڕ لە بەرزی و شانازی لە لایەن شاعیرێکی هەستیاری هەمیشە عاشق بەڵام نەخۆش و ماندوو و مەئیووسەوە !

حەوت ساڵەی دوایی ژیانی سوارە تێک شکان و توانەی تەدریجی گیان و لەش بوو لە ناو قەفەزی کار و ژیان و رۆتین ، لە ژێر دەستی دوژمنێکدا کە نەیدەتوانی بیگەزێ و نەیدەویست ماچی بکا !

هەموو نەخۆشی و ناخۆشی یە کۆنەکان سەریان هەڵدا بۆوە : لەش بیمار و دەردەدار ، گیان بێ قەرار و پڕ ئازار ، تەبیات تا بڵێی توندوتیژ و ئەخلاق لاسار و نالەبار ، لە خۆی و لە خەڵک و لە بوون و لە ژین و بێزراو و بێزار !

تا بە هەزار پینەو پەڕۆی دوکتۆر و پسپۆر و ئەویش بە زۆری خزمەکانی و بڕێک دۆستی دڵسۆزی وەک مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی گەیشتە ئاخرو ئۆخری ١٩٧٥ و ئیتر چیدی بڕ نەکرد !

زۆربەی ئەو شتانەی لەو حەوت ساڵەی دواییدا کوتوویەتی یا نووسیویەتی و بە ژمارەو قەوارە کەمیش نین یا ئەنجام دانی بەرنامەی رۆژانە بووە و بەجێ گەیاندنی وەزیفەی رۆتین یا زۆر زۆر بەخشکە و ئەسپایی تێگرتنی پلارێکی بێتین !

بەڵام تەبعی شاعیرانەی سوارە و کوردییە جوان و رەوانەکەی و هەوێنی هەرماوی ئەوینی ئازادی ئینسان ، بەرهەم و نووسراوەکانی ئەو حەوت ساڵەشیان کردووە بەکەلە پوورێکی بە نرخ و بە کەڵک بۆ دەفتەری مێژووی ئەدەبی کوردی و جێی خۆیەتی هەرکەس هەرچی لە بەر دستدابێ یا پێی بزانێ بۆ لە چاپدان و بڵاو کردنەوەی درێغی نەکا بەو شەرتەی وەک ئەوشتانەی تا ئێستای یەکجار هێندە تێکەڵ بە هەڵە و چەوتی نەبێ .

خۆ ئەگەر هەموو لایەکیش یارمەتی من بدەن و نوسخەیەک لەو بەرهەمانەی بەدەستیانەوەیە بەڕێ بکەن بۆ ئەو خوێندنگایەی سوێد کە وا ئەم گۆڤارە دەردەکا، ئەوسا دەتوانم ئەو دوابڕیار و سەڵێنەم بۆ یادی خۆشەویستی سوارە بێنمە دی کە سەرجەمی دیوان و بەرهەمەکەی لە گەڵ لێکدانەوە و رونکردنەوەی پێویست بۆ هەر کامیان و ناساندنی زەمینە و زەمانی کوترانیان بڵاو بکەمەوە .

لە سەر بڕێک لە شیعرەکانی سوارە کە لەو چەند ساڵەی دواییدا لە گۆڤارە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عیراق یا ئەوانەی لە ناوچەی رزگارکراوی کوردستاندا دەردەچن چاپکراون و ئەو نووسراوانەی لە سەر شیعرو ژیانی ئەو بڵاو بوونەتەوە و ئەو شیعرانەی لە گۆڤاری هیوای سەروە ئەنستیتوی کوردی پاریس و ژمارەی یەکەمی گۆڤاری مامۆستای کوردی ستۆکهۆڵم دا چاپ کراون و هیچکامیان بێ هەڵە و پەڵە نین و بڕێکیان هەر شیعری سوارەش نین قسەم زۆرە، ئاخۆ لە فورسەتێکیترا بەختیار ئەبم کە بیان ڵێم ؟!

سەلاحوددینی موهتەدی

# پەپوولە بـە

شیعری : سلێمان قاسمیانی (کاکە)

خۆشەویستم !
کاتێ بیستم
دەرگای پۆڵای دەمت هات و
قفڵ بەندی تووایەوە و
خونچەی لێوی ئاڵت هات و
لەبەر تەوژمی هێرشی
وەری و بوو بە گەڵا گەڵا...

کاتێ بیستم
"بروسکە"ی ئاوات و هیوا
دای لە داری خۆشەویستی و خوڕاگری و
لق و پۆپی پڕوزاند و
دیمەنی ناحەزی و تاڵی
قاقا کەوتۆتە پێکەنین ؛
مچوڕکێ گیانی داگرتم !

کاتێ بیستم
هەڵەنگووتووی و شەرمەزار
دەسەو ئەژنۆ ،
رووەو ئاسۆ...
باڵی مەینەت و پەژارە
لە گیانتا راکشاوە و
تەمی گریەی نەکووژاوە
دەریای مەندی چاوەکانتی
شێواندووە.... ؛

دڵم کەوتە خورپە و لێدان !
دەک بشکێ ئەو دەستە رەشەی
نەونەمامی کۆڕی ژیان
بێ پرسە تێک هەڵ ئەپێچێ و
ئەیخاتە گۆڕخانەی تاری
مان و نەمان !

*

خۆشەویستم !
"ئەوەی ماوە، گەلێ زۆرترە لەوەی چوو"
هەڵەنگووتووی ؟!
ـ هەرچی رێبواری ئەم رێگەس
پەرۆشی تەزووی لەشی تۆن !
ـ هەرچی چاوە
ئەڕوانێتە خاک و دەست و
پێی پەتیی تۆ ... !
ـ هەستە ! ...هەستە، خۆشەویستم !
"بروسکە" بە و بدە لە داری بەزیوی !
"بروسکە" بە و بشکێنە سۆڵی تەزیوی !
بولبول مەبە ...
مەناڵێنە بۆ گوڵی چوو !
پەپوولە بە... پەپوولە بە ...
شەم هەر زیندووە و ئەسووتێ
خۆ بە تینی شەما دادە !

٦١/٩/٢٦

# شەختە

# کوردان

> مێر خاسەکان ئەستێرەنین بەراخوشین و داکوژان وجاخی تۆرەمەیان بە کوێری داگەڕێ، ئەوان ئاسمانن و لە ئاورینگی دەروون ژیلەمۆی ئەستێرە دەبارێنن .... بۆ شەهیدانی سەوزەپۆشی و قلیان داغ.
>
> " کوردان"

چاوەکانم بە بەفرکەو توون ، برژەو ژانیان بۆ دەمێکیش ناسرەوێتەوە. دەڵێی بەلاوێج خۆ لە پۆتەو وردەخوێیان تێ رژاوە. هەر دووک لاجانگم بە لووزەو تەزووی ژانیان پێدا دێت و دەچێت. جار جارێک لە ژێر کۆنە چاویلکە رەشەکەم پێڵووی چاوانم بە پروشە دەبزوێنم، بەڵام هەر تیشک و شۆقێک چ کەم بێ و چ زۆر لە گوێن تەڵەزمە شووشە سینگی بینا ییم قاش دەکەن و رەشە تارمایی لە دیدەم دەخزێنن .

ژان و ئازاری سەری پەنجەکانیشم جار ناجارێک هەناسەم لە سینگ دادەگیرسێنن. قامکە ثادەی دەستی چەپم سڕو بێ هەستە ، وا دیارە سەرما بە یەکجاری رەشی کردۆتەوەو بۆ هەتا سەر لە کەڵک و کار کەوتووە . توێخ و توێژاڵەی دەست و پەلم چەشنی پەڕەجغارەی ئاوکێشاو هەڵدەپروێن و گرموولە دەکەونە سەر سەرین و باڵینەکەم . وا دیارە هەڵبڕانم لە هاوڕێیان و بێ سەر و شوێن مانەوەم لە بەفرو بەستەڵەکدا رێیەکیان بۆ پەنجە شێلی رموزنەی مەرگ کردبووبێتەوە . یەقین ئەگەر دڵ و دەروونی گەرمی چیا نشینەکان و سەری پڕ لە تاسەی پێشمەرگایەتیم فریاڕەس نەبان، چلوورەی لە بەفر پەستوراوی لەشم دەگەڵ قاڵ بوونەوەی رنووی داخزاوی ئاخر بانەمەڕان دەدۆزرایەوە . مێشکم توانای وەبیر هێنانەوەی تەواو بە سەرهاتی ئەو شەوە تاڵەی نییە، هەر ئەوەندەم دێتە وەبیر رێ هەتڵە کراو ، بەتەنیایی و بێ سەرو شوێن ئامبازی تاریکی باوەشی بەفرو سەرما هاتبووم ، وە چاوی نووقاوی ئاخر پەلەقاژەی لە مەرگ خەلەسیوم لەم هۆدەیە کردەوە کەوا ئێستێ لێی وەرکەوتووم .

بۆنو بڵێسەی گەرمایەکی تەزوو شکێن لە سۆپەی ناوماڵەکە بە سەرمدا دێتو دەچێت و دەماری تەزیوی سەرما گەزیوم دەبووژێنێتەوە . گرڤەی دار بەڕووی لێرەواری ناو سۆپە لەشی شەکەت و خەستەم دەلا وێنێتەوە . نوێنو بانی نەرم و بەرامەی چێشتی گەرم هەوباری بیرو زەینم بەرەو سەردەمی ژینی پڕ لە تەسەلیم ڕادەکێشن و چەشنە لە خۆ چوون و لە خەوڕا چونێکی بەتام لە دەمارەکانم دەخزێنن ، بەڵام بەگورجی و بە هەڕەمە پێشەبرەیان لێ دەدەمەوە و بە لۆمەو رەخنەوە دەخۆم رادەخورم و بە خۆم دەڵێم، نەء ! نەکا دڵت بۆ حەسانەوە ئامێزی ژیانی پڕتەسەلی بکورکێنێت ![1]تەمەنی رابوردوت زەلکەی شۆرەزۆنگی نەکبەتی بوو ، لێی لادەو رەگی بیرەوەریشی هەڵ بقرتێنە . تۆ پێشمەرگەی و چەکی پڕ لە ئانازی رزگاری کوردستانت لە ئانە ...

موچوڕکی چاوەکانم رایەڵی خۆدواندنم لێ دەپسێنن . ورتەی ژانی سەری پەنجەکانم بەڕەوتی مێروو بە باریکە رێی دەماری شان و باڵم بەرەو سەر هەڵدەکشن . ئازار، شەوەئاسایی لەش و لارم رێک دەکوشێ و هەدادانم لێ هەڵدەگرێ . وەک مارانگاز وێک دێم و لە ناو جێوبان دەتلێمەوە . لە چاری ناچاری ددان بە سەر یەکا دەسووم و هاواری هەناوم لە گەروو دادەکوژم .

---

[1] بەداخەوە لە کاتی تایپکردندا ئەم دێڕە پەڕیبوو:

نەکەی خۆت نەوی کەی و ژینی نەرمی جاران سەر و دڵت بگرێ !

... ئای بۆ دوکتۆرێک ... ئای بۆ دەرمانێک کە ئازارو دەردی جەستەم تۆزکاڵێک دابمرکێنێت . ئای بۆ خەستەخانە و بۆ شفابەخشێک .

نەء ! ... نەکەی بەرەگەی ئەم ویستە نەپوختانە بە سەر خۆتا بکەیتەوە ، دوکتۆر و چازان و دەرمانت بۆ چی یە ؟ مەگەر لە سەر پاکی گوندو ئاوایی کوردستان بەڕاگوزاری‌و هەڵکەوتیش تووشی ناوی دوکتۆر دێی کە ئارەزووی دوکتۆری ژوور سەرینت دەکەی ؟ ! دەبێ هەر بەم داو دەرمانە خۆماڵیی پوورە مریەم و چاویلکە کۆنەی مەلاحەمە بچارێی ، شفابەخش و مەرهەمی وڵاتەکەت ئەمانەن !

ئای لەمن ! ... دەستی شکاوم ، چەندە نەزان و گێلە پیاو بووم . تۆ بڵێ من چی و مامۆستایەتی چی ؟ ! تۆ بڵێ بۆ چ لە جیاتی دە ساڵ هەڵمژینی تەپ و تۆزی فێرگە و چێژەی رەنجی بارهێنانی ڕەوەدە منالی کەچەڵی ورگن و لینگ باریک ، رێی دوکتۆرایەتیم نەگرتە بەر ؟ بۆ چ نەبووم بە دوکتۆرێکی حاڵزانی کۆچەرو گەڕۆک کە سەرم بە گشت هۆدە و کۆختە ورەشماڵی سەروخواری نیشتمان دابکردایە و بۆ زام و ئازاری گیانی کوردی هەژار هەتوان پێژ بوویایەم . بۆ چ نەبووم و نەم کرد کە مەرهەمی دەستی بەو دمم سارێژ کەری زامی قڵیشاوی شەست تیری دوژمن لە سەر لەشی پێشمەرگەی کورد بێ ؟ چەند خۆش بوو چەشنی " شوایتزێر " توانیبام هەموو تەمەنی ژینم ، هەست و پێنووس و زانایيم لە پێناو ئەو گەلە نابا کە ئەستووندەگی دەواری رەشماڵی چارەنووسەکەی لە چوار لاوە بەقەفی زنجیری بێداد گەو کراوە ...

دیسان ورتەی ژانی دەست و باڵ و شەکەتی جەستەم ، مەلی خەیاڵی لەمنی خەستە هەڵاوارد .

دەڵێن باوی خەیاڵی رووناکبیری شارەیی وەکی زمانی بە هەزار بەند فێری چاوەش وایە ، لە کورتە دەمێکدا بوو کە دارینەیەکی رووت ورەبەن ئەوتۆ بە کووتاڵی تروسکە داری خەیاڵ ئالا پێچ دەکاو دەیکاتە بووکی رەزاسووکی هەریمی پەریزادان کە چاوی قەڵەمی سەدان نەخش ئافەرینی پەنجە زێڕینی پێ دەنوقێنێ . مەلی خۆش رەوتی خەیاڵی منیش بە دەم تاو تویێ جەستەمەوە بەرە و ئاسۆی زیندە خەونی خەیاڵاویم دەفڕێنێ و بەرگی دوکتۆرایەتیم لێ شەتەک دەدا . دەمکاتە چاکی پیر مورادان و بەودەمی هەناسەم کە لە لایانی گەرمێن و کوێستانی کوردستان دەرمان دەکا .

بە خۆم دەڵێم ، ئای چەند ناجوانمێرە ئەو کەسە کە دەرد و ئازاری کۆمەڵی کاتێک دێتەوە بیر کە خۆی گیرۆدەی دەردو ئازار هاتبێت . چەند ناڕەسەنە ژینێک کە چاوی بەزەیی و مرۆڤایەتی لە ژانی گەل نووقاندبێ و هەر بەتەنیا لە دەمی هوروژمەی دەرد و مەینەتی خۆیی ئیمانی هەست بە ژەنگ و ژواری ژینی ئادەمیزاد دەهێنێت .

هەر حەوتوویەک لە مەوبەر ، ئەو دەم کە هێشتا سەرماکاری لێ نەکردبووم ،چەندم کوردی داماوی کزو کەلەلا دەهاتە بەرچاو ، چی هام منالی رووت و برسی و نەقوستان دەبینی . چۆنم وڵاتی دابێژراو بە ناپاڵم دەهاتە بەرچاو کە پێشمەرگەی بێ قاچ ودەست و منالی لابرژاوی لە ئامێزدا دەتلانەوە . ئەو دەمگەمێی " نووح"ی ساغیەتیم لە سەر ئاودەگەڕاو دەربەست بە شەپۆل و گێژاوان نەبووم . ئیمڕۆ تەرکی گەمیەکەم کەوتۆتە نەرمەلیم و خەمی لە گێژاو کەوتوانم هاتۆتە بەر . زۆر جاران هاتوومەتە سەر ئەم هەوایە کە بن و بنچینەی خۆخوازی و ژین پارێزیم خاشە بڕکەم . گەلێک جاران خۆم

داوەتە بەر پلاری تەوس و توانجان کەهەیاران تۆ پێشمەرگەی و ناوی خۆت بە خۆتەوە بەستراوە . بڕیارتە چۆنیەتی مەرگی خۆت بۆ خۆت دیاری کەی و بەڵێنت داوە بۆ گەلێک تێ بکۆشی کە فەرمانی مێژویی " یان کوردستان یان نەمان " یان پێ خەڵات کردووی .
پێشمەرگەی وڵاتێکی کە چیاو رووبارو لێوەوارەکانی پس پس و لەت لەت کراون و هەر پۆلە کوردەی بە جەرگی دابڕاو لە سووچێکی ئەم شەوە زەنکە بەخسیری زۆردا رێک کراون، ئەدی کە وایە چۆنە سوودو زیانی خۆیی سەرودڵت دەگرێ ؟ ! چۆنە بۆ سرەواندنەوەی ئازاری جەستەی سەرماگەزتەت دوکتۆرو هەتوان پێژان لە دار دادەتاشی ؟ ئەگەر کەڕامەتی بیری تیژت ئەوتۆ فریارەستە و لە هانا و پەنای دا دەبیتە " سولەیمانی نەبی " و مافوورۆ ـ چکەی زەین و ئەندێشت بەسەر بەحرو چیاو هەڵەمووتان دادە گەڕێنی ، بۆ چ ئەم هەست و بیرە ناخەیتە نووکی قەڵەم و بانگەوازێک لە دوکتۆرو چازان و هونەروەرە خەواڵوەکان ناکەی ؟ لە پێخووستی پێنووسەکەت بۆ چ ئاورینگی گڕکانی یادی شۆڕە لاوانی شەهیدی کورد نانێژی بەشکەم سڕی و بێ هەستی لە گیانی بە خەوتلیساوان بستێنی و لە خەستایی خەو رایان بچڵەکێنی ؟ ! بۆ چ سەری شابالی مەلی و شەبە پەرەنگەی هاوار و نزاناهۆ ـ نیەوەو بەرەو بارەگای سەرقافڵە سالارانی خێڵی رامیاری ئەم گەلەی هان نادەی تاکوو بەڵکو باوی هەنگاو دەگەڵ رەوتی رەوانی مێژوخۆش کەن و شوێنی بێ سەرو شوێنی کاروان کوژەکەی خەیاڵ هەڵ نەگرن ، نەوەک خانوورەملێنەکەی هەژاری کورد تووشی تەپینەوەیەکی چەند جارەکی بکەنەوە ....

بە خۆم دەڵێم ، بۆ چ بوویتە داڕۆغە باشی و لە رینەوەی هاواری بانگ کێشانەکەت هەر لەبەر هەیوانەکەی مێشکتا دەنگ دەداتەوە ، ئەو لاترێکی مەشخەڵە هەڵپڕوکاوەکەت بڕوانە . بڕوانە رێ ڕەوانی لە بەر چووی رێبازی مەزن بوونەتە مامانی بەرکۆشی ئاوسە پیرەزاڵێک کە بە گەرای جەمام بووی کۆنەپەرەستی هەزار ساڵی رابوردوی مردوو ئاوس کراوە... سەد مخابن بە فەرمانی هێلی لادراو لە شۆڕەکاتی قسرو نەزۆک دا تۆوی هیوای بێ سەر و شوێن دەنێژن ... ئەو لاترت چەتە و رێگرانی مێشک و باوەڕ ببینە کە چلۆن خەریکی رێ بڕین و دابڕینن . هۆزی تۆ بە چەخماغەی هەڵمەت و قوربانی دەروونی"والفتح" و" والفجر" ەکان دادەقەڵەشن و کازیوەی بەیان لە بەندی شەوە زەنگ رزگار دەکەن، ئەوان بە جەستەی دوازدە تویژو مێشکی کورد نەویستەوە حەفتا دەرگای بەندەواری دەتەقێننەوە ، هەتا بە سیحرو ئەفسوونی تازە ساز کراو هەتاوی لە گەل سەرنەکەوتوو دەوار پێچ بکەن ...

ئەو لاترت کورد کوژانی ئۆگری پارە ببینە کە چاوی شۆڕو داچۆڕاوی پڕ لە نامەردی بە پەڕۆی شین پەردە پێچ دەکەن و لە هەر چواربەران سێبەری رەشی داگیرکەران بەرەو کوردستان دەخزێنن ...

بۆ چ بە تەزیوی کش و مات ماویتەوە ؟ دەستی داماوی لە ئەژنۆ بکەرەوە و دەمێک لە لان بترازێ . هەڵسە هەلەکەی ناسکە ، خەوتن و خۆ بواردن کاری کردن نی یە . راکشان و تخێڵ بوونی ناو هۆدە گەرمەکەی مەلا حەمە بە نەقوستان و لەپێ کەوتووان بسپێرە. گوێ بدێرەو ببیسە کە نرکەی پڕ خرۆش دەگەڵ خرمەی چەکی هەڵمەت بەرانی کورد ئاوێتەی یەکن و گوێی دیدە کوێرانی کورد دەسمن .

تۆش پەردەی سەرسامی چوون و نەچوون بەیەکجاری وەلا بەرەو هاواری وڵاتەکەت ئاڕاستەی پاشکۆی کەحێلی قەڵەم بکە . نووکی رمبی تیژی قسە بەژەهراوی تووڕەیی

ئا و بدەوە بەڵکوو لێڵایی پەڕێن بێ و سنگی کابووسی بەر چاوی گوێ گرانانی لە خۆبایی ئەم گەلە بڕوشێنێ . سەرگرانانی ئەستۆلەڕی بێ پێز کە لە سەر خوانی گەل خۆش لەوەڕ و چاک لەوەڕن بە تیری تانووت بنگێوە و دێوجامەی جەردەیی بۆرە پیاوانی رازاوە بەخشڵی پیرۆزی خەبات لە بەر یەک دادڕە . رووی بە ژەنگاو داگیراوی دووریەرێزانی دەم و زار پڕ لە قسەی بەتاڵ بە تیژاوی شەرمەزاری بتاوێنەوەو پەیکەری هڵۆڵی "بوالهول" ەکان بخرێنەوە کۆشی رەشی مێژوی مردوو ...

داخەکەم ... شریتی داخ لە دڵی و کلۆڵی لە نێوان مێشک و زمان دا چەند و چۆن بە بێ پسانەوە لە هاتن و چوون دان ، پێم وایە ئەگەر تر پەی پێ و جیرەی دەرگا وەک لەمپەر خۆیان نەخزاندبایە نێوانیان ، دەگەڵ کوڵ و کۆی کڵی دەروون حیسابمان لێک دەکردەوەو باری گران لە سەر زمانی نەپشکوتوو وەلادەچوو. بەڵام بە گەڕانەوەی مەلاحەمە و میوانەکانی چوار چێوەی بیرکردنەوەو خۆ دواندنم لە گرێژەنەچوو...

خانەخوێ بەرەسمی میوان گری و یاسای غەوارە پەروەری کوردەواری خەریکە خۆ دەبەڵ میوان دەمرێنێ و بەروماڵ پێشکەشی تازە دیوناسان دەکا. منیش بە دەستەکوتە پێخەفەکەم رێک دەکەمەوەو بە هەویای بیستنی دەنگی ناسیاوان هەستم دەکار دەکەم .

زۆر چاوەڕوان نامێنمەوە ، دەنگی ناسیاویان تیدا بەدی ناکرێ ، بەڵام سیرەی رەخت و فیشەکدان و زرم و کوتی قۆنداغە تفەنگان بە گوێم ئاشنان و لە مەڵبەندی رزگارکراو دا نیشانگەی بوونی پێشمەرگەن .

دڵم فێنگ دەبێتەوە و ئۆخژنێکی حەسانەوەم بەهەناو دادەگەڕێ. دەڵێم ئێمشەو هاواڵ و هاودەنگ زۆرن و دەکرێ بەڕاشکاوی وڵامی پرسیاری خەڵکی لادێ بدرێتەوە .شەوانی رابوردوو بە هەموو تواناوە دەخۆم دەنووسام بەڵکوو بڕستی دەگەل خەڵک چارانم هەبێت و لە وڵامی پرسیاریان نەمێنمەوە ، کەچی دەردو ئازار و تەنیایی دەرەتانیان لێ دەستاندم و زۆر جاران لە پشوو دەکەوتم . ئێمشەو بادیوەخانەکەی مەلاحەمە سەدهێندی شەوان لە خەڵک ژاوەی بێت ، یان با دەردو ئازار لە مێشکم دا گەرای ژان بتەنێ پەکم ناکەوێ و حەوجێ بە پشوودان و حەسانەوە نابم . بەقین هەرەوەزی تێکڕا بیمان گەلێک هەودای ئالۆزکاو رەها دەکا . هەر ئەوە ندەم بە سە بنەی قسەی دا بمەزرێت ، ئەوسا وەرەو گوێ لە غوڕە رادێرە ...

نازانم قەت بە نیازی چوونی سەرزەماوەندێک خۆتان رازاندۆتەوە و بە ئەرخەیانی و بە فیزەوە بە بەر چاوان دا ڕابوردوون کە لە پڕ لە سووچی پەنجەرۆکەی سەر کۆڵان بە جام تاسێکی پڕ لە چڵپاو کرابێتنە بەرگنی خووساو ؟ ! ئالەم هەلە دازەردە خەندەی یارو زرە خەندەی نەیار چ تام و چێژکەیەک بە دڵ دەبەخشێ ؟ !

مات و کەیل بە کپی ماومەتەوە . برادەرێک لە نێوشەو کۆڕی میوانان دا خەریکی وتنە . وتەکانی کتێبی و قوڵن و لە رادەی گورچووی کۆمەڵەکە بەدەرن . رستەکانی بە وشەی قەڵەو دەئاخنێو بە جێ هەوای دەنگ دەگۆڕێ . تومەز هەر هەر لاپەرەیەکی کە دوو مانگ لەمەو بەر بەزەینی ئەسپاردووە ، خەریکە لێرە وەردی دەداشەوە ! دەنگی باوێشک و هات و چۆی سە پەلەی دەنکە تەزبێحان ماندو بوون و بێزراویان لێ دەباری. جووڵەو مشەی دانیشتووان ئەم ترسە دەخاتە دڵی پیاو ، کە نەکا لە بەر شەکەتی ماسیبن و جێگایان بەرەو دەرگا لێژ کردبێتەوە . دووسەعاتێک ئەو بەهەوا دەدوێ و خەڵکی ماندو

به هه‌زار چه‌رمه‌سه‌ره به‌رگه‌ده‌کرن ، ئه‌وسا ده‌نگی نزم ترده‌کاته‌وه‌و ده‌ڵێ " هاو وڵاتیانی شۆڕشگێڕ ! پوخته‌و بناغه‌ی مه‌به‌ستم له‌م کورته وتاره دا پێشکه‌ش‌کردن ، ئه‌وا بۆ به‌شداریتان چاوه‌ڕوانی پرسیاره‌کانتانم ، هه‌تا به یاریکاری ئێوه وت‌و وێژێکی به‌رهه‌م داربه ئه‌نجام بگه‌یه‌نین " .

له په‌نام ،نه‌رمه پرخه‌ی جوتیارێک به گه‌ڕانه‌وه‌ی بێ ده‌نگی ، ده‌سره‌وێته‌وه. کورته ماوه‌یه‌ک نه له خه‌ڵک هه‌ناسه‌یه‌ک وه نه له چاوساغه‌کان وته‌یه‌ک به گوێی بێ ده‌نگی داده‌خوێندرێ و مرته‌ق له ژینه‌وه‌رنایه . له پڕ و ناکاوێک هاوڕێیه‌کی تر به هه‌موو تواناوه ئه‌سپی قسه‌ی به پڕتاو هان ده‌دات . له کورده‌واریدا باوه ده‌ڵێن: "خۆزگه به‌پار". دێمه سه‌ر مه‌سله‌کی ئه‌م وته‌یه و به دڵ داخوازی دووپاتکردنه‌وه‌ی کورته وتاره‌که‌ی پێشووم. ئه‌مه‌یان، نووکی زمانی کردۆته قه‌ڵه‌مه‌ی ئاسن و سماته‌ی ره‌قی قسه‌ی پێ دادێنێ.زۆر تووڕه‌یه‌و له کاتی تیر و شیر سوونه‌وه‌دا هه‌ر پشکۆ ئاگره و له که‌لامی ده‌پڕیشکێته‌وه.

له گه‌رده لولی گوتاره‌که‌ی دا هه‌ر به ته‌نیا بیرو باوه‌ڕی خۆی له گوێن توولی ریزه‌ڵه مارانه به‌ره‌و سه‌ر به‌رز ده‌بێته‌وه و بیرو باوه‌ڕ و بۆ چوونی دیکه له‌ت‌و کوت ده‌کرێ و ده‌خرێته زبڵدانی مێژۆ وه . پێ ی وایه ناوه ڕۆکی بزوتنه‌وه‌ی هه‌موو کوردستان له سه‌ر قامکه تووته‌ی په‌نجه‌ی به‌هێزی ده‌گه‌ڕێ و هێزه‌کانی تر سۆره‌و تۆره‌ن و ئه‌شێ وه‌لاچن . له گوێ دێران بۆ چ بزر بێ که هێزی له بن‌نه‌هاتووی هه‌ڵپاچ داپاچیان له هه‌موو کورده‌واری دا ده‌گاته چه‌ند جار ده‌یی و داخیان به دڵ ، له به‌ر کاڵ و کرچێتی، له هه‌ر زۆرانبازێکی فیکری چل سواره یه‌کیان لێ غه‌یب ده‌بێت !

سێهه‌م و چواره‌م هه‌ڤاڵیش هه‌و هه‌وێکیان کرد و نرکه‌یان وه‌ک گرمه‌ی هه‌وری نه‌زۆک گوێ ی چوار دیواری ژووری له‌رزانده‌وه ، که‌چی به هه‌ر چوار لایان خه‌وی چاوی چوار خه‌واڵووی په‌ناڵیان بۆ نه‌تارا . ده‌سته‌چیله‌ی ژێر ئاگرۆکی هه‌ر چوار کوانوان باس و خواسێک بوو که رووکه‌شه‌که‌ی بۆنی چاره‌نووسی گه‌لی لێوه ده‌هات . چاره‌نووسێک که داێپیا هێنان و حاشا لێ کردنی بۆته به‌رده‌بازی ده‌می ته‌نگانه‌و فه‌رعانه‌ی به‌ر به‌یان و ئێواره‌ی گه‌لێک که‌س‌و ناکه‌سان وه ئه‌وا ئیمشه‌ویش له هه‌ر ئاگردانه‌ی به‌ره‌نگێک ده‌ئاییسێ و به شنه‌ی لا بایه‌ک له گڕ کێشانه .

به نه‌رمه سرکه‌ی ژێر لێو به خۆم ده‌ڵێم ، چه‌نده نامۆی یه‌ک‌و نه‌بانی خۆیین بۆ چ هه‌ر وه‌کی پشت‌به‌زارکی ئه‌شکه‌وت راگیراوه‌کانی " ئه‌فلاتوون "ی تارماو سێبه‌ری له‌رزۆکمان لێبۆته جه‌وهه‌ری راستی ؟ بۆ چ خۆ کرد و به ده‌ستی زۆر خۆره‌تاو قاڕه تیشک ده‌که‌ین و سه‌رچاوه‌ی تاریکی ئه‌نگوسته چاو به‌رووی خۆمان داده‌که‌ینه‌وه ؟ چونه ده‌راوی فامه‌که‌مان کردۆته مۆڵگه‌ی گه‌وزینی گشته گزیرێکی شه‌و په‌ره‌ست و قورسه‌کی وه‌باڵی نه‌دیویان وه‌ئه‌ستۆی مێژوویمان ده‌گرین ؟ هه‌تا که‌ی گیان له سه‌ر ده‌ست ، مل به په‌تی نادیار ببه‌ستین ...

ده‌نگی نه‌رمی مه‌لا حه‌مه وه‌ک شنه‌ی چێشته‌نگاوی پووشپه‌ڕان وری‌نگه‌ی که‌م سۆی من و بێ ڕه‌جلی و داچۆڕاوی ناو ژووره‌که‌ی هه‌ڵوه‌ژاردو هێدیانه گوتی :

"... گه‌لێک ده‌وورو سه‌رده‌مانم به سه‌ر دا تێپه‌ڕ بوون . زۆر حاکم و خاوه‌ن ده‌سه‌ڵات چه‌ق و ته‌فیان به سه‌ر دا رژاندووم . ته‌می به‌ندیخانه و شوێنه‌واری که له بچه چه‌شنی دوانه‌یه‌ک پێ به پێ ی هه‌نگاوی هه‌موو ژیانم له گه‌ڵما هاتوون . سووکایه‌تی نه‌ما پێمی

نەکەن . کرامە کەڵەشێرەکە و لە هەرچوار لایان لە شین و شایی دا فتوای سەربڕینم درا و بە سووچ و تاوانی کورد بوون نەهەنگ و پڵینگیان بەگژ دا کردم . هومێدی هەڵمژینی رزگاری و بینینی کۆترە سپیلکەی ئاشتیم لێ کرایە خەون وترا ویلکەی سەرشۆرەکاتان .

هەرکە هات باڵ و پەڕێک دەرکەم و ببووژێمەوە فەرتەنەیەکیان بۆ رێک خستم و برای بڕبڕەی پشتیان بەر ئەنگارم راگرت و بە گژ یەکیان دا کردین . بە هەزارانی وەک من بە هیوای چێشتنی تامی سەر بەست بوون ژیان و هەر بەم ئاواتەشەوە سەریان نایەوە . کۆمای گشتی جیهانی و ئۆگرانی ئاشتی سەرزەوی خۆ لە کوشتن و توێ توێ کردنم کاس و گێل دەکەن . جێ هومێدەکەی رەنجبەرانیش لە راست منەوە لە سەر فەرمانی یارمەتی گەلان بۆ دیاری کردنی چارە نووس هەڵدێراوە . منی لەت و کووت کراو بوومەتە پاناوکی شەر ناخیوی رەگەز پەرەستانی عارەب و عەجەم . خۆشم لە بەر مڵەو مڵۆزمی ناوخۆ و ناتەبایی خۆماڵی ئۆقرەی راوەستانم نییە .

ئیمڕۆ چۆنم ؟ دەبینم ئەوا پاش تەمەنێک رەنج و خاکەساری ، شۆڕشەکەم هەڵگیرساوەتەوە . هەتا چاوبڕ دەکا هەر پێشمەرگەیە و نیشتمانی کورد بە خوێن دەپارێزێ. نمەک گیری خوێن دەبێ دڵێک کە تەزووی بێ مەیلی پێشمەرگەی پێدا بێت . بەش بە حاڵی خۆم ئەو سەرەی کە لە راست بیستنی ناوی پێشمەرگە لە نگەری رێز نەگرێتە بەرشیاوی لەنگەری ژێر قەنارەی دەبینم . بەڵام خوا رەوای ببینێ !! گوڵبژێری هەمە چەشنە بیرو باوەڕ ، لە ئاڵا هەڵگری دیموکراسی و لایەنگری چەوساوەو خەم خۆری گەلەوە بگرە هەتا دەگاتە هێزی رەنجبەرو پاڵەو شوان و جەماوەر چەشنی تۆفان لە جۆش و خرۆش دان . سەرپاکیان بەگشتی گرژو دژی چەوسێنەرو داگیرکەرانن و بێ کەم و زیاد بڕبڕەی پشتی گەلن. هەر یەک بە دەم و هەوا یەک بە گوێم دا دەخوێنن ، بەڵام هیچ لایەک خەتی یەک ناخوێننەوە.

ناشارەزای لاوەیی دەبێ پێی وابێ کە داگیرکەرو چەوسێنەری ئەم ولاتە بە حەوت کاڵەی ئاسنینەوە شەو بە کێو لە هەڵاتنەو رەنگە بە زیندە خەونیش رووی ئاوەدانی نەبینێتەوە .

گوێی شەیتان و ئۆفاران کەڕو نەبیست بێ ، خوێن خۆرو خوێن مژی ئەم گەلە **لەم توولە** لاوێنانە نین کە بە هەر بایەک رابژێن . داگیرکەر ، ناسۆری تێکەڵاوی مێژووی چەند سەدەمانەو تینووی خوێنی کوردە . بۆ هەر مانەوەی خۆی ، دەروازەی زانست و تیکنیکی لێ گاڵە داوین و بەشی خێڵەکی و کۆیلەتی بۆ هێشتوینەتەوە . زۆربەی زۆری دانیشتووانی ئەم کوردستانەی بە کۆت و بەندی نەزاشینەوە بەرەو رووگەی کۆنە پەرەستی ، یەخسیری حوکم و فەرمانی چارەنووسی دیاری کراو !! راگرتووە . لە هەشتی نیشتە جێیانی ئەم ولاتە مشتێکی بۆرەوەرزێروسەپان و سۆغرەکارن کە لە باری بەڕێ چوون و شەو و رۆژ کردنەوەیان لە رادەی هەزارانی سەدەکانی ناوەڕاست دا رۆژگار دەبەنە سەر و پێوانەی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیان هاوتای ژیانی خۆماڵییانە .

برایانم ! خۆتان داوەری تەرازو بەدەست ، ئەرێ رەوای حەق دەبینن کە منی ساکاری لادێیی لە چوار بەحری مەنگی قسەتان ببمە مەلەوان و گەوهەری پرشنگداری بزربوو لە تەرکی بەحرێک دا بدۆزمەوەو بیکەمە مەشخەڵی رێبازی تاریکم ؟ ! ئەرێ باش و بەجێتر نییە خۆتان جارێکی تر بەرەو میحرابی پەیام دەرەکانتان بادەنەوە و بە پێی باڵی پەڵە هەورەکانی ئەم ولاتە هەوینی گووراندن لە کانی نامیلکەکان هەڵێنجن.

وە ئەوسا پەلکە زێڕینەی زانین بە بارزنی خونا وکەی راهێنان لە گەردنی چیاکان هالێنن هەتا " زانین و چەک و چیا " بەرەگەی داس لە مست و کوتک بەشانی ئەم گەلە بەرەو سەرکەوتن بکاتەوە ، دەنا دوژمن " شەختە" یە و سەوزەڵانی شۆڕش بە بێ بەرگ و بەری زانین کەسیرەی شەختەی دوژمنە ... "

دەنگە نەرمەکەی مەلا حەمە لە گوێم دا دەزرینگێتەوە . کەوتوومەتە بەر ئەم قەرارە هەرکە سۆمایی چاوەکانم گەڕانەوە ، بە دەستی پڕ بەرەو فێرگەکان بگەڕێمەوە و منالە کەچەڵە لینگبا ریکە ورگنەکان ئەوتۆ پەروەردەکەم کە وەک قورینگی دەم شەتاوان مەلەوانی خوڕێنک و گۆماوان بن .

کوردان ـ پاییزی ١٩٨٣

ooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooo

.......... پیاو خۆی سەری خۆی نەخورێنێ کەس نایخورێنێ !. ئێمەی کوردی پەرێشان لەم رۆژەدا کە هەرکە دەست بۆ دەمی خۆی ئەبا سەیر ئەکەم بە پێچەوانەی ئەوە دەست بۆ دەمی خەڵک ئەبەین ! رابوردووی مێژوومان ئاگاداری نەکردووینەتەوە کە ئیتر بەس بێ و واز لەو رێگەیە بێنین !...

بەڵێ ! من ئەڵێم ئیمڕۆ ئێمە "کاس"ین ! بەڵام کاسی تاکەی ؟ تاکەی، هەموو عالەم هاواری قەومییەتی خۆی ئەکا و کەچی ئێمە هەر خەریکی شەنکردنی خەرمانی غەیرین !...

کورد ئەبێ دەست بە قەومییەتی خۆیەوە بگرێ.بە تایبەتی خوێندەوارە- کان نەخوێندەوارەکان تێ بگەیەنن کە تا ئێمە ئەمە حاڵمان بێت و بێگانە بین لە مێژوو و ئەدەب و راز و نیازی قەومی خۆمان هەروا وەکو ئەم چەرخانەی رابوردوو بە وێنەی ئاردی ناودڕکان ئەمێنینەوە !

جا بۆ ئەوە لەمە زیاتر سەرلێشێواو نەبین با دەست بە داوێنی قەومییەتی خۆمانەوە بگرین و ببین بە کوردێکی راستەقینە ، دووبەرەکی فڕێ دەین، سوودی یەک بخەینە بەرچاو ، بۆ قازانجی تاکەنەفسی خۆمان سوودی گشتی نەدۆڕێنین، کوردایەتیمان لە پێش هەموو شتێکەوە بێت ، گەورەی خاوەن پایەمان پایەکەی هەڵینەخەڵەتێنێ، ناوی چاک لە پایەی بەرز گەلێ چاکترە ، پیاو کۆزەری هەرزنی خۆی بخوا گەلێ لە گەنمە قەندەهاری خەرمانی غەیری خۆی خۆشترە . قەومی ئێمە بێکەسە ، خۆمان نەبین بە کەسی، کەس نابێ بە کەسی.

١٠-٦-١٩٦٠

عەلائوددین سەججادی

هەمیشەبەهار : سەرەتا

بەغدا ـ ١٩٦٠

شاعیرانی زیندووی کورد بناسین :

# مەلا کەریمی فیدائی

بە کۆششی :

## سەیید محەممەدی سەمەدی

شاعیری پڕهەست و ناسک خەیاڵی کورد ، مامۆستا مەلا کەریمی فیدائی دانیشتووی کاوڵانی سەردەشتێ ، لوتف و مەرحەمەتێکی تایبەتیی لە گەڵ من هەیە کە فەخری پێوەدەکەم. لەو رۆژانەدا تکام لێکرد سەرگوزەشتی خۆی بە قەڵەمی خۆی بنووسێ و بمداتێ. دوای چەند رۆژان جوامێریی کرد و زەحمەتی کێشا و کورتەیەکی لە ژیانی پڕ تاڵی و سوێری خۆی بۆ نووسیم و بۆی ناردم لە گەڵ چەند نموونە لە شیعری کوردی و فارسی . لێرەدا عەینی سەرگوزەشتەکەی مامۆستا مەلاکەریم نەقڵ دەکەمەوە :

بە نێوی خودای گەورە :

ئەمن نێوم کەریمە ـ نێوی خانەوادەگیم هونەرمەندە و لە شیعرو وێژەوانیدا مەشهوورم بە فیدائی . لە ساڵی هەزارو سێسەدو حەوتی ( ۱۳۰۷ ) هەتاوی لە گوندی " سی سێری " کە یەکێکە لە گوندەکانی گەورکی سەردەشت ، لە یەکێ لە بنەماڵەکانی وەرزێریدا پێم ناوەتە ئەم جیهانە پان و بەرینەوە . بابم نێوی " سمایلە" و لە رەچەو رەگەزی تایفەی ـ بامەڕەیە ـ کە قەومێکن هەر لە کۆنەوە هەتا ئەورۆ لەو گوندی سیسێریدا نیشتە جێ بوون و ئەورۆ کەش بنەماڵەیێکی زۆر لەو دێیەدا دەژین و ماون. دایکم نێوی " ئامان "ە کە نەژادی وی وەکوو بیستوومە دەچێتەوە سەر رەگەزی کوردی جاف . لە کاتێدا کە تەمەنی منداڵی من دەگاتە سێ مانگی ، بابم لە خاوەن موڵکی گوندی سیسێری دڵی نارەحەت دەبێ و بە پێی رێ و شوێنی ئەو سەردەمە لە دێی سیسێری دەگوێزێتەوە و دەچێتە گوندی " کانێ رەشی " کە یەکێکە لە گوندەکانی گەورکی مەهاباد . ئەمن لەو گوندەدا گەورە بووم و دەوری منداڵیم بە سەر بردووە . بابم هەر چەند بێ سەوادو نەخوێندەوار بوو زۆر عیشق و عەلاقەی لە گەڵ خوێندن و زانیاری هەبوو و بە جۆرێکی وا پابەندی عیلم و زانست بوو کە تەواوی کتێبە وردیلەکانی وەکوو سمایل نامە ـ ناگەهان ـ جورم بەخش ـ عەقیدە ـ مەهدی نامەی لە بەر بوون و دەی زانین. جا هەر بەو بۆنەوە لە تەمەنی حەوت ساڵیدا ئەمنی نایە بەر خوێندن و دەستم کرد بە سیپارە و خوێندنی قورعانی لە لای مامۆستای ئاوەدانی کە نێوی " موحەممەد" بوو و لە گەڵ بابیشم خزم بوو . وێستا قورعانم بە سێ یەک نەکرد بوو کە دووبارە بابم لە لایەن خاوەن موڵک دڵ هێش کرا و لە دێ ی کانی رەش کۆچی کرد چووینە گوندی ـ " وەرگێڵ"ـ کە ئەویش دێیەکە لە گوندەکانی گەورکی سەردەشت و لەوێدا نیشتە جێ بوین و لە خزمەت مامۆستای ئەم گوندە کە بە "مەلا عەبدوڵڵای خەندانی " مەشهوور بوو قورعانم تەواو کردو کتێبەکانی وەکوو : جورم بەخش ـ ناگەهان ـ سمایل نامە ـ عەقیدە ـ و بابی ئەوەڵ لە گوڵستانی شێخی سەعدیم لە خزمەت ئەو مامۆستایەدا خوێند. لە پاشی دوو ساڵ مانەوە لە گوندی وەرگێڵی دا ئەمجارەش ماڵێکی ئەو گوندە دڵی بابمی زۆر ئێشاندو سەد

برو بیانووی لێگرت و بابم ناچار بوو لە پاش چەند ساڵ دووری و دەربەدەری لە خاکی باب و باپیری خۆی بگەڕێتەوە بۆ نێو خزمەکانی جا ئەوە بوو کە هەر لە وەرگێڵی باری کرد چووە نێو گوندی سیسێری و هەتا کاتی مردن لەوێ مایەوە . ئەمنیش لە سیسێری لە حوجرەی فەقێیان کە مودەڕیسی ئەو حوجرە ماموستا سەید حوسێن حوسێنی بوو دەستم کرد بە دەرس خوێندن و کتێبی گوڵستانی سەعدیم لە فارسی دا خوێند و تەواوم کرد، لە پاش ئەوە دەستم کرد بە دەرسی عیلمی عەرەبی و کتێبی تەسریفی زەنجانی ـ عەوامیل ـ و ئەنموزەجم خوێند . وێستا کتێبی " ئەنموزەج" م تەواو نەکردبوو کە بابم ، تەنیا هومێدی گەورەی من لە ژیانمدا ، چاوی لە دونیا پۆشی و مرد و ئەمن و دایکم و برایەک (قادر ) و خوشکێک (ئایشێ ) بێ سەرپەرست ماینەوە . برایەکی لە خۆم گەورەتر هەبوو بە نێوی "رەسووڵ " کە دایکمان جوێ بوو ، بینابە وەسیەتی بابم ئەو بوو بە سەرپەرستی ئێمە ، چوون بابم وەسێتی کردبوو کە دەبێ کەریم هەر بخوێنێ و نابێ دەس لە خوێندن هەڵبگرێ . خودا هەڵناگرێ رەسووڵی برام ئەوەندەی کە بۆی کرا لە خزمەت کردن بەمنو ئەوانی دیکە کۆتایی نەکردو ئەمنیش لە سەر ئەو هەموو دەردی سەری و فەقیری و نەداریەی کە رووی تێکرد بووین لە خوێندن دەست بەردار نەبووم و بە هەر کوێرەوەریەکی کە بووبێ کتێبی : ئیزهار ـ تەسریفی مەلاعەلی ـ وەزع و ئیستیعارە ـ جامی م تەواو خوێندن و دەستم کرد بە کتێبی سیوتی ـ جا لەو کاتەدا ئارەزووم دەکرد کە ماوەیێکی بۆ دەرس خوێندن لە دێی سیسێری بچمە دەرێ . هەر بەو بۆنەوە رووم کردە مەملەکەتی بانەو لە گوندی " سیوچ " لە لای"ماموستا مەلا برایم " کە مودەڕیسی ئەم گوندە بوو دامەزرام و لە هەوەڵی بەهار هەتا هەوەڵی پاییز لەو گوندەدا مامەوەو کتێبی سیوتیم تەواو کرد. لەو ساڵەدا بوو کە حەمەرەشید خان کە یەکێ بوو لە سەردار عەشیرەتەکانی وڵاتی عێراق ، لە بەرابەر هێرشی لەشکری دەوڵەتی ئێرانی دا لە شاری سەقز شکستی خوارد و بەرەو شاری بانە گەڕاوە و لە ئاکامدا تەواوی شاری بانەی سوتاندو ئاوری تێ بەرداو بەخۆی و داروودەستەکەیەوە رۆیشتنەوە بۆ خاکی عێراقێ . لەو کاتەدا خەڵکی دێهاتی بانە لە ترسی قشونی ئێرانی هەموو رەوین و گوندەکانیان چۆڵ کردو ئەمنیش وەکووخەڵکی دێی سیوچ رەویم و هاتمەوە گوندی سیسێری و لە خزمەت ماموستا مەلاعەبدورەحمانی سیسێری کە لە تایفەی خۆمان بوو و ببوە مودەڕیسی حوجرەی سیسێری دەستم کرد بە دەرس خوێندن و کتێبە عیلمیەکانم زۆرتر لە خزمەتویدا تەواو کردن هەتا گەیشتمە کتێبی ـ موختەسەری ـ ئەوجار لە سیسێرەوە چوومە " هەنداوە " کە دێیەکە لە دێهاتەکانی سەردەشت ، ماوەیەک لە خزمەت ماموستا مەلا حەسەن حەزیبی دا مامەوە و لەوێشەوە چوومە شاری سەردەشت بۆ خزمەت قازی عەلی و ماوەی شەش مانگان لەم شارە مامەوە ، لە پاشان بەرەو ـ "تورجان " ـ کە دێیەکە لە گوندەکانی موکریان وەڕێ کەوتم و لە خزمەت ماموستا مەلا" عەبدوڵڵای موحەمەدی سوتویی " لە گوندی ناوبراو دا دامەزرام و کتێبی " گەلەنبەوی بورهان "م لە خزمەت دا خوێند ، ئەوجار بیستم کە حوجرەی گوندی "نمە شیر" ـ کە ئەویش دێیەکە لە گوندەکانی بانە ، چۆڵەو فەقێی لێ نەماوەوە هەرکە ئەو خەبەرەم بیست دەستم دا کتێب و لێفە و بوخچەی خۆم و بە تالووکە بەرەو گوندی نمەشیر وەڕێ کەوتم و لەوێ لە خزمەت ماموستا مەلا ئەحمەد حەیدەری دا دامەزرام و ئەو کتێبە عیلمانەی کە مابوون وەکو : جەمع ولجەوامیع ـ تەشریح ـ ریسالەی حیساب و تەهزیب م لە خزمەتویدا تەواو کردو لە پاش خوێندنی ئەو کتێبانە ئیجازەی ئیفتاو

ئیرشادی دامێ و لە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی کارنامەی مەلایەتیی بۆ نووسیم و گەڕامەوە بۆ گوندی " سیسێری " و لەوێش ڕا بۆ مەلایەتی چوومە گوندی " نەستان "ێ کە دێیەکی نێزیکی سیسێری و ماوەی پێنج ساڵان لەوێ خەریکی پێش نوێژی و دەرس کوتنەوە بە فەقێیان بووم و لەوێشەوە بۆ مەلایەتی هاتمە ـ" کاوڵانی " سەرێ کە یەکێکە لە گوندەکانی گەورکی مەهاباد و ئەلئان ماوەی بیست و هەشت ساڵە لەو دێیە دەژیم و ڕۆژگار بە دەرس کوتنەوە بە فەقێیان تێ دەپەڕێنم . هەر لەو دێیەدا ژنم هێنا و ئێستا چوار کوڕو دوو کچم هەیە . لە بارەی شیعرەوە دەبێ بڵێم کە لە تەمەنی شازدە ساڵیمەوە شیعرم کوتووە چوون عیشقو عەلاقەیێکی زۆرم بە وێژەو وێژەوانیەوە هەبوو ئەمڕۆش ئەم عیشقەم هەر هەیە . لە تەمەنی ژیانم دا شیعرێکی زۆرم داناوە هەر چەند لە دەورەی پەهلەویدا سێ (٣) هەزار شیعرم لە بەین چوو و شوێنەواریان نەما ئەڵبەتە زۆرتر لە تەمبەڵی و بێ موبالاتیی خۆم وایان لێ هات ، چوون لە یەک دەفتردا کۆم نەکردبوونەوە و هەموو پەڕ پەڕ و بڵاو بوون ، بە شانازییەوە دەڵێم ئەوڕۆ کە هەرچی هەمن بە نەزم و تەرتیب لە دەفتەران دانووسیومنەوە و ئەوانەی هەر ئێستا لە لای خۆم بە ڕێک و پێکی نووسراون و ئامادەن بریتین لە :

١) دیوانی شیعری کوردی

٢) دیوانی شیعری فارسی

٣) لاس و خەزاڵ لە سێ (٣) دەفتەردا کە جەمعەن چوارهەزارو حەوسەت شیعرە .

٤) نامیلکەی مێژوی ژیانی فیدائی . سەرگوزەشتەی خۆمە لە منداڵیەوە تا ئەوڕۆ کە تاریخی کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەشمانی بە تەواوی تێدا هاتوە ، جەمعەن نێزیکەی هەزارشیعرە . ئێستاش ئەگەر خودا تەوفیقم بدا و عومروەفا بکاو بارگرانیی ژیان و کەندو کۆسپ لێم گەڕێن خەیاڵم وایە کەبەیت و باوی ـ دمدم ـ بە شیعر دانێم و لەو بارەوە خزمەتێکی ناچیز و نالایق بە هۆز و گەلەکەم بکەم .

* * *

زوڵف — شیعری: مەلا کەریمی فیدائی

لەسەر شان و ملی پەخشانە زوڵفی
نموونەی سومبوڵی باغانە زوڵفی

لە شان و پشتی یارم هەڵڕژاوە
وەکوو چەپکەی گوڵ و ڕێحانە زوڵفی

لە دەورەی ڕوومەتی مانگی تەواوی
دەبینی تۆ دەدا خەرمانە زوڵفی

درێژایی شەوی تاریکی عاشق
ئەگەر تۆ دەتهەوێ بڕوانە زوڵفی

غەم و دەردی دڵم دەدرێ وەدەم با
کە دا دێڵێ بە نووکی شانە زوڵفی

دەسی من کورت و زوڵفی ئەو درێژن
لە چەقڵی پەنجەکەم پاوانە زوڵفی

دەنازم من بە تاری ئەو مووانە
کەمەندی گەردنی لاوانە زوڵفی

قەدی یارم کە وێنەی داری سەروە
لەبۆ ئەو سەروە نێردیوانە زوڵفی

لە پەرچی پرچ دا گرتی گیانم
گەلێ بێ روحم و بێ ئیمانە زوڵفی

وەکوو رەشمارە گەر دەڕوا لە لێژی
لە هەردوو لاوە ئاوێزانە زوڵفی

دڵم وەک بولبولی شەیدا دەناڵێ
هەڵاڵەی خاکی کوردستانە زوڵفی

کە دوژمن بێ لەگەڵ عاشق شەو و رۆژ
بە سەد پێچ و گرێ شەڕیانە زوڵفی

لە زنجیری مووانی من دەترسم
وەکوو بەندی دڵم لەرزانە زوڵفی

ئەمن جا چۆن نەکەم شین و نەلەرزم
سەرۆکی خوێنمژ و جەردانە زوڵفی

لە دەورەی قامەتی دێت و دەسووڕێ
وەکوو دێوانە سەرگەردانە زوڵفی

فیدا بۆ وەی بکەی شیعرت بە شانە
ئەگەر تۆ وێژەری بڕوانە زوڵفی .

ooo ooo ooo ooo ooo ooooooooooooooooooooooooooo

## ooooooooooooooooooooooooo باقەگوڵ oooooooooo

دوڵبەرم گەر دێتە دەر دەڕوا لە بۆ کانی و سەراو
دڵ دەلەرزێنێ بە دەنگی خشڵ و بەرموور و دراو

هەر لە تۆقی سەر هەتا بەرپێی لە دەوری قامەتی
ماری دوو زوڵفی دەڕێژێ عەنبەر و عەتر و گوڵاو

کۆڵکەزێڕینەی نیشانی من دەدا بەو زیوەرە
رەنگی رەنگینی لەبەر چاوم دەکا پەخش و بڵاو

گەر دەبینن روومەت و زوڵفی هەموو عالەم دەڵێن
باقەگوڵ کەوتۆتە نێو ڕێحانە و گیابەند و خاو

ئەو لەنێو باغی جووانیدا کە دێ و لەنجەی دەکا
فیتنەیێ بەرپا دەکا پڕ ترس و لەرز و تین و تاو

چاوی بازی پڕ لە ناز و رازە بۆ عاشق کوژی
لێوی خونچەی دانەری سەد فێڵ و مەکر و سیحر و داو

ئاوری گۆنای گەشی سووتێنەری خەرمانی رووح
دوو برۆیی جەردەیە بۆ بردنی هێز و هەناو

هەر کەسێ سووتاوی عیشقی ئەو پەری روخسارە بێ
دادەنێ وەک من لە بانی سەر ئەوا تاجی تەواو

تیری برژانگی وەها داوم لە سینە و دڵ بە قین
تا ئەبەد دەتکێ لە جەرگم نم نمەی خوێن و زوخاو

گەوهەری مەمکی خڕی گەر دێتە هۆدەی دڵمەوە
پێم دەڵێ دەرسی هەنار و (لام) و (یێ) وو (میم) و (واو)

چوومە دەرکی یارەکەم بۆ وەی کە دەرمانم بکا
تاوەکوو چا بێتەوە جەرگ و دڵی لەت لەت کراو

گوڵ بە دەم دەیکوت فیدائی دەربکەن لەو قاپییە
با لە دەرکی من نەبێ مەجنوونی دەست و پێ شکاو.

# سەرنجێك لە گۆرانی و مۆسیقای كوردی

## ناسری ڕەزازی

ئەوی کورد بێ و ئەوەش کورد بناسێ،دەزانێ کە ئێمە نەتەوەیەکی دابەشکراو و بندەستین و ئاگادارە کە لە چ هەل و مەرجێکدا دەژین. لە زمان و فەرهەنگ و کەلەـ پووری نەتەوایەتیی خۆمان بێبەشین و بەو زمانەی بەسەریاندا سەپاندووین ناچارین بدوێین و لە هەموو مافێکی ئینسانی بێبەش کراوین. نە تەنیا بە ڕەسمیمان ناناسن بەڵکوو هیچ شتێکیشمان ڕەسمی نییە.

سەبارەت بەمە فرە شتمان لەدەست داوە و گەلێک گەنجینەی بەنرخی نەتەوایەـ تییان لێ بە تاڵان بردووین.هونەر کە بەشێکە لە فەرهەنگی نەتەوایەتیمان،حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە هۆی دەلالانی هونەرەوە، بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی ڕەش و بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان هەموو کات تێکۆشاون بیکەن بە داردەستێکی ڕێگاخۆشکەر بۆ ئەم مەبەستەیان و لە پاڵیشیا داسەپاندنی فەرهەنگی کۆنپەرستانە بۆ گێژ و وێژ کردنی مێشکی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش و چەوساندنەوەیان لەم ڕێگایەوە.

مۆسیقا و گۆرانیش وەکوو بەشێک لەم هونەرە هەموو کات لەبەر تەوژمی بەرگری و بایەخ پێ نەدان بووەو بۆ سەرگەرمی و ڕابواردن کەڵکی لێ وەرگیراوە،ئەگەریش لەلایەن ڕژێمی حاکمەوە مەیدانی بڵاوبوونەوەی پێ درابێ،تەنیا بەو مەبەستە بووە کە فەرهەنگی ئەو گەلەی پێ کوێر بکەنەوە.

تا لەو جەوە دەژیام زۆر کەڕەت دەمگوت بریا گۆرانیم نەدەزانیو نەدەبووم بە گۆرانیبێژ. بە خۆم دەگوت ڕۆژڕەشترین ئینسان ئەو کەسەیەکە گۆرانیبێژە.ئاخر کامە هونەرمەندی کوردتان پێ شک دێتکە بە ڕۆژڕەشی نەمردبێ و سەد دار و پلار وە هێلانەی نەکەوتبێ؟ کامە گۆرانیبێژ و شاعیر و نووسەری کوردلە ماوەی تەمەنیدا بە حەساوەیی ژیاوە؟ بە تایبەت گۆرانیبێژ! ئایا ئەو خەڵکەی کە بە بیستنی گورانییەکانی کاوێس ئاغا و خەلیلی سەدیقی و حەسەن زیرەک ئۆخژنیان دەکەوێتە دڵ و کوڵ و کۆی دەروونیان دادەمرکێ ، ئاگاداری ئەوەنکە ئەم هونەرمەندانە چۆن مردن؟ ئایا دەزانن کاوێس ئاغا بە تاوانی ئەوەی ئەویندار ی شۆخ و شەنگێک بوو کوژرا ؟ یان ئاگاداری ئەوە هەن خەلیلی سەدیقی بە چ دەردێک مرد؟ بڕوام پێ بکەن زمان و قەڵەم شەرم دەکەن لە دەربڕیـــن و نووسینی سەرگوریشتە و بەسەرهاتەکانی حەسەن زیرەک. زۆربەی خەڵک لە پارچەکانـــی کوردستان ئاگاداری ژیان و بەسەرهاتی گۆرانیبێژەکانمان نین و سەرەڕای ئـــەو تەقەللاو تێکۆشانەی کە دراوە بۆ ڕووخستن و دەرخستنی ئەم ئەرکە،هێشتا ژیانی زۆربەی ئەم گۆرانیبێژانە و بەسەرهاتو ڕابردوویان بۆ کەس ڕوون نییەو هەروەتر،بەسەرهات و شوێنەواری زۆر گۆرانیبێژ و دەنگخۆشی دیکەمان لێ ونە و هیچ شتێکیان لێ بەجـــێ نەماوە،مەگەر ئەوەی ناویان لە سینەی بڕێ کەسدا مابێتەوە، ئەویش نازانم ئایا بیر و باوەڕی کۆن و ڕەوشتی نالەبار و ناشیرن کاری کردۆتە سەر مۆسیقا و گۆرانـــی و دەرهێنەرەکانی، یان بێ بەشبوون لە مافی چارەنووس پەردەی ڕەشی بەسەر پەیکەری ئەم ڕێبوارانەدا داداوە.

تا پێش بزووتنەوەی (ژێ.کاف) لە کوردستانی ئێران ئەوی دەرکەوتبێ ئاڵاهەڵگـــری کاروانی گۆرانیی کوردی وەفایی شاعیر بووە،خەڵکی مەهاباد،کە لە ڕاستیدا بە دوو باڵ فریوە، واتە هەم شاعیر بووە ، هەم گۆرانی دانەر. وەکوو دەنگ هیچ بەرهەمێک لە

وەفایی بەجێ نەماوە تەنیا ئەو گۆرانییانەی نەبێ داینان،کە ئەویش کاتی خۆی من لە پاشکۆی دیوانەکەیدا دیومن. لەبەر ئەوەش مێژووی کاتەکانیانم لێ روون نییە، ناکرێ بە گۆترە دەستیان لەسەر دانێم،وەگەرنە گۆرانیبێژی هاوسەردەمی وەفایی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان گەلێک زۆرن. بەڵگەش بۆ وەفایی بوونی دیوانەکەیەتی و شیعرەکانی.

پاش وەفایی بەپێی ئەو بەراوردەی من کردوومە و پرسیارم کردووە لەوانەیە گۆی مەیدانی گۆرانیبێژی بە دەست مەربێنی قەشە شابیل کە مەسیحی بووە و ئەحەی ناسر و دایکی جەمالەوە بووبێ لە کوردستانی ئێراق.

پاش ئەمانە لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانی بەڵگەیە تاکەسواری مەیدان سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی بووە کە یەکەمین گۆرانیبێژێکە گۆرانییەکانی چووەتە سەر قەوان. لەسەردەمی سەید عەلی ئەسغەردا دوو دەنگخۆشی دیکەمان هەبووە لە مەهاباد بە ناوی سەعیدی ماملێ و حوسێن قاقی کە هیچ بەرهەمێکی دەنگیش لەوان بەجێ نەماوەو سەعیدی مامڵێ باوکی محەمەدی مامڵێ بووە.

جگە لە سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی دووهەمین کەسێک کە گۆرانیی چووەتە سەر قەوان حەمدی ئەفەندی بووە لە سلێمانی. دوا بە دوای ئەمان مریەم خان و کاویس ئاغاو گەلێک دەنگخۆشی دیکە هاتوونەتە روو کە مریەم خان خەڵکی کوردستانی تورکیا بووە و هاتۆتە ئێراق و تێکۆشانی هونەریی دەست پێ کردووە.

بە شوێن ئەمانەدا عەلی مەردان و مەلا کەریم و سێوە و چەندین دەنگبێژی دیکە هاتوونەتە مەیدان، ئەوبا عارف جەزیری و حەسەن جەزیری کە ئەمانەش هەر لەبەر زوڵم و زۆری حکوومەتی تورک و نەبوونی مەیدانی هونەری لە کوردیدا هاتوونەتە کوردستانی ئێراق. پاش ئەمانەش تایەر تۆفیق و رەسووڵ گەردی و حەسەن زیرەک و مامڵێ و رەفیق چالاک و سالح دیلان و خالقی و عەزیزی شارۆخ و گەلێک دەنگبێژی دیکە کە هەر یەکەیان شێوازێکی تایبەتییان هەیە و خاوەن بەرهەمی جوان و رەنگینن.

بەکورتی بڵێم لە سەدەی نۆزدەهەمەوە تاکوو سەدەی بیستواتە ئەم سەردەمە ناوی ١٤٦ گۆرانیبێژ و ٢٥ حەیرانبێژ و پتر لە ٧٤ لاوکبێژم لە کتێب و نووسراوەو بەڵگەی جۆر بە جۆر دەرهێناوە و لەلامن.

جیا لەمانەش لە کوردستانی تورکیا پاش دابەشکردنی کوردستان و دەسەڵاتی عوسمانی تا ئەمڕۆ گەلێک دەنگخۆشی کوردمان هەبووە کە لەبەر بندەست بوون و بێبەش بوونیان لە مافی نەتەوایەتی بە تورکی گۆرانییان وتووە، کە نموونەی کۆنیان جەلال بەگە و هی ئەمڕۆشیان نووری و عیزەت ئاڵتمش و برایم تاتلیساسن کە گەلێک گۆرانیی کوردییان کردووە بە تورکی و پاشکۆی هونەری مۆسیقای تورکییان کردووە.

گومان لەوەدا نییە کە نەتەوەی کورد لە فۆلکلۆردا یەکێکە لەنەتەوە هەرە دەوڵە ـ مەندەکانی جیهان. هۆی ئەمەش تەنیا ئەوە نییە کە ئەدەبیاتی نووسراو نەختێک درەنگ لە ناو کورددا پەیدا بووە، بەڵکوو ژیانی تایبەتیی گەلی کورد و وێنەی جیاواز و گۆڕانی زوو بە زوو لەم وێنانەدا، بوونەتە هۆی ئەم دەوڵەمەندییە.

مارەکە زانایەکی گەورە و زمانەوان و رۆژهەڵاتناسێکی ناسراوە لە وتارێکدا کە ساڵی ١٩١١ نووسیویە ،ئەو راستییە دەردەخات کە فۆلکلۆری کوردی تەنیا لەناو کورد خۆیدا بڵاو نییە ،بەڵکوو لەناو گەلانی تری رۆژهەڵاتیشدا ، وەک عەرەب و فارس و ئازەربایجانی و ئەرمەنی و ئاسووریدا باوە. لەم بارەیەوە مینۆرسکی دەڵێ: "لای ئاسوورییەکانی چیا بە کوردی گۆرانی وتن و چیرۆکی کوردی گێڕانەوە ،بۆتە عادەتێکی گشتلایی". ئابۆڤیانیش کە رۆژهەڵاتناس و بیرڕووناکی گەورەی ئەرمەنییە، دەربارەی گۆرانیی کوردی وتوویەتی :

"ئەم گۆرانییانە گەیشتوونەتە سنووری پڕی و تەواوی".

پێش وەفایی و، ئەمانەی کە لەم نووسراوەیەدا ناویان هاتووە و ئەوانەش کە لە کتێب و بەڵگەی جۆر بە جۆردا باسیان کراوە، هیچ بەڵگەیەکی دیکە بە دەستەوە نییە بۆ بوونی گۆرانیبێژ، واتە لە باری ناو و بەرهەمەوە، مەگەر ئەو ئاگادارییانەی کە سینە بە سینە و دەم بە دەم هەڵگیراوە و گێڕدراونەتەوە. جا ئەگەر لە گەلێکی لێقەوما و نەباین و لە وڵاتێکی دواکەوتوو نەژیابایین و وەکوو نەتەوەکانی دیکەی ئەم جیهانە سەربەست باین و تووشی ئەم رۆژە رەشە نەبووبایین کە تێیداین، لەوانەیە بەرهەمی ئەو گۆرانیبێژ و نووسەر و شاعیرانەمان کە تەنیا ناویان لە واراندا ماوەتەوە ئەوڕۆکە لە بەردەست با و پتر کەڵکمان لێ وەرگرتبا.

لێرەدا دەمەوێ لەسەر ئەوە باس بکەم کە، مۆسیقای کوردی گەیشتۆتە چ ئاستێک؟ یان چ شتێک بۆتە هۆ کە ئەم هونەرە و هونەر بە گشتی گەشە نەکا. ئەم پرسیارە لە خۆیدا دەکرێ بە چەند بەش کە من بە پێی ئەو ئەزموونانەی لە ماوەی ژیانی هونەریمدا پێیان گەیشتووم و تاقیم کردوونەتەوە وەڵامیان دەدەمەوە.

زۆر کەس هەن کە، بە ناوی خزمەت، دەس دەدەنە قەڵەم و سەبارەت بە هونەر و ژیانی هونەریی گۆرانیبێژی کورد یان هەر هونەرمەندێکی دیکەی کورد، راوی سەر کاغەز دەکەن. ئاگاداری ئەوەش هەن کە لەبەر سانسۆر و خەفەخان زوانیان لە دەربڕینی زۆر شتکولە و شتێکی وایان لێ هەڵناسوورێ کە هیچ نەبێ لە دڵاندا جێ بگرێ، دەست دەکەن بە رەخنەگرتن و داوەرییەکی ناشارەزایانە و بەرهەمی هونەریی هونەرمەندێک کە ژیان و ماڵی خۆی، لە رێگایدا داناوە، بێڕەحمانە دەدەنە بەر قامچیی شیکردنەوە و بە ناهەق و ناڕەوا بێ ئەوەش بارێکی زانستییانەی بۆ لەبەر چاو بگرن و لەگەڵ سەردەمیدا هەڵیسەنگێنن رەدی دەکەنەوە. پاشان یان کۆمەڵگای پێ تاوانبار دەکەن یان خودی گۆرانیبێژەکە.

من پێم وایە رەخنەگرتن و لێکۆڵینەوە لەسەر گۆرانیی هەر گۆرانیبێژیک یان هونەری هەر هونەرمەندێک لە لێکۆڵینەوەیەکی ئابووری- سیاسی پڕ پێچ و خەمترە و کارێکی هێندە سووک و سانا نییە کە، لەگەڵ گۆرانیبێژ یان هونەرمەندێکی ئۆرووپایی هەڵیسەنگێنی و بە تاوانی دواکەوتوویی رەدی کەیەوە و لەوەش نەکۆڵییەوە کە ئەم هونەرمەندە لە چ جەو و سەردەمێکدا ژیاوە و چ موناسەبەتێک بووەتە هۆ کە بکێشرێتە ناو زەلکاوی نەمانەوە.

زۆربەی خەڵک بە تایبەتی ئەوانەی لە زمان و ئەدەب شارەزان، دەزانن کە جیا لەوەی ناوەڕۆکی زۆربەی گۆرانییە کوردییەکان لە کۆنەوە تاکوو ئێستا، یان باسی ئایینە و وەسفی خودا و پێغەمبەر و کڕنووش بردن و چۆکدادانە یان دڵدارییەکی پڕ لە شین و شەپۆڕو قوڕپێوان و گڕ لە خۆبەردانە و هاوار و رۆڕۆ، و جگە لە تاک و تەرایەک کە بزووتنەوە و شۆڕشی کورد کاری تێ کردوون و مەسەلەی نەتەوایەتییان گرێ داوە بە گۆرانییەکانیانەوە، گەلێک وشەی بێمانا و هەڵیت و پەڵیتیش هاتوونە نێو گۆرانیی کوردییەوە کە ئەگەر لە فەرهەنگی کوردیش بن پێویستە بدرێن بەدەم لافاوی نەمانەوە تا ئاسەواریان نەمێنێ. هەروەتر ئەگەر ئاوڕێکی ورد لە هەڵبەست و گۆرانی و ئاوازی میللەتانی تر کە لەژێر پەردەی رەشی دیلی رزگاریان بووە، بدەینەوە و لەگەڵ هەڵبەست و ئاواز و گۆرانییەکانی ئێمەی بندەست و چەوساوە بەراوردیان بکەین ئەم راستییەمان بۆ روون دەبێتەوە. بەڵام دەبێ ئەوەشمان لە پێش چاو بێ کە، کاتێک زمان لە نەتەوەیەک قەدەغە کرا مانای ئەوەیە لە هەموو سەرێکەوە بەستراوەتەوە و سەرکوێر کراوە. مرۆڤیش بە زمانی خۆی کە قسەی نەکرد و پێشی نەنووسی گەشە بە چی بدا، هونەرمەندێک کە لە مەیدانی تەکنیکی و سیاسی

ئابووری و کۆمەڵایەتی بێبەش بێ،لە کوێ داهێنەر بێ و لە چ رێگایەکەوە گەشە بـــە هونەرەکەی بدا ! گرنگ ئەوەیە هونەری کوردی هونەرێکی موبارەزاتییە ، بەو دەلیلـــە ساڵەهای ساڵ لەژێر زەبری تاڵترین هەل و مەرجدا بۆ گەشەکردنی پلەو پایەی خـــۆی تا رەدەی هونەرێکی رەسمی لە وڵاتدا خەباتی کردووە .جا بە هەر شێوەیەک بێ ، ئـــەم خەباتە بەشێکی جیایی هەڵنەگرە لە خەباتی نەتەوایەتی و مافویستانەی میللەتی کورد .

هەر خەباتێک و هەروەها خەباتلە پێناوی هونەری کوردیش کەیفییەتێکی هەیـــە . ئەم کەیفییەتە سەربەست و رەها نییە ، بەڵکوو خاوەن گونجایشێکی دیالەکتیکییە .واتە ئێمە ناتوانین تەنیا بەوە رازی بین کە چوون هونەری کوردی هونەرێکی خەباتگێڕانەیە گەیشتۆتە رادەیەکی باڵا لە گەشە و هەڵچوون و هیچ کەم و کووڕییەکی نییە .نەخێر ئەوە هەڵەیە و ئاوەژووکردنی سیمای ئەو زەرفییەت و گونجایشە دیالەکتیکییەیە کە باس کرا .

زەرفییەت و گونجایشە رووبەکەشەکانی خەبات لە کۆمەڵگای کوردیدا لە هەڵسەنگا- ندن لەگەڵ ئامانج و ئارەزووەکانی رەوای میللەتی کورد هێشتا لە رادەیەکی سەرەتا- یی و لە برێ شوێنیشدا تووشی لادانە . ئەم باسە ئەگەرچی بە تەواوی لە تاقەتی ئـــەم نووسراوەیەدا نییە ،بەڵام تا ئەو ئەندازە و میزانەی کە زەرفییەتی خەباتگێـــڕیی هونەری کوردیش وەکوو بەشێکی جیایی هەڵنەگر لە تەواوی خەبات لە کۆمەڵدا دەگرێتە بەر ، جێگای باس و رەخنـــەیــە .

هونەر تەنیا لە رێگای ئیستیعدادگەلی بیۆلۆژیکی و مەعنەوی تاکەکەسییەوە گەشە ناکا ، بەڵکوو گرینگتر لە هەموو لە پێشدا تێ دەکۆشێ بۆ وەدەستخستنی مەیدانگەلێکی بەربڵاو کە تێیدا گەشە بکا و پەرە بستێنێ.

هونەری کوردی لە رابردووەکانی گەلێک دوورەوە هەتا ئەمڕۆ ،نە تەنیا ئەوەی کە بۆ گەشەکردن و پەرەستاندنی خۆی ،لە نەبوونی مەیدانێکی سیاسی- کۆمەڵایەتی وفەرهە- نگی کە وەڵامدەری ئەوڕۆ بێ رەنجی بردووە ،بەڵکوو سەرەڕای ئەوەش لە بوونی مەیدانێکی تەکنیکیش کە تێیدا ببووژێتەوە و پەرە بستێنێ بێ بەهرە بووە .

لەم رووەوە تەواوی میکانیسم و رەوەندی کوڕدراوی هونەر لە کۆمەڵگای ئێمەدا ، پاڵی داوە بە زەرفییەتی مەعنەوی و بیۆلۆژیکیی جەماوەرو بە تایبەت خودی هونەر - مەندەکانەوە. بۆیە باس کرا رەخنەگرتن لە هونەرمەندان کارێکی سووک و سانا نییە . لە حاڵێکدا ئەگەر ئەو مەیدانانەی کە باس کرا و هەروەها مەیدانی تەکنیکی بۆ هونەری کوردی دەکرایەوە ، خودی ئەم ئیستیعدادە مەعنەوی و بیۆلۆژیکیانەی خەڵک و هونەرمەند- یش بە خێرایی گەشەی دەکرد و پەرەی دەستاند .

لەمانەش گرینگتر بێدەوڵەتین.چونکە دەوڵەت نەتەنیا سازمانی گەشەپێدانـــی ســیاسەت و ئابوورییە ،بەڵکوو سازمانی بووژانەوەی فەرهەنگ، شارستانێتی،هونەر، زمان و زۆر شتی دیکـەیە لە کۆمـەڵـــدا .

بەڵام لەپاڵ نەبوون و بێبەشبوون لەم مەیدانانەی سەرەوە کە باس کرا ، ئەم کوردە هەژار و چەوساوەیە ، بە درێژایی مێژووی پڕ لە هەڵس و کەوتی خۆی ،بۆ وەدەسخـــستنی ئازادی و دیموکراسی و مافی رەوای ، خەباتی کردووەو خوێنی داوە. ئەم خـەبـات و قوربانیدانە ،هەمەلایەنە بووەو گشتبووارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی گرتۆتەوە .
دیسانەوە ئەم نەتەوە خاوەن مێژوو و فەرهەنگە، لە بواری فەرهەنگیشدا ، تا ئەو جێگایەی بۆی لوواوە ، دەستی داوەتێ و نووسەران بە نووسین، شاعیران بە شـــیعر ،

مۆسیقار و دەنگبێژەکان بە ساز و دەنگ و هونەرمەندانی دیکە هەر کامە بە کەڵک وەرگرتن لە هەوێن و مایەی خۆیان ، ئەم خەباتەیان بەرەو پێش بردووە .

یەک لە بەڵگە بنەڕەتییەکانی دیکەش بۆ هەڵنەچوون و پەرەستاندنی مۆسیقای کوردی کە وەڵامدەری ئەوڕۆ بێ، پێش هەموو شتێ دەگەڕێتەوە بۆ سەر دواکەوتوویی ئابووری و لە خوارەوە بوونی رادەی فەرهەنگی ـ سازمانی لە تەواوی ساختاری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کورد .

کۆمەڵگای کلاسیکی ئۆرووپا و ئەمەریکا ،ئەوڕۆکە چەندین شۆڕشی گەورەی سنعەتییان کە دوایینەکەیان شۆڕشی کامپیووتەرە ، ناوەتە پشت سەر و بە دەمار و خوێن و پێستی خۆیان تاقییان کردۆتەوە .ئەم شۆڕشانە نە تەنیا شێوەکانی بەرهەمهێنان و موناسەباتی ئابووری ـ کۆمەڵایەتییان گۆڕیوە ،بەڵکوو هەروەهاش بافتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵ،سازمانی، فەرهەنگی،هونەری و بارهێنانی کۆمەڵی ناوبراویشی بە قووڵی تووشی گۆڕان کردووە .

ئەم گۆڕانگەلە ،بەربڵاوترین و قووڵترین مەیدانەکانی لەباری کۆمەڵایەتی،فەرهەنگی، هونەری و تەکنیکیشی لە کۆمەڵی ناوبراودا خوڵقاندووە کە ئەمڕۆ بەیقین سەبارەت بەمانە لە چوارچێوەکان و تێرمەکانی کلاسیکدا بە هیچ جۆرێ ناگونجێ.
بەم شێوەیە ئەو کاتەی کە ئێمە لە هونەر و مۆسیقای کوردی باس دێنینە گۆڕێ، لە پاڵیشیدا ناچار دەبین کە ئەو راستییە گرینگ و سەنگینەی کە باس کرا لە پێوەندی لەگەڵیا لە پێش چاو بگرین.

ئێستاش ئەگەر رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان، سەرەڕای خەفەخان و سانسۆری بێ پەردە بەسەر هونەر و ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە و سەرکوتکردنی هونەرمەندە شۆڕشگێڕەکان بە بڵاوکردنەوەی هونەری گەندەڵ و پشتیوانیکردن لە هونەرێک کە خزمەت بە مانەوەی نیزامەکەیان دەکا ،لە بەیجۆری ئەوەدا کە تۆوی ناهومێدی و رەشبینی لە دەروونمانا بچێنن و بە مەبەستی خنکاندنی هومێد و هیوا بە خەبات و رزگاری ریشەی هەرچەشنە هونەرێکی شۆڕشگێڕ و پێشڕەو وشک بکەن،بە سەرهەڵدانی شۆڕش لە پارچەکانی کوردستان، هونەر و ئەدەب ، زیاتر لە جاران کێشراوەتە مەیدانی خەباتی سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەوە و بە هەوڵ و تەقەلای هونەرمەندە شۆڕشگێڕەکان، چ لە ناوەوەی وڵات و چ دەرەوەی وڵات ، توانیویەتی وەک پزووسکەیەک لە نێوان ئەو تاریکییانەدا بدرەوشێتەوە و لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی کورددا جێ بگرێ و شوێن بەجێ بهێڵێ.

ئەوەی کە لە بار و دۆخی ئێستادا دەتوانین و دەبێ بیڵێین ئەمەیە کە تاکە بنەڕەتیترین هەل و مەرجی بووژانەوە، هەڵچوون و پەرەستاندنی هونەر و مۆسیقای کوردی، تەنانەت زمان،فەرهەنگ و زۆر شتی دیکە لە کۆمەڵدا بە شێوەیەکی جیایی هەڵنەگر لەگەڵ هەل و مەرجی گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی تەواوی ساختاری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردستاندا تێکەڵ بووە و جۆشی خواردووە .

ئەم وتارەی کاک ناسری رەزازی بابەتی سێمینارێکە کە رۆژی ١٤-٨-١٩٨٦ لە خوێندنگەی بەرزی میللیی Biskops-Arnö (سوێد) بۆ بەشدارانی کۆرسێکی زمان و ئەدەبی کوردی رێک خرا . کاک ناسر سەرەڕای خوێندنەوەی گوتارەکەی وەرامی پرسیاری بەشدارانی کۆرسەکەی دایەوەو دەمەتەقێ سەبارەت بە هونەر و مۆسیقا و گۆرانیی کوردی کرا .

OLOF PALME | ......... هۆنراوەی : هەڵەمووت ......

شەوە و چرا
رۆشن دەکا بەفر تارا
شەوە و کش و ماتە دنیا
کەس نازانێ
ئەمشەو گوللە
ستۆکهۆڵم بە بووک دەبا
*
شەوە و شاری بە بووک براو
خوێنی رووسووری خۆی دەوێ
شەوە و پاڵمێ
تارای سپیی بووکێنیی شار
بە خوێنی خۆی دەنەخشێنێ
رووسووریی شار
بۆ زاوای جەربەزە و زۆردار
دەسەلمێنێ
شەوە و پاڵمێ
پاش نۆ مانگان
کۆرپە سەربەستیەکی جوان دەلاوێنێ
*
شەوە و بەفر سەرمایەتی
گەرمیی دەوێ
هانا بۆ هالاویش دەبا
شەوە و خوێنی گەشی پاڵمێ
بەفری سڕ لە باوەش دەگرێ
بەفر رەنگێکی دی دەگرێ
سەر هەتا خواری سوور دەبێ
*
بەفر سوورە و لەمەو دوا
لە بیست و نۆی مانگی شوبات
لە جیهانێ
بەفرە سوورێ
بە درێژایی شەو دەبارێ .

مانگی ٥ ی ١٩٨٦

مەسعوود محەممەد : سەجادی لە سەرەتای نەمریدا

خۆت خۆش ئەرزی ماد و زەردەشت !! لە جەزیر و بۆتانەوە بە بادینان و بابانەوە تا موکریان و ئەردەلانت .. خۆت خۆش هەموو کوردستان لە سنووری نادیارتەوە تا سنووری نادیارت .. خۆت خۆش بە بەرگی سووری شەهیدەکانتەوە .. بە دایکە بێ رۆڵەکانتەوە .. بە باوکە کۆستکەوتووەکانتەوە .. بە ئاودێر و سەپانتەوە .. بە رەنجبەر و گاوان و شوانتەوە .. بە خاک و ئاو و ئاسمانتەوە ...

ئەو چاوە بە ئەسرینەت لە سەجادی لاربکەوە .. بە زاری منەوە زمانی گلەیی لێ ببزێوە .. تۆ دڵت نایەت ؟ من پێی دەڵێم : چی بوویت بە بەژنی کورت و چاوی کز و عەمامەی سپیتەوە ئاگرت بەردایە وەجاغی نووسینی کوردی و پشتت تێ کرد بەرەو چاڵی مەرگ ، دەک ماڵی مەرگت بڕمێ، وەی خانەی دوای مەرگت ... خانەی دوای مەرگت با نەشێوێ ! چ بشێوێ هەموو کوردستان و فەرهەنگستانە .

هەر ساتێک و هەر کاتێک دڵت لەو نشینگە تازەیەت تۆرا ،سڵت لە نوێژکەر و گوێ دەرو پەثابەری بن نوای قەبرستان کردەوە ،بادەوە بۆ مەینەتخانەی پاش کۆچت و لە نوێ رای بزێنەوە بە چراغانی هاتنەوەت لە حەج. .بە هەموو عومرت دڵم لێت نەیەشاوە ،دڵی کەست لێ نەڕەنجاوە ،ئەم جارەش وەفا بە وەعدە بکە و دڵم مەشکێنە : بگەڕێوە بۆ ماڵ و مزگەوت و کتێب و دەروێشەکانت .. دڵنیا بە !! کەس بە مردووی دانەناویت .. تۆ لە مردن گەورەتری. .مردن بە شاقەلێکی کەوا ئاودا مەنەکەشت ناگات .. ناتوانێ وەک تۆز لە پێڵاوەکەت بنیشێ. ...مردنی تۆ بەندە بە مردنی وشەو ئەدەب و رۆشنایی و ئەو خاکەو ئەو خەڵقەی مردنیان بۆ نییە.......

..کورد و کوردستان هەر زیندوون،تۆش لە نێوەندی دڵیاندا ..

# ئەی فەلەك

هۆنراوەی : محەمەد عەلی بەرواری
فارگۆ ـ ئەمریکا

ئەی فەلەکا بێ وژدان
تە ئەم هێلاین بێ خودان
جهێ مەیێ خۆش و جوان
تە نەهێلا بکەین ژیان

* * *

ئەی فەلەکا خوەلی سەر
تە ئەم کرین دەربەدەر
تە لمە کرە ژانەسەر
نێ مە نەمان چ مەفەڕ

* * *

ئەی فەلەکا ری ڕەش
تە لبەر مە کر جلکێت ڕەش
ئەڤ جهێ هین و دل گەش
تە لمە کرە تەحل و ڕەش

* * *

ئەی فەلەکا چاڤتاری
تە ئەم دانا ین بن باری
تە لمە کرە نەیاری
تە ئەم هێلاین لشەڤتاری

* * *

ئەی فەلەکا دل بزمار
قوزەلقورت بیت، ژەهرەمار
تە لمە کوشتن دۆست و یار
تە ئەم کرین بریندار

* * *

ئەی فەلەکا دل پەقی
تە لمە کرە نەحەقی
لسەر کەلەکێ ماین چەقی
بچیک نەمان خەندقی

* * *

ئەی فەلەکا وەکی تیر
تە ئەم کرینە فەقیر
تە کرە پێ مە زنجیر
ئەم هاڤێتن بەحرا کیر

* * *

تە چ ژمە دڤێت فەلەکێ
دیڵ مە خوش کە جارەکێ
دا ل مە بدەت تاڤەکێ
بێهنا خو بدەین گاڤەکێ

١٩٨٦/٦/٤

---

## عیللەتی قائیم مەقام

ڕەببی قەت تووشمان نەهێنی عیللەتی قائیم مەقام
ئێمە تابی حەرب و زەربی کێری پاشامان نییە

هەر کەسێ بیگێ دەڵێ ئەی ئافەرین ،سەد ئافەرین
دوژمنی ساداتە قەت باکی لە دان و مان نییە

دوو هەزار کێری پیا ڕۆیی نەخارا مەقعەدی
ئێمە میرم مەترەقی وەک سەنگی خارامان نییە

بیکوژن کێرخۆرە نامووس و حەیای کوردانی برد
قەت لە کوزدانا دەڵێی پیاوێکی ئازامان نییە

شێخ ڕەزای تاڵەبانی
١٨٣٢-١٩٠٩

**حەمەی مام ئەورەحمان**

# چاوەڕوانیی دوو منال

وەکو یاریدەدەر لەگەڵ رۆژنامەنووسێکا رێک کەوتبووم و بۆ هەرکوێیەک بچوایە منیشی لەگەڵ خۆیا ئەبرد و بۆ جێگای پێویستیش "تەرجومە"م بۆ ئەکردو خۆشی گەلێ زمانی ئەزانی بەتایبەتی لە زۆربەی زمانە ئەوروپییەکان سەری دەرئەچوو...وێڵ بووین بەدوای کۆکردنەوەی زانیاریدا بۆ رۆژنامەکەی.

رۆژێک رێمان کەوتە وڵاتێکی ئەوروپا و بە سەر شەقامێکی قەرەباڵغی یەکێ لە شارە گەورەکانیا ئەگەڕاین و لەملاو لەولا هەڵوێستەمان ئەکرد.. بۆ یەکێکی وڵاتەکە ئەگەڕاین کاتی هەبێ بۆ ئەوەی کە چەند پرسیارێکی لێ بکەین و پاشان بڵاویان بکەینەوە...ئیتر هات و چۆ وپاش و پێش و ئەملاو ئەولاو بەریەککەوتنی رێبوارەکان دیمەنەکانیان لێ تێک ئەدایین و گومیان ئەکرد لێمان...

یەکێ بە هەڵەداوان ئەڕۆیشت و یەکێ بە دوای خۆیا جانتایەکی گەورەی لەسەر تایە رائەکێشا و جانتایەکیشی بە دەستەوەو یەکێکیشی راست و چەپ کردبووە شانیو هەندێکیش لەبەردەمی جامخانەی دوکانەکانا وەستابوون یان ئەوەستان لەگەڵ سەیرکردنی شاو جامخانەکانا مقۆ ـ مقۆیان بوو.هەندێکیش جل و بەرگی دەڵپ و فش و زۆر لە خۆیان گەورەتریان لەبەرابوو و هەندێکی کە هەر بە درۆ شێوەی خۆیان ناشیرین کردبوو وایان پیس کردبوو کە جێگای قیز لێکردنەوە بوون... هەندێکی کە لە شێوەی بارگیری کاروانا کۆمەڵێ کلیل و زنجیروکەلەـ پچە و... کردبوو بە لایەکی پانتۆڵەکەیا ...و کە ئەڕۆیشت زرنگ و هوڕی لێ ئەهات و هەندێکی کە سەریان بە گوێزان تاشیبوو و لە تەپڵەسەریانا لە شێوەی فلچەی پێڵاوا تۆزێک قژیان هێشتبووەو هەندێکی کە بە دارو دیوارەکانا هەڵیان ئەڕوانی و هەندێکی کە قژیان سەوز و سوور کردبوو...ئیتر باخچەی ئاژەڵانێک بوو بۆ خۆی..!

لەولاشەوە لە جێگایەکی بەربڵاوا کۆمەڵێ مرۆڤی هەمەچەشنە لە رەگەزو تەمەنی جیاوازدا هەریەکی یاری کردن و دان پێدان و وێنەگرتن بوون لەگەڵ کۆمەڵێک کۆترا و کۆترەکانیش لەسەر سەر و شان و دەست و بەرپێیانا خەریکی هەڵفڕو دافڕو دانخواردن بوون. بەڵام خوا هەڵناگرێ، نە چەک بە شان و نە هات و چۆ و ترپ و تۆپی سەرباز و ئەمن و ئۆتۆمۆبیلی پڕ لەچەک بەدەستو نە پشکنینی رێبواران و نە پەلاماردان و لێدان و نە چاڵ و چۆڵی شەقام کە بە زنجیری دەبابە چاڵ و چۆڵ بووبن..! و نە ئافرەتی زۆری رەشپۆش و قژ ئاڵۆزکاوی رەنگ بزڕکاو.. نەئەبینران..! هات و چۆ و وەستان و پەڕینەوەی ئۆتۆمبیل و پاسکیل و خەڵکی تا رادەیەک بە رێک و پێکی هەستیان پێ ئەکراو دەستە دەستەی کوڕ و کچی هەرزەکاریش خەریکی یاری کردن و راونان و تریق و هوڕی پێکەنین بوون...لەگەڵ یەکا ...

تاوانـــــی یـەکـــــەم

وەکوو وتم لەگەڵ رۆژنامەنووسەکەدا لە پەرێزی دۆزینەوەی کەسێکا بووین و رێبوارانیش هەر لە هات و چۆدا بوون.. کاتێکم زانی رۆژنامەنووسەکە وەکوو کێچ راپەڕی و خۆی کرد بە ناو رێبوارەکانا و کامێراو جیهازەکانی کەبە دەستییەوەو لە شانیا بوون بەملاو ئەولادا ئەکەوتن. کە سەیرم کرد خۆی گەیاندە لای منالێک و منیش خێرا خۆمم گەیاندنێ و کە گەشتمە لایان، گوێم لێ بوو کە رۆژنامەنووسەکە بە زمانی وڵاتەکە گفت و گۆ لەگەڵ منالەکەدا ئەکات . منالەکە تەمەنی ١٠-١٢ ساڵێک ئەبوو.. رۆژنامەنووسەکە لێی پرسی خەڵکی ئێرەیت ..؟ منالەش زۆر بە سادەیی وەرامی دایەوەو وتی: بەڵێ...بۆچی ؟

رۆژنامە نووسەکە وتی:ئەگەر کاتتان هەیە ئەوا حەز ئەکەم چەند پرسیارێکتان لێ بکەم و

پاشان لە ڕۆژنامەدا بڵاویان ئەکەینەوە، چونکە من ڕۆژنامەنووسم و (دەستی بۆ من ڕاکێشا) ئەم بەڕێزەش یارمەتیدەرمە.

ڕێبواران خێرا خێرا و نیوە درۆ و نیوە ڕاستخۆیان پیا ئەکێشاین و بەملاو بەولادا لە یەکیان دوور ئەخستینەوەو ئەیانهێناین و ئەیانبردین و ئێمەش هەر خەریکی کاری خۆمان بووین. منداڵەکە دوو سەگی پێ بوو، یەکێکیان بچووک بوو لە باوەشیا هەر ڕای ئەژەند و ئەوی کەشیان کە زۆر گەورەتر بوو زنجیرێکی کردبووە ملیەوەو بە دەستەکەی کەیەوە بوو بە هەناسەبڕکێ هەر ئەملاو ئەولای ئەکرد و منداڵەکەش خێرا خێرا ڕای ئەکێشایەوە بۆ لای خۆی.

ئەمجا وەکوو پیاوێکی گەورەو خۆ ئامادەکردوو بۆ وەرامدانەوەی ڕۆژنامەنووسەکە، بێ بیر ـ کردنەوە ـ وتـــی:

– باشە و پێشم خۆشە، چونکە کاشم هەیە..

ڕۆژنامەنووسەکەش وتـــی: هەر کە سەگەکانم پێ دیی زانیم کاتت هەیە..

ئەمجا ڕۆژنامەنووسەکە بەم جۆرە دەستی پێ کـــــرد:

– ناوت چییـــە؟

– جـــۆرج.

– ئیشت چییـــە؟

– قوتابیم

– باوکت کێیـــە و ئیشـــی چییـــە؟

– نایناسم.. و نازانم کێیە و خەڵکی کوێیـــە...!!

ڕۆژنامەنووسەکە تا ڕادەیەک بە سەرسوڕمانەوە وتـــی:

– چـــۆن..؟

– چاک... چونکە پێویستم بە زانین و ناسینی باوکم نییە...

– باشە، گوێ مەدەرە ئەوە. ئەی دایکت کێیەو ئیشی چییە...؟

– دایکم ناوی "مارگرێت" ـە و لە بازاڕی لەشفرۆشانا کار ئەکات.

– چەند خوشک و براتت هەیە؟

– دوو خوشک و برایەک

– براکەت ئیشـــی چییـــە..؟

– وەکوو دایکم ئیش ئەکا. بەڵام براکەم لە بازاڕی لەشفرۆشتنی پیاوانا کار ئەکا...

– خوشکەکانت چی ئەکەن..؟

– یەکێکیان لە خۆم گەورەترەو لە بەیانییەوە ئەچێتە دەرەوەو دوای نیوەشەوێکی درەنگ بەسەرخۆشی هەر ئەوەی لەگەڵ کوڕێکا ئەگەڕێتەوە... ئەوی کەشیان دوو ساڵ لە خۆم بچووکترەو بەیانیان دایکم لەگەڵ خۆی ڕەوانەی ئەکات بۆ قوتابخانە.

– جگە لەکاتی خوێندنەکەت کاتەکانی کەت بە چییەوە بەسەر ئەبەیت..؟

بە زۆری لەگەڵ سەگەکانما و حەزیش لە کتێب خوێندنەوە و سەیرکردنی هەندێ لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنیش ئەکەمو دایکیشم زۆر جار لەگەڵما خەریکە فێری جگەرەکێشان و بیرەخواردنەوەم ئەکات.

– یەک پرسیارمان ماوە ئەگەر بێزارمان نەکردبی..

– نەخێر فەرمـــــوو

– دەی نەخشـــەت بۆ دواڕۆژ چییەو چاوەڕوانی چیت کە بیکەیت..؟

– چاوەڕوانی ئەوەم کە لە داهاتوویەکی نزیکا بتوانم وەکوو دایکم و براکەم ئیش بکەم.. چونکە پارەی زۆری تیایە...

من واقم وڕ مابوو و هەر سەیرم ئەکردن و لە دڵی خۆشما بیرم لەو درۆ و دەلەسانە ئەکردەوە کە پێش ئەوەی ئەوروپا ببینم لەسەر پێشکەوتنی ئەوروپا ئەمبیستن... پاشان

رۆژنا مەنووسەکە داوای لە جۆرج کرد کە ئەگەر بیبەوێ چەند وێنەیەکی ئەگرین. جۆرجیش پێی خۆش بوو و دوای گرتنی چەند وێنەیەکی جۆرج و سەگەکانی ولەگەڵ سوپاس کردنا وتمان:
– لێمان ببوورە کە کاتێکی زۆرمان لە خۆت و سەگەکانت گرت ...
جۆرجیش وتـــی : نەخێر پێویست بە سوپاس ناکا و تا یەک بینینەوەیەکی کە ...

ئەو رۆژە زۆر ماندوو بووبووین و منیش دیمەن و پرسیار و قسەو وەرامەکان هەر ئەهاتنەوە بەر چاوم و لە مێشکما ئەزرنگانەوە و بیرم لە پەروەردەکردنی جۆرج و کەس و کار وئاواتەکەی ئەکردەوە... شەوەکەشی لە ئوتێلەکە نەهاتینە دەرێ و سەرگەرمی رێک و پێک کردنی قسەو وەرامەکانی جۆرج و ئەوانەی کە کۆمان کردبوونەوە بووین.هەندێکیانمان تەسجیل کردبوون..ئیتر شریت و کاغەز و وایەر.... ژوورەکەی شلەژاندبـوو...

## تاوانـــــی دووهـــــەم

هەر هەمان ئەو لە گەرمەی سەرقاڵی و کارەکانمانا بووین لەپڕ لە دەنگ و باســـــی تەلەفزیۆنا بڵاوکرایەوە کە لەسەر داوای میریی مرۆڤکوژانی عێراق،میریی تورکیای گورگ ـ برا "دەعوەت" کراوە بۆ پەلاماردانی لاشەی"کوردستان" و ئەویش، واتە میریی دڕندەی تورکیـا سوپای بێڕەوشتی خۆی ناردووەو بە قووڵیی ٢٠ـ٣٠ کیلۆمەتر بە کاول کردن و سووتاندن و کوشتنی هەموو جۆرە گیاندارێ ، ئەو بەشە کوردستانەی کە بە زۆر بە عێراقەوە بەستراوە گرت..!! .. کە ئەمەم بیست ئاسمان بە سەرما رووخا و تەواو پەرێشان بووم و دەستم نەئەچووە کارەکانم. رۆژنا مەنووسەکەش کە زانی وا شپرزە بووم و واش بزانم بۆ هێمـــن کردنەوەو دڵخۆش کردنم وتی : مادەم وایە سەرێک لە کوردستانیش ئەدەین و لەوێش نەختێک زانیاری کۆ ئەکەینەوەو بڵاویشیان ئەکەینەوە...
کە وای وت ، لە خۆشیانا خەریک بوو باڵ بگرمەوە.باوەڕیشم نەئەکرد و لە دڵی خۆشما ئەموت تۆ بڵێی شتی وا ببێ ئەگەر بۆ جارێکیش بێ بتوانم تاسەی پڕ لە ئازاری دوور ـ وڵاتی و نەتەوەکەم بشکێنم و چاومیان پێ بڕێژم..؟ بەو خۆشییەوە دەستم بە کار کردەوە و لەگەڵیشیا بڕیاری تەواومان دا کە سەرێک لە کوردستان بدەین. بۆ بەیانی پێویستییەکانی رۆیشتنمان جێبەجێ کرد ، چونکە رۆژنا مەنووسەکەو منیش بەهۆی ئەوەوە کاری هات و چۆمان بۆ وڵاتان بۆ ئاســـان بوو...
پاشان دوای چەند رۆژێک خۆمان ئامادە کرد و بەرەو یەکێ لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەرا دابەش کراوە ، کەوتینە رێ. دوای گەیشتنمان هەرچۆن بوو گەیشتینە کوردستان و چووینە بارەگای سەرکردایەتیی پێشمەرگەو دوای هەندێ گفت و گۆ و پرسیار و وەرام و پێشاندانی بەڵگەنامەی وەکوو "هەوییە" و پەساپۆرت ، رێگایان داین کە بە ســـــنووری دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بگەڕێین... بە بێ چاوساخ کەوتینە گەڕان چونکە کاتی خۆی من لەو ناوە بووبووم و شارەزای گەلێ جێگا و رێگا بووم...

ئەم دێ بۆ ئەو دێ، ئەم شاخ بۆ ئەو دۆڵ، ئەم جەنگەڵستان بۆ ئەو سەرەوخوارو سەرەو ژوور..جێگای وا هەبوو کە وڵاخمان بۆ بە کرێ ئەگرت . هی واش هەبوو کە ئەبوو بە پێ پیا بڕۆیشتینایەو جێگای واش هەبوو کە ئەبوو بازمان بەسەرا بدایە... جار جارەش لــە جێگای پێویستا وێنەمان ئەگرت و کە ماندووش ئەبووین لە بن دارێکا ، یا لەسەر ئاوێــک پشوویەکمان ئەدا ... بە دەگمەن رێمان ئەکەوتە دێ یا ناوچەیەک کە نەسووتێنرابێ .. یا چۆڵ نەکرابێ..مەگەر ئەوانەش فرۆکەو بوردومانی ناوچەکانمان رێکەوت نەکردایە.. بـەڵام من لە خۆشییەکا بووم کە نەمئەزانی چی بکەم.. لەملا بۆ ئەولا رام ئەکرد، هەڵئەبەزیمەوە، سەرم هەڵئەبڕی بۆ ئاسمان و پڕ بە سنگم هەوام هەڵئەمژی و باوەشم ئەکرد بەم دارا و رام

ئەکرد بۆ ناو ئەو سەوزایی و خۆم ئەنووشتانەوە بۆ ئەم گوڵ و گیاو رام ئەکرد بە دوای ئەم پەپوولەو ئەچوومە سەر ئەو بەرزایی و بە دڵی خۆش و پێکەنینەوە بۆ خوارو بەندەنە بەرزەکان ئەمڕوانی و وەکوو مناڵ لەسەر سەوزەگیاکانا خۆمم ئەتلانەوەو... هێندە بەختیار بووم کە نەمئەزانی غەم بەری چ دارێکە..باوەڕیشم نەئەکردو وام ئەزانی کە خەوە، یا خەیاڵە...

جاروبا ریش پەستی ئەیگرتم و گیانم گرژ ئەبوو و چاوەکانم فرمێسکیان تێ ئەزا.. نەمئەزانی بۆ..؟ جار جارە وام بیر ئەکردەوە کە ئەوە ئەو کاتەیە کە پێی ئەوترێ "شامەرگ بوون". پاشان بۆم دەرکەوت کە هۆی ئەو پەستییە ئەوەیە کە ئەبێ ماوەیەکی کە بە جێی بهێڵم و بەرەو مەڵبەندەکەی جۆرج و ئیشەکانی دایکی و براکەی بگەڕێمەوە!! رۆژنامەنووسەکەش هەستی بە حاڵم کردبوو، چونکە جارجارە بە پێکەنینەوە ئەیوت وا هەست ئەکەم کە ئێستا بەختیار بیت.. منیش لەگەڵ سوپاسما بۆی ئەموت بێگومان نەک هەر بەختیار بگرە زۆر زۆریش شادم..بەڵام ئاخ خۆزگە نەگەڕامایەتەوە ئەوروپا... ئەو ئەوروپایەی کە هەموو شتێکیان پێم بێگانە و نائاشنایە...(ئەگەر دووبەرەکی و ناتەبایی ناو رێکخراوەکانی نەتەوەکەم و دڕندەیی داگیرکەرانی نیشتمانەکەم..ناچاریان نەکردمایە هەرگیز وەکوو ژیان لە ئەوروپادا نەئەبووم و ئەگەڕامەوە ناو وڵاتی کاول و نەتەوەی دواکەوتووی خۆم..)، رۆژنامەنووسەکە بەلایەوە سەیر بوو کە لە ئەوروپا بێزارم و بەو کاولستانەی کوردستان دڵخۆشم... !! ئەو هەقی بوو چونکە نەیئەزانی کە ئەو کاولستان و بۆچرووکەی جێگا سووتاوەکانی کوردستان بۆ من ئەزەلی و ئەبەدین، لە کاتی لەدایکبوونمەوە تێکەڵی خوێن و هەستم بوون و هەمیشە لە گیانما ئەژین و ئەگەر تەنها بۆ ساتێک لە یادیان بکەم ناڕەسەن و لە هەستی نەتەوایەتی بێبەشم..!!

بە هەموو لایەکا کەوتبووینە گەڕان و زانیاری کۆکردنەوە... رۆژێک رێمان کەوتە ناوچەیەک کە سەیرمان کرد دانیشتوانی بەزۆری ئافرەت و مناڵ و هەرزەکارن. دوای پرسیار بۆمان دەرکەوت کە ئەوانە کەس و کار و خێزانی پێشمەرگەن و بە پەلەپرووزێ لە گرتن و مردن رزگاریان بووەو..سەرکردایەتیی پێشمەرگەش ئەو جێگایەی بۆ تەرخان کردبوون. پاش کەمێک گەڕان و ئەملاو ئەولا کردن، سەیرمان کرد گردۆڵکەیەک لە پشتی ئاواییەکەوەیەو چەن درەختێکیشی پێوەیە و یەکێک لەوێ دانیشتووە. وەکوو رۆژنامەنووسەکە هەستی بە شتێکی تایبەتی لەو کەسەدا کردبێ وا بوو، چونکە خێرا وتی:با بچین بۆلای ئەو زەلامە..!! بەرەو گردۆڵکەکە بە خۆمان و جانتا و کامیرا و تەسجیلەوە ملمان نا و کە نزیک بووینەوە سەیرمان کرد مناڵێک بوو لە تەمەنی جۆرجدا ،دانیشتبوو،دارێکی بە دەستەوە بوو یاریی پێ ئەکرد و خێرا خێراش وەکوو چاوەڕوانی کەسێ بێ وا بوو، چونکە زوو زوو هەڵئەستا و دەستی ئەکردە سێبەر بۆ چاوی و زۆر بە مەبەستەوە ئەیڕوانی بۆ ئەو رێگایەی کە لە دوورەوە بە باریکی و خوار و خێچی خۆی ئەکرد بە ناو دێکەدا. تاک و تەرا و کۆمەڵ کۆمەڵیش رێبوار و تراکتۆر و سوار، بە رێگاکەدا بەرەو دێ ئەهاتن، یا لە دێیەکە دوور ئەکەوتنەوە... مناڵەکە کە ئێمەی دی سڵەمییەوە و زۆر بە سەرسوڕماوی و بگرە بە رقیشەوە سەیری ئەکردین...! کە زانیم وایە ،بۆ دڵنیا کردن و هێمن کردنەوەو بۆ ئەوەی لێمان نەسڵەمێتەوە ،هەر کە گەیشتینە لای رۆژباشم لێ کرد و دەستم درێژکرد و تەوقەیەکم لەگەڵ کرد و ناوی خۆمم پێ وت و کەوتمە قسەکردن لە تەکیا : کاکە بچکۆل گیان منیش کوردم و ئەم پیاوەش بێگانەیە و رۆژنامەنووسەو من یارمەتیدەریم و لە وڵاتێکی دوورەوە هاتووین و ئەمانەوێ هەندێ زانیاری لە کوردستان کۆ بکەینەوە و لە رۆژنامەدا بڵاویان بکەینەوە بۆ ئەوەی کە هەموو کەس بزانێ گەلی کورد بەدەست داگیرکەرانیەوە چۆن ئەژی... ئەمجا رۆژنامەنووسەکە دەستی درێژ کردو تەوقەیەکی لەگەڵ کرد و ناوی خۆی

پێ وت. منداڵەکە وتـی : کە جل و بەرگ و کامیرا و شتەکانتانم دی وام زانی ئەمنن و لێرەش هاتوونەتە سەرمان..! چونکە ئەمنەکانیش جلی وەکوو ئەمانەی ئێوە لەبەر ئەکەن.! کێشام بە ئەژنۆی خۆما و وتم بۆچی دەستێ جلی کوردیم پەیدا نەکرد ...؟ ئەوجا بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیای بکەم وتم : نا گیانەکەم، وەک پێم وتیت، ئێمە رۆژنامەنووسین و ئەمانەوێ زانیاری لە کوردستانا کۆ بکەینەوە و پاشان لە رۆژنامەکەمانا بڵاویان ئەکەینەوە...
منداڵەکەش وەرامێکی زۆر پیاوانەو کورت و ئازایانەی دامەوە و وتی: ئەگەر راست بکەن کارێکی چاکە... بە رووبەکی خۆش و بزەیەکەوە وتم : کەواتە ئەگەر زەحمەت نەبێ ئەوا ئەمانەوێ چەند پرسیارێکت لێ بکەین و پاشانیش لەگەڵ وێنەی خۆتا بڵاویان ئەکەینەوە.
لە پێشا وەکوو لە مەبەستەکەم نەگەیشتبێ یان جارێ بییەوێ بیرێکی لێ بکاتەوە وا بوو، چونکە دوای توزێک وەستا و سەرنجێکی رێگەکەی دا و بە هێمنی وتـی: باشە بەڵام پرسیاری چۆن چـۆنی ؟؟ منیش بە ساکاری وتم : چەند پرسیارێکی ئەوەت لێ ئەکەین، کە ناوت چییە و کوڕی کێیت و کەس و کارت لە کوێن و چی ئەکەن و خۆت چی ئەکەیت لێرە..کە زانی وایە بە بزەیەکی پڕ لە ئازاری بێزارییەوە وتی: بەڵێ باشـە، فەرموو. کە زانیم وایە رۆژنامەنووسەکەم تێ گەیاند و ئەویش خێرا خۆی ئامادە کرد بۆ تەسجیل کردن و وێنەگرتن و منیش کەلەخۆیەوە فێر بووبووم چۆن و بە چ شێوەیەک دەست بە پرسیار بکەم، بەم شێوەیە دەستم کرد بە پرسیار کردن و تەرجومە کردنیشی.
– ناوت چییە ...؟
– ناوم هیوایـــە ..
– ئیشـت چییـــە ...؟
– قوتابی بووم بەڵام ئێستـە نزیکەی مانگێکە لە ترسی گرتن رام کردوۆتە ئێرە..!!
– باوکت کێیە و چـی ئەکات ؟
– باوکم ناوی مام غەریبە و ماوەیەک لەمەوبەر ئەمن بۆ گرتنی براکەم دایان بە سەرمانا و براکەمیان بۆ نەگیرا و لە رقانا دەستیان کرد بە لێدانی ئێمە...و زۆریان کێشا بە سـەر و شانی باوکما و مێشکی تێک چووە ..!!
– دایکم ناوی خونچە بوو، لە کاتی پەلامارەکەی ئەمن بۆ سەرمان دایکم لەتاو ئێمـە پەلاماری ئەمنەکانی ئەدا. ئەو کاتە سکی پڕ بوو. ئیتر ئەمنەکانیش بە شەق و قۆناخە تفەنگ ئەوەندەیان لێ دا کە دوای دوو رۆژ مـــرد..!!!.
– چەند خوشک و براتـهـەیـە ؟؟
– چـوار برا و دوو خوشـک.
– گەورەکەیان ئیشی چییە و لە کوێیـــە ؟؟
– گەورەکەیان خوشکێکمە و شەش – حەوت مانگێک لەمەوبەر لەگەڵ مێرد و منداڵەکاشیا رەوانەی (جنووب)یان کردن، چونکە برایەکی زاواکەمان پێشمەرگەیە..!!
– ئەی براکەی کەت ؟
– ئەوی کەشیان برایەکم بوو لە خوشکەکەم بچووکتر بوو،پێشمەرگەی ناوشار بوو، بەهۆی خۆفرۆشتنی یەکێک لە برادەرەکانیەوە پێیان زانی و گرتیان و چوار مانگ لەمەوپێش لە (مووسـل) ئیعدام کرا...و گۆڕەکەشـی نازاسین لە کوێیـــە .!!
– ئەی براکەی ترت ...؟
– ئەویش ئێســتا لە بەندیخانەی مووسـڵە و چاوەڕێـی ئیعدام ئەکات...!!
– ئەی ئەوی کەیان ...؟
– ئەویش دوو هەفتە پێش مردنی دایکم گیرا و ئێستاش هەر بێ سەروشوێنە...!!

(خێرا خێرا هەر سەیری ڕێگاکەی ئەکرد)،
– ئەو کاتەی کە ئەمنەکان هاتنە سەرمان بۆ گرتنی،بۆیان نەگیرا و ئێستا لە یەکێ لە بنکەکانی پێشمەرگەدا پێشمەرگەیە...
– ئەی خوشکەکەی ترت...؟
– ئەو ڕۆژەی کە ئەمنەکان هاتنە سەرمان خوشکەکەم لە ماڵەوە نەبوو، خۆی شاردەوەو دوای مردنی دایکم برا پێشمەرگەکەمان هات بە شوێنمانا کە بمانهێنێتە دەرەوە، بەڵام ئەو جێگایەی کە خوشکەکەمی تیا بوو جێگایەکی پڕ مەترسی بوو، بۆیە نەیئەتوانی لەگەڵ مندا بێتە دەرەوە و وا هەموو ڕۆژێک دێمە سەر ئەم گردە و سەیری ڕێگا ئەکەم بۆ ئەوەی کە بزانم ئەویش کەی ئەگات...
– باشە چاوەڕێی چیت و ئەتەوێ لە داهاتوودا چ بکەیت؟ ئەمەش دوا پرسیارمانە ..
هیوا لەگەڵ هەناسەیەکی پڕ لە ئازار و بۆچرووک و بێزاری و تووڕەییدا، بەڵام زۆریش بە دڵنیاییەوە وتی : زۆرم حەز لە خوێندن ئەکرد... بەڵام پیاوکوژەکان نەیانهێشت بۆیە وا ئێستا چاوەڕوانی ئەوەم کە ئەگەر برا پێشمەرگەکەم شەهید بکرێ نەیەڵم چەک و سەنگەرەکانی بێکەس و چۆڵ بن و بچمە جێگاکەی...!!!!
لێرەدا سەرم گێژی ئەخوارد و بەرچاوم تاریک بووبوو...نەمئەزانی چی بکەم و چۆن سەیری بەرزی و پیرۆزی و خەبات و هەڵوێستی کەسوکار و ئاواتەکەی **هیـــوا**ی بەتەمەن بچووکو بە هەڵوێست بەرز و گەورە بکەم ... و نەشمئەزانی کە چۆن بەراوردی ژیانی ڕۆژانەی کەسوکارەکەی جۆرج و ئاواتەکەی جۆرج، لەگەڵ ژیانی پڕ لە کارەسات و فرمێسک و قوربانیی دایک و باوک و برا و خوشکەکانی کاکە هیوای نەتەوە بێکەس و بێدەسەڵاتەکەم بکەم ....!!!!

ئەمەی لێرەدا دەیخوێننەوە وتارێکە کاتی خۆی لە (پەیامی شۆڕشی کوردستانی عیراق ـ ژمارە ٧ ی تەمووزی ١٩٦٨) دا کە بڵاوکراوەی ئێزگەی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ـ عیراقە ،بڵاوبوتەوە. دیارە دەبێ پێشتریش لە وێستگەی رادیۆوە خوێنرابێتەوە.

# راکردن لە فاشیەت

# یان

# بەرەنگار بوونەوەی؟!

کاک رزگار عەبدوڵلا لە گوتارێکدا وەرامی ئەم نووسینەی حیزبی سۆسیالیستی داوەتەوە. ئێمە لەبەر ئەوەی باوەڕمان بە دیموکراسی و ئازادیی بیرورا دەربڕین هەیە، وێڕای بڵاوکردنەوەیوەرامدانەوەکەی کاک رزگار، نووسینەکەی پەیامی شۆڕشی کوردستانی عێراقیش هەر وەکوو خۆی، بە هەڵەی رێزمان و رێنووسیشەوە، بڵاودەکەینەوە.

شۆڕش و بەرەنگار بوونەوەی چەکداری لە کوردستاندا ،هەمیشە یارمەتیدەرو هۆیەکی گرنگ بووە بۆ ئەوەی رژێمە دیکتاتۆرە کۆنەپەرستەکانی بەغدا نەتوانن بە ئاسانی جەماوەری گەلەکەمان سەرکوت بکەن و دەنگی ببڕن.
لەدوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول کە ماوەی ساڵێک بەرەنگاربونەوەی چەکداری لە کوردستاندا نەما، رژێم ئەو ماوەیەی بە هەل زانی بۆ توندکردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و خەفەکردنی دەنگی ئازادو رای سەربەست. هەروەها زیاتر سەرکوت کردنی هەموو جۆرە موبارەزەیەکی سیاسی لە وڵاتدا.
لەگەڵ دەست پێکردنی شەڕی قادسیەی شووم سەرکوت کردن و ئیرهاب و دیکتاتۆریەتی فاشی پتر تەشەنەی پێ درا ،رژێمی خوێنڕێژی صدام لە پەنای شەڕ و دیفاع لە نیشتمان ئیرهابەکەی زیاتر کردو هەرچی هەناسەی دیموکراسی هەیە خنکاندی.
لە بەرامبەر ئەو واقیعەی کە هەیە، لە بەرامبەر ئیرهاب و کوشتنی رۆژانەدا، لەبەرامبەر راپێچ کردنی بە کۆمەڵی گەلەکەمان بۆ بەرەکانی شەڕ،لە ئاستی رەشبگیری قوتابی و مامۆستایان و هەموو لاوانی وڵاتەکەمان چ هەڵوێستێک پێویستە؟.
بەرەنگار بوونەوەی رژێمی فاشی و سیاسەتەکانی،ئەگەر ئەرکی هەموو گەلی عیراق بێ. بەڵام گەلی کورد ئەرکێکی گەورەتری لە ئەستۆدایە، چونکە گەلی کورد لە دوو لاوە دەچەوسێتەوە، لەلایەکەوە وەکو هەر کەسێکی عێراقی، یاسا دیکتاتۆریەکانی بەسەر جێ بە جێ دەکرێو،دەبێ لە بەرەکانی قادسیەدا خۆی بە کوشت بداو بەرگەی ئیرهابی گشتی بگرێ و رای ئازادی دەرنەبڕێ،لەلایەکی تریشەوە وەکو کوردێک کە بە چاوی هاووڵاتی پلە دوو و سێ سەیر دەکرێ و ژەهراوی چەوسانەوەی بە قوڕگدا دەکرێ.
چونکە کوردە، بە پێی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی رژێم لە زۆر مافی مواطنە بێ بەشەو، هەموو دەمێکیش مەترسی تیا چوونی لەسەرە.
بۆیە ئەرکی رۆڵەکانی گەلی کورد بۆ بەرەنگاربوونەوەی رژێمی فاشی لە هەموو کەسێکی دیکەی عێراق زیاترە.
هەندێ لەلاوانی کوردستان کە واقیعی پڕ لە کوێرەوەری و نەهامەتی گەلەکەیان دەبینن، ئەو لاوانەی کە بە چاوی خۆیان دەبینن رژێمی فاشی چ کارەساتێکی بەسەر گەلەکەمان هێناوە، و چ نیازێکی گڵاوی لە پاشەڕۆژدا هەیە.. ئەو گەنجانەی کوردستان، کە ئیرهاب و سەرکوت کردنی فاشیانەی بەعسیە عەفلەقیەکان دەبینن، سەرەڕای ئەوەش لە جیاتی ئەوەی

بەرەنگاری ببنەوە. لەبەری را دەکەن.
لە جیاتی ئەوەی مەیدانی تێکۆشانی شۆڕشگێڕی بگرن و بە شێوەیەک لە شێوەکان دیفاع لە خۆیان و میللەتەکەیان بکەن، وڵات بەجێ دەهێڵن.
ئەوانە بیانەوێ و نەیانەوێ بەشداربوونێکی راستەوخۆ دەکەن لە درێژەپێدانی ژیانی پڕ لە کارەسات و کوێرەوەری گەلەکەیان . ئەو گەنجانەی کە هەمیشە بیر لەوە دەکەنەوە چۆن خۆیان بگەیێننە ئەوروپا .
ئەوانەی کە بڕوبیانووی پووچ و بێ ئەساس دێننەوە بۆ راکردنیان لە گۆڕەپانی خەبات و بەجێ هێشتنی میللەتەکەیان. کەسانێکی ترسنۆک و بەزیوون. کەسانێکن خۆپەرستن و ،تەنیا بۆ خۆیان دەژین.کەسانێکن نەک هەر باکیان بەوە نییە گەلەکەیان و نیشتمانەکەیان سەربەرز بێ. نەک هەر هەست بە مەسئولیەتی سەرشانیان ناکەن،بەڵکو وەکو شەخسیـــــش باکیان بە کەرامەت و سەربەرزی خۆشیان نییە. ئەگەرنا ، هەرگیز ئامادە نابن ئـــەو هەموو رەزالەت و سووکایەتیە قبووڵ بکەن و هەموو رێگایەک بگرنە بەر ،تەنیا بۆ ئەوەی بچن لە وڵاتێکی ئەوروپایی بژین.
ئەوانەی کە مەیدان بەجێ دەهێڵن و رادەکەن بەو بیانووەی ساحەی کوردستان تەپایی تیا نییە ،و شەڕو پێکدادانی تیایە ،یا بە بیانووی ئەوەی کە شۆڕش یەکگرتوو نییە، یـــان هەندێشتی پڕوپووچی تر. ئەوانە زۆربەیان لەژێر تەئسیری فەرهەنگ و سەقافەتی فاشیەتدا ، مێشکیان شۆراوەتەوەو قیمەی شۆڕشگێڕیان لەلا نەماوە.
ئەگینا هەل و مەرجێک کە ئێستا گەلەکەمان دووچاری هاتووە ،رۆژەرەشێک کە رژێمی دیکتاتۆری رەگەزپەرست بەسەر گەلەکەمانی هێناوە ،بەسەر هەموو کەسێکی کوردستاندا دەسەپێنێ، بەتایبەتی لاوەکان کە مەیدانی تێکۆشان بەجێ نەهێڵن و دیفاع لە خۆیان و باوک و دایک و خوشک و برا و خزمەکانیان بکەن.
ئەگەر نەشبنە پێشمەرگەو نەتوانن شەرەفی بەشداربوون لە خەباتی شۆڕشگێڕی چەکداریدا وەدەس بێنن،یا لە چالاکیە جەماوەریەکانا بەشداری بکەن،یا بەلانی کەمەوە لە گوندو شوێنە ئازادکراوەکانی کوردستاندا ،لە نزیک گەلەکەی خۆیانەوە بمێننەوە.یا هەر هیچ نەبێ بە نهێنی لەناو شارەکاندا بمێننەوە.بەڵام نەک لە واقیعەکە را بکەن بەو ناوەی کە گوایە دەچن لە ئەوروپا خەبات دەکەن.چونکە مەیدانی راستەقینەی خەباتکوردستانە.
مەیدانی شەرەف و مەردایەتی ناو جەماوەرە چەوساوەکەی میللەتەکەی خۆمانە ،کە رۆژانە کوشت و بڕ دەکرێ........

# کام سەنگەر ؟!

وەڵامدانەوەیەکە بۆ :
(پەیامی شۆڕشی کوردستانی عیراق).

**رزگار عەبدوڵڵا**

کۆمەڵگا خۆی بەرپرسیارەلەبەپووختی بەئاکام گەیاندنی بەستنەوەی قۆناغی مێژوویی ئەمڕۆی بەهی دوێنێو سبەینێش بەهی ئەمڕۆ . ئەگەر رژێمی سیاسی وڵاتێک یان کۆمەڵگاییێک، رێگەی ئازادی نووسین ، رادەربڕین و کارکردن لەرێکخراوی سیاسیتر ، جگە لە پارتی دەسەڵاتدار لەجەماوەر بگرێت ، ئەوکاتە رەوای جەماوەر دەبێت، کەلەپێناو بەدی هێنانی داخوازییەکانیاندا ، خۆ رێکخەن و لە ناو سەندیکاو رێکخراو و پارتی سیاسی بەرهەڵستدا، هاوکار لەگەڵ یەکتری، خەباتی سیاسی ، یان سیاسی و پێشمەرگەیی بکەن. دەکرێ لەهەندێ وڵات و کۆمەڵگادا ، ئەم خەباتە لەپێناو رووخاندنی رژێمی سیاسی دەسەڵاتداربێت ، بۆ گۆڕینی رژێمیسیاسی و ئابووری کۆمەڵگاکە ، یان وڵاتەکەو گەشەپێدانی سیستێمی کۆمەڵایەتیشی . خۆئەگەر ئەو سەندیکاو رێکخراو و پارتە سیاسییە بەرهەڵستکارانەی کە جەماوەر لەرێزەکانیاندا دەجەنگن ، گەر لەخەباتکردن ببەزن ، لەرێ لادەن و جەماوەر وەک ئامێری جەنگی چاک شەرکەڕ بەکاربهێنن . تەنیا لە رادیۆ و تەلەڤزیۆن و رۆژنامەو بڵاوکراوەی سیاسیدا ، بۆ لەخشتە بردن و زیاتر کۆکردنەوەی جەماوەر ، رۆڵی زۆر گرنگی مێژوویییان پێبدەن . لەراستیشدا وانەبێت و خۆیان تووشی نەخۆشی بێچارە هاتبن . ئەوا پێویست و زۆر رەوایە کەئەندام و پێشمەرگەوریاو لێهاتووەکانی ئەو سەندیکاو رێکخراو و پارتە سیاسیانە ، شۆڕشێکی سیاسی ، یان سیاسی و پێشمەرگەیی لەناو شۆڕشەکەدا دژ بەشۆڕشەکەبکەن .

لەژمارە (٧)ی تەمووزی ١٩٨٦ ی بڵاوکراوەی ( پەیامی شۆڕشی کوردستانی عیراق) کەبڵاوکراوی ( حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ـ عیراق) ـە . لەوتاری (راکردن لەفاشیەت یان بەرەنگار بوونەوەی؟! )دا ، زۆر بەتووندی، نەک رەخنە، بەڵکو زێتر لە (( ٢٠٠٠٠ ) کوردی ئاوارە ریسوا دەکات ، بەبیانووی ئەوەی کەلەوڵات دوور کەوتوونەتەوە و نەیان ویستووە، یان نایانەوێ خەباتگێڕبن . لەوتارەکەدا هاتووە و دەڵێ:-

((لەجیاتی ئەوەی مەیدانی تێکۆشانی شۆڕشگێڕی بگرن و بەشێوەیەک لەشێوەکان دیفاع لەخۆیان و میللەتەکەیان بکەن، وڵات بەجێ دەهێڵن. ئەوانە بیانەوێ و نەیانەوێ بەشداربوونێکی راستەو خۆدەکەن لەدرێژەپێدانی ژیانی پڕ لەکارەسات و کوێرەوەری گەلەکەیان. ئەو گەنجانەی کەهەمیشە بیر لەوە دەکەنەوە چۆن خۆیان بگەیێننە ئۆروپا ))

بەڵام کام خەبات و کام سەنگەر؟ ئەو خەباتەی کە پاسدار و پێشمەرگە تیایدا هاورێبن؟ یان، یان ئەوسەنگەرەی کە پێشمەرگەو پاسدار تیایدا دەکوژرێن ؟

جەماوەر دەیەوێ لەسەنگەری سەربەخۆدا بجەنگێ و پێی وایە سەنگەری بێ ئایدیۆلۆژی وەک ـ وەک تفەنگی سواری بێ گوللە وایە .ئەگەر لەمێژووی خەباتی رزگاری خوازی کوردستاندا حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان دەوری کاریگەریان هەبووبێ لە رێکخستنی رێزەکانی جەماوەر، بۆسەرخستنی خەباتی رەوایان و گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵ،ئەوا لەم قۆناغەی ئێستای ئەم بزووتنەوە چەکدارییەی کوردستاندا ، بەتەواوی بەپێچەوانەوەیە. ئێستا حیزب و رێکخراوە

چەکدار و بێ چەکەکانی کوردستان،خۆیان تووشی گێرەشێوێنی و لادانی فیکری هاتوون و تا گەردەنیش لە قوڕ چەقیوون. ئێستا جەماوەر هەوڵ دەدا لەم لە قوڕ چەقینەدا دەست بە باڵیانەوە بگرێ و ڕێگای بێ تەگەرەشیان نیشان بدات . جەماوەر ماف بە هیچ ڕێکخراو و حیزبێک نادا کە بەیەک تاکە چاوی کزو لەچوارچێوەیێکی ڕەشی تەنگدا ڕۆڵەکانی بەکەمی ببینێ و بەخۆپەرست و گەمژەش ناویان ببا . ئەگەر حیزب ماسیبێ، ئەوا جەماوەر ئاوە. جەماوەر ئەو حیزبانەی ناوێ و لەریزەکانیشیاندا خۆرێک ناخەن، کەتەعبیر لەداخوازییەکانی سەردەمی ئێستایان نەکەن . ئێستا جەماوەر ساویلکەنیەو بەدورشمی ڕەنگداری هەڵخەلەتێنەریش نایەتە دەست .دەزانێ کەئەگەر ئاشبەتاڵی بزووتنەوە چەکدارییەکەی ساڵی ١٩٧٥، ئەنجامی هەڵەی سیاسی سەرکردایەتی شۆڕش بووبێ،ئەوا ئاشبەتاڵ بوونی ئەم بزووتنەوە چەکدارییەی ئێستا ، پێویستییێکی مێژوویی نەگۆڕەو دەبێ ببێ .

دیسانوتارەکە دەڵێ:

((ئەوانە بیانەوێ و نەیانەوێ بەشداربوونێکی ڕاستەوخۆ دەکەن لە درێژەپێدانی ژیانی پڕ لەکارەسات و کوێرەوەری گەلەکەیان .))

بێگومان ئەوانەی کەراستەوخۆ بەشداری لەدرێژەپێدانیژیانی پڕ لەکارەسات و کوێرەوەری گەلەکەیان دەکەن،یان تەگەرەی ڕێگای خەباتی نەتەوەکەیانن، خایەنن، تاوانبارن،ڕووڕەشن، جاشن، پیاوخراپن، ..هتد..

لێرەدا (( حسک )) مەبەستیەتی،کە ئێمەی ئاوارە، بمانەوێ و نەمانەوێ، بی چەندوچۆن، خایەن و تاوانبار و شتیترین. بەڵام ئایا کێ خایەن و تاوانبارە؟ ئێمە، یان ئێوە؟

بۆ دەبێ ئێمە خایەن و تاوانباربین گەرداوای هێزی یەکگرتووی کوردستان بکەین ؟ لەکاتێکدا ئەوان خۆیان خواستیان نەبێت ؟ بۆ دەبێ ئێمە خایەن و تاوانباربین گەر بەرپەرچی لەگەڵ دوژمن وتوو وێژکردن بدەینەوە؟ ئەودوژمنەی ساڵی ١٩٧٩ (( حسک )) هانای بۆبرد تا لەگەڵی ئاشت ببێتەوە و ببێت بە پۆلیسی کوردستان . بۆدەبێ ئێمە خایەن و تاوانباربین، گەر نەمانەوێ سەنگەرە جیاجیاکانی پێشمەرگەی کوردستان دژ بەیەکتری بن و ڕوولەیەکتری نەجەنگن ؟ یان گەر نەمانەوێ مەڕانە و بزنانە ،یان بەزۆر پارە لەخەڵکی ڕەش و ڕووتی گوندنشینەکانی کوردستان وەرگرین. بەبیانووی ئەوەی کە شۆڕش پێویستی بەپارەیە .نەء ... شۆڕش هێندە پێویستی بەپارەنیە وەک ئەوەی کە پێویستی بە سەربەخۆیی و یەکیەتی خەباتی کوردایەتیە. کەواتە دەبێ کێ خایەن و تاوانباربێت، ئێمە ، یان ئێوە؟

وتارەکەدرێژەی دەداتێ و دەڵێ:-

((ئەوانە بەبڕو بیانووی پووچ و بێ ئەساس دێننەوە بۆراکردنیان لەگۆرەپانی خەبات و بەجێ هێشتنی میللەتەکەیان. کەسانێکی ترسنۆک و بەزیوون . کەسانێکن خۆپەرستن و تەشیابۆخۆیان دەژین. کەسانێکن نەک هەرباکیان بەوە نیەگەلەکەیان و نیشتمانەکەیان سەربەرزبێ ، نەک هەر هەست بەمەسئولیەتی سەرشانیان ناکەن، بەڵکو وەکو شەخسیش باکیان بە کەرامەت و سەربەرزی خۆشیان نیە .))

سەیرە . زۆر سەیرە ، حیزبێکی چەند سەد کەسی وەک (( حسک)) ئەو مافە زۆر نابەجێیە بداتە خۆی . هەزاران کوردی دڵسۆز و ڕووناکبیر بەبێ کەرامەت و خۆپەرست و ترسنۆک و بەزیو ناو ببا . پێویستە حیزبەکان لەم ڕاستییە بگەن ،کەجەماوەر باوەڕی پێی هەیە.ئێمە بۆ میللەت و لەپێناو ئەویشدا دەژین،بەڵام پێمان وایە خەباتکردن لەریزەکانی ئێوەدا ، بەهیچ جۆرێک لەپێناو بەرژەوەندی میللەتدانیە .ئێمە بەشێکین لەگەل و وڵاتەکەمان ،جیابوونەوەشمان شتێکی مەحاڵە .ئەوانەی زێتر لە ((٢٠٠ ...)) هەزار کوردلەگەل و وڵاتەکەیان جیا دەکەنەوە و بەسوک و بێ کەرامەتیان دەزانن ،خۆیان تفەنگی دەستی دوژمنن و سیاسەتی ژەهراوی ئەویش بڵاو دەکەنەوە .ئەوانە خۆیان لەناخی جەماوەر لەدایک نەبوونە و تێشیدا

.. زین جەماوەر ئەوحیزبانەی ناوێ و بێ بەریشیان لێدەکات، کەلەپێناویدا گوللە بە تەریکییەوە دەنێن . بەڵێ جەماوەر ئەم جۆرە حیزبانەی ناوێ و هێڵی راست و چەپیشیان بەسەر دەکێشێ . من ناموێ وەک منداڵی بێ رەوشت ، یان وەک (( حسک )) جنێوی ئاوا بەهیچ کەس و لایەنێک بدەم تەنیا ئەوە دەڵێم ـ مەحاڵە حیزبێک کە بەمردوویی لە دایک بووبێ ، بتوانێ رابەرایەتی خەباتی رەوای نەتەوەییێکی زیندوو بکا .

وتارەکە هەر درێژەی پێدەدا و دەنووسێ :

(( ئەوانەی مەیدان بەجێ دەهێڵن و رادەکەن بەو بیانووەی .....تا ، ئەوانە زۆربەیان لەژێر تەئسیری فەرهەنگ و سەقافەتی فاشیەتدا ، مێشکیان شۆراوەتەوە و قیبەمی شۆڕشگێڕیان لەلا نەماوە . ))

دەبێ کام ئەندامی مەکتەبی سیاسی (( حسک )) وڕێنەی کردبێ ؟! یان وەک دەروێشی تەکیەکان حاڵی کرتبێ ؟! ئێمەکەسمان دەرچووی قوتابخانەی فاشیستی نین . باوەڕیشمان بەرەفتاری فاشیانەو بەرگری لێکردنیشی نیە .ئێ خۆ سەرناوی هەر ئەم وتارەتان ئەوە دەگەیەنێ کەئێمە فاشی نین و بەڕای جەنابتان لەترسی پەلاماری فاشیزم رامانکردووە .

ئەی بۆ بەوە ناومان دەزڕێنن کەلەژێر تەئسیری فەرهەنگ و سەقافەتی فاشیستیدا مێشکمان شۆراوەتەوە و وەک خۆتان دەڵێن قیبەمی شۆڕشگێڕیمان نەمابێ .بەڵام ئەوانەی هەزاران دڵسۆز و روناکبیر بەبڵاوکەرەوەی ئایدیۆلۆژی فاشیزم ناودەبەن، ئەوانە خۆیان مامۆستاو پسپۆری ئەم قوتابخانەیەن.ئەوانە خۆیان روناکبیر و کوردی ئازالیرەو لەوێ راو دەکەن. ئەوانە خۆیان تۆوی دووبەرەکی و گیانی رک و کینە و سیاسەتی ژەهراوی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاو دەکەنەوە . بەکورتی ئەم کوردە سۆسیالیستانە لە حوجرەی مزگەوتەکاندا وانەی سۆسیالیزم و ئایدیۆلۆژیتری سیاسیان خوێندووە ، بۆیەئاوازوو هەڵدەچن ودەمیان کەف دەکا .

---

هەزار ئەفسوون و جادووی پێوە ئاوێزانە ئەم ریشە
عیلاجی گەر ببێ یا گوێزە یا گوێزانە ئەم ریشە

بە تەحریکی تەڵێکی سەد هەزار نەفسی بە کوشتن دا
رەئیسی حیلەکاران،شای قوماربازانە ئەم ریشە

بە بای سەرسەر لە شوێن خۆی ناجمێ، ریشی ئەمەند سەختە
بە بێ حیکمەت نییە گەر جار بە جار لەرزانە ئەم ریشە

بە زاهیر سافە وەک زیوی سپی،ئەمما لە باتیندا
رەش و پیس و موللەوەس ، وەک بنی قازانە ئەم ریشە

بە مەکرێ ئەمرەتێنێ حەز بکا هەر لێرە تا موکری
پەناهم دەی خودایا خاوەنی زۆرزانە ئەم ریشە

کە سەیرم کرد دەزانم شێخ لە من مەسرووورە یا عاجز
حەمەی وەستا فەتاح بۆ حاڵی من میزانە ئەم ریشە

هەزار هەوسار و دەسبەند و گوریسی لێ دروست ئەکرێ
بە سەد باتمان خوری گەر دەس کەوێ هەرزانە ئەم ریشە .

( شێخ رەزای تاڵەبانی )

١٨٣٢ – ١٩٠٩

# کا ...........؟!

" ژ رەشە رۆژێن وولاتێ من ...." oooooooooooooooooooooooo صالح گوللی ooooooooo

شەنگە بێریێ بو رەش پوشیێ
کا مەشکا تە
کا خوێدانک
و کا زەرکا تە ؟
تە پەز هێلا بو نادوشیێ
کا پارزینکێ
ژ یارا تە
بوچی ئەڤرو نە کەیف خوشیێ
گرنژینێت تە ماکانێ
ژ پەزێ خو هاتی قەتیانێ
برهێن بەلاڤێت کلدانێ
ئیروکە کەفتی ڤەمانێ
دیارە تو یا سەرخۆشی
بێری زڤڕی ب من کر کەنی
گۆت ئەرێ هۆ
هۆزانڤانو !!
دل کەسەرو
ب دەرد و ژانو
نڤیسەرو
ل من نەزانو
گۆت من هێلا ئەم بون بەنی
ما کا پەزێ
بچت چەرێ
ما کا چەرا وەکی بەرێ
خۆرتا هەمی کر و رەنی
نە مە پەز ما
نە مە رەز ما
نە مە بوست ما
نە مە گەز ما
بو خۆ برن کوچکێن گەنی
ئەم مان بەنی
ئەم مان بەنی
بو خۆ برن
برن ب خۆرتی
لێ پەز بربو
یێ وان گرتی
ئەو پێ شاد بون لێ بون خەنی
برەک گەهشتن
شڤانی
ئەو ژبون دوبر
ژ بەر نەزانی
لێ مە ما
هویڤیەکا نوی
ئەو ژک ل بال رەخەکانی
ل سەرەکانی
دێ ژ نوی دوشم
پەزێ ئانی
دێ مەیینم
ل مەشکەکا نوی
دێ شلقینم
ل بەررا زاروا
دێ نڤینم
جانەمەرگان
دێ ڤەژینم
دێ ڤەژینم .

کورتە چیرۆک :

# سەردانی سەرۆک

نووسینی: فازیل کەریم ئەحمەد

ئەمە سێ مانگی رەبەقە ، هەموو رۆژێ ، بە بەردەوامی دەنگ و باس و هەواڵی هاتنی سەرۆک لە هەموو کون و قوژبنی شاردا بڵاو ئەکرێتەوە . دروشمی پان و پۆڕ هەڵ ئەواسرێت ، بە لێشاو بەیان و بڵاو کراوە و ئامۆژگاری بڵاو ئەکرێتەوە. جارچیەکان لە هەموو گۆڕە پان و مەیانەکاندا ، بە دەنگی بەرز تازەترین هەواڵ بە کۆمەڵانی خەڵک را ئەگەیێنن ، ئاهەنگی گەورەو گرینگیش لە سەرانسەری شاردا ساز ئەکرێ کە چی کەس نازانێ کام رۆژو کام سەعات ئەو دێت . هاتنەکەشی بۆتە بەشێک لەو ئەفسانەیەی کە تا ئێستا کەس بۆی هەڵنەهێنراوە . سەردانی سەرۆکی ئێستا وەکو سەردانی سەرۆکەکانی پێشوو نابێ ، لە دەرەوەی شار تاق لێ بدرێ ، دەهۆڵ و زورنا و شایی و هەڵپەڕکێ گەرم بکرێ ، مەڕ لە بەر پێیدا سەر ببڕێ ، ئۆتۆمۆبیلێکی بێ ژمارە ، یەک لە دوای یەک وەکو شارە مێرولە رچکە ببەستێ ، سەرۆکیش لەم سەرەوە بە هێزێکی گەورەوە ، لە ژێر سێبەری فڕۆکەو تانکدا بکەوێتە رێ . کار بەدەست و پیاو ماقوڵ و ریش سپییەکانیش بە کڵاوو مشکیی لار و سەرو ریشی پاک تاشراو دەمانچەی بەر باخەڵەوە ، لە پێشی پێشەوە وەکو داشی دامە ریز ببەستن و دەست و پەیوەن و تەماشاکەرانی تریش لە دوای دواوە بن..

بە گوێرەی قسەی ئەوانەی قسە ئەبیستن و قسەیان لێوە دێتە دەر ، سەرۆکی ئێستا حەزی لەم بەزم و رەزمە نییە و دژی کۆن و کلاسیکە . حەزی لە نوێ کردنەوە و داهێنانە ، ئەیەوێ لە سێبەری فەرمانڕەوایی ئەودا هەزار و یەک گوڵ بپشکوێ و شتی تازەش بێتە کایەوە .. ئەیەوێ وەکو هاو وڵاتێکی زۆر زۆر ـ ئاسایی و سادە سەیر بکرێ ، هەر وەکو چۆن ئەوان ئەچنە گەڕاج و ریز ئەگرن و سواری ئۆتۆمبیل ئەبن ، ئەمیش ئەیەوێ وابکات و بە هیچ شێوەیەک سەرەنجی کەس رانەکێشێ ...

سەرۆک حەزی لە کەش و فش و رۆح زلی نییە ، حەزی لە رۆتینی وشک و برنگ نییە ، دەورو بەرەکەی ناهێڵن و سەری لێ شێک ئەدەن ! جەنابی سەرۆک ئەبێ قاتی فەرانسی لە بەر کەن ، پێڵاوی ئەڵمانی ، بۆیم باخی ئەمریکی ، خواردنی ئینگلیزی و شەرابی ئیتالی ، بەڕێزتان سەرۆک کۆمارن و سەرۆک کۆماریش خوای سەر ئەرزە ، گەل ئەبێ لە پێناوی ئێوەدا بمرێ و بژێ . سەرۆک بێهودە دەیان جار بۆی رون کردنەوە ، کە ئەیەوێ بە سادەیی بژێ ، وەکو ئیمام عەلیء کاروانی شاهینشای ئێران بەلای دا تێپەڕی ، نەیان ناسییەوە ، زەلامێک ، لە سەر حەسیرە شڕێکدا ، لە سێبەری دار خورمایەکدا ، پاڵ کەوتووەو نیوەی

قاچیشی لە ناو لمدایە .. منیش ئەمەوێ وا بژیم ، من حەزم لەم بەزم و ڕەزمە نییە . ئەوانەی لە دەورو بەری کۆ بونەتەوە ، ئەچنە بن کلێشەیەوە و وازیلێ ناهێنن ... تا ئەو ڕۆژەی سەرۆک دێ ، هەموو بڕیارو ئامۆژگاریەکان ئەبێ بە وردی جێ بەجێ بکرێ . بۆیە شارەوانی لە هەموو لایەک زیاتر قۆڵی لێ هەڵمالیوەو کەوتۆتە ناو بازاڕەوە ، جادەو شۆستەکان ئەمالێ ، دیوارەکان بۆیە ئەکات ، تەنەکە خۆڵەکان کۆ ئەکاتەوە ، گڵۆپە شکاوەکان ئەگۆڕێ ، بۆیاخچی و جگەرەفرۆش و گوڵە بەڕۆژە فرۆشەکان ڕاو ئەنێ .. دوکاندارەکانیشی ناچار کردووە ، هەر یەکە چوار پێنج چڵی سنەو بەر بەملاو بەولای دوکانەکایاندا هەڵواسن، دو ریز ئاڵای نیشتمانی و کاغەزی زردو سورومیزەڵدانی جۆراو جۆر و وێنەی سەرۆکیش . ئەم سەرو ئەو سەری کۆڵان و شەقامەکانیش بە دەیان گڵۆپی ڕەنگاو ڕەنگ ڕازانراوەتەوە ، دروشمی بە خێرهاتن و بژێ و بڕوخێش تەنراوە. سەر بە هەر لایەکیشدا ئەکەی ، کۆمەڵێک لە وێنەکانی ئەوت وەکو مووی لووت بە توشەوە ئەبێ ، سەرۆک بە پێکەنینەوە ، بە پێوە ، بە دانیشتنەوە ، بە قات و بۆیمباخەوە ، بە جلی سوپاییەوە ، شیرو تیرو نەجمە و تانج لە سەر شانی ریز کراوە ، نیشانەو مێدالیاش سەر سنگی داپۆشیوە .. جگە لە پێکەرەکانی ئەم پەڕو ئەو پەڕی شارو گۆڕە پانە سەرەکیەکان .. سەرۆک نایەوێ پێشکەوتن و نوێ کردنەوە لە سنوری پایتەخدا قەتیس بمێنێتەوە بەڵکو ئەبێ تیشکی روناکی دورترین بستی خاکی نیشتمان بگرێتەوە ، هەروەها برسیەتی و نەزانی و کوێرەوەری و دواکەوتن نابێ شوێنەواری بمێنێت بۆیە نانەواخانەکان ئەبێ بە درێژایی شەو وەکو ئاشی کڕیوە ئیش بکەن، گەرماوەکانیش ئەبێ هەمیشە گەرم و ئامادە بن و ژمارەی ناترەکانیش زۆرتر بکرێت و پەشتەمالە چڵکن و رزیوەکانیش بکرێتە خۆراکی توونی حەمامەکان . چێشتخانەکانیش ئەبێ هەموو ڕۆژێ چێشتی چەورو بە تام لێنێن و قاپ و کەوچک و مەنجەڵەکانیش بە پاک و خاوێنی رابگرن ، سەرمێزو تەختەکان بریق و باقیان لێوە بێت ، چەپکێک گوڵی نایلۆن و دەستەسڕی کاغەزو چیلەکەی دان پاک کردنەوەی لە سەر دانرێ . نابێ هێندەش مێش و کێچ و جاڵجاڵۆکە و سیسارکە بە ئارەزووی خۆیان بسوڕێنەوە، بەڵکوو لە ناو شووشەدا دانرێن و سوودیان لێ وەربگیرێ و چێشتی نوێتریان لێ دروست بکرێ . پاقلە فرۆشەکانیش ئەبێ عارەبانەکانیان بۆیە کەن و پاقلەکەشیان چاک بکوڵێنن و هێندەش پاقلەی نەکڵۆک و مێشاوی دەرخواردی خەڵک نەدەن و بە ئارەزووی خۆشیان خوێ و ئاڵەت و پوونگەی پێوە نەکەن ، چونکە هەموو ئەمانە رووالەتی دواکەوتنن و ئەبنە هۆی نەخۆشی و تیاچوونی هاووڵاتیان لە خەبات و تێکوشان لە پێناوی نیشتمان و کۆماردا بێ بەشیان ئەکات . تراکتۆرو پیکاپ و لۆری نابێ لە چەقی ڕێگاکانی ناوەڕاستی شار رابگیرێن ، عەرەبانەو تریشقەش ئەبێ تەنیا لە گەڕەکەکانی دەورو بەری کار هاتو و چۆ بکەن و ڕۆژی هاتنی سەرۆکیش خۆیان لە پەنایەکدا حەشاردەن ،چونکە ئەم حۆرە دیاردەیە روی ڕاستەقینەی شۆڕشی گەل ئەشێوێنن و زەرەرێکی هێجگار قورس لە ناوونا وبانگی وولات ئەدەن .. دەربارەی چۆنییەتی چارە سەرکردنی شوێنەواری خانووە رووخاوەکان و جێگەی ناپاڵم و بۆمباکانی پار ، شارەوانی

جارێ هیچی لە مێشکدا گەڵاڵە نەبووە، بە تەواویش سەری سووڕ ماوە لە نێوان داوو دەزگادەسەڵاتدارەکاندا، هەر یەکە فەرمانێک ئەدا و هەر یەکە بەرەکە بەلایەکدا رائەکێشێ. لەم ناوەش شارەوانی تووش بووە. شوێنەوارەکان هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە یا نەمێنێتەوە؟ ئاسمان دوورو زەوی سەخت.

دیارە بە قەڵبەیەکماندا ئەدەن. نازانم بە قسەی کێ بکەم! هەزار پێشنیارو هەزار بڕیار، هەمووشی دژی یەکترن.. گەر شوێنەوارەکان دەسکاری نەکران ئەبێ سەرۆک وەکو بایەقووش لە ناو وێرانەدا سەیران بکات، بەمەش رەنگە دڵی تێک چێ و تووشی سەرکێژی ببێ. ئەگەریش شوێنەوارەکان رامالران ئەوکاتەش دوور نییە وەکو فیشەکە شێتە بە ئاسماندا نەچێ، چونکە کارامەیی فرۆکەوانەکانی بۆ دەر ناکەوێ، کە چەند جێگای مەبەستیان پێکاوە، چەندیش دەورەکانی مەشق پێکردن لە دەرەوەی وڵاتدا سوودیان وەرکرتووە، چەکی ئاسمانی وڵاتانی دۆست و هاوپەیمانیش چەند کاریگەرن. باشە سەرۆکی شارەوانی ئەی تۆ بۆ هێندە کەریو خۆتکەوچ ئەکەی، ئەمە کەی حیساب و ماتماتیک و زیرەکی ئەوێ، هەمووی روون و ئاشکرایە.

شارەوانی ئەبێ بیرێکی وردیش لە مەسەلەی نووسینی سەر دیواری ئاودەستی مزگەوت و قوتابخانە و سینەماکان بکاتەوە، لایەکی دیوارەکان، هەر لە بن میچەوە تا کونی ئاودەستەکان، بە (بژی سەرۆک) و (بلیمەت وپاڵەوانی سەدەی بیستەم) و (باوکی گەل) رەش کراوەتەوە، لایەکی کەشی بە (بڕووخێ دیکتاتۆر) و (سەر تۆڕی بۆ جاش و نۆکەری ئیمپریالیزم) و (مردن و رووڕەشی بۆ فاشیست) و (بڕووخێ کۆکاکۆڵا) هەر لە بن میچەوە تا ئاستی مەسینەکان بە خەڵووز رەش کراوەتەوە. لە سەر هەر درگایەکیش وێنەیەکی سەرۆک کراوە، دوو کەڵبەو دوو کوێی درێژیشی هەیە، سەرۆک سواری وەزیری ناوخۆ بووە، وەزیری دەرەوەش سواری هەردووکیان.. هەر جارێکیش ئەم دیوارانە سەر لە نوێ بۆیە بکرێنەوە، ئەوە ئەبێتە جەژنی نووسەرو خۆشنووسی ئاودەستەکان، بەمەش دوا مۆدێلی کاریکاتێرو نوکتە ئەکەوێتە بەر چاوی خەڵک چونکە لەم شوێنەدا سانسۆر ناتوانێ دەوری خۆی ببینێ و مەقەس بخاتە مل ووشە ئازاو چاو نەترسەکان.

سەرۆک چەند جارێک هێرشی کردە سەر ئەو هێزە سیاسیانەی لە دەرەوەی ـ وڵاتن و دژ بە رژێمن. ئەوانە خۆ فرۆش و بە کرێ گیراون، تێک دەرو پیلان گێڕن، بە فیت و هاندانی دوژمن و بێگانە ئەجوڵێنەوە و ئەیانەوێ وڵاتە خوشەویست و جوانەکەمان لێ تێک بدەن. ئەوانە دەسپەڕی سیاسی ئەکەن، پێ ویستە جەماوەر بە درووٚ دەلەسەی ئەوان هەڵنەخەڵەتێ، گەر ئەوان راست ئەکەن ئەمە گەزو ئەمە مەیدان، لە کام وڵاتدا سەربەستی و ئازادی وەکو ئێرە گەشەی کردووە و دەرگای دیموکراسی خراوەتە سەر پشت؟ ئەو هێزانەش پێکەنینیان بە قسەکانی سەرۆک ئەهات، دەسپەڕی سیاسی؟ گەر ئێمە دەسپەڕی سیاسی ئەکەین جەنابتان گەوادی سیاسی ئەکەن، کردەوەکانتان لە کردەوەی ـ گەوادێکی نابوت و پەڕپووت ئەچێ تا کردەوەی سەرۆکێک، جەنابتان وڵاتەکەتان بە گان داوە و سەری کۆمارتان شۆڕ کردووە!

سەرۆک هەر چەند مەترسی هەبوو ، جارێک بە سەردان بۆ دەرەوەی وولات بچێ بەڵام دەعوەتی حوکومەتی فەرەنسی پەسەند کردو ملی پێوە نا . ثارەزاو دەورو پشتەکەشی زیاتر هانیان دا ، بڕۆ، با لە سەر ئاستی جیهانیش بناسرێیت و سیاسیەکانی ئۆروپاش ببنە دۆست و هاو پەیمانت ... سەرۆک کۆماری فەرەنسە دەعوەتێکی گەورەی بۆ ساز کردن ، پاش نان خواردن قرقێنەیەکی دا نا و سالۆنەکە دەنگی دایەوە ، هەر دوولا تەریق بوونەوە ، شەرم دایگرتن ، جەنابی سەرۆک قرقێنە لای ئۆروپیەکان زۆر ناشرینە، چەقۆ بە دەستی راست و چەتاڵیش بە دەستی چەپ ، دەست بۆ کەوچک نەبەی ، شەرابی سوور لە دەستی راست و شەرابی سپی لە دەستی چەپدا ئەنرێ .. نان خواردن یاسا و نەریتی تایبەتی هەیە، نابێ هەڵەی تێدا بکرێ .. پرۆگرامی سەردان رێکخراوە . سبەی هەردوو سەرۆک لە ناو جەرگەی پاریسدا گەشتێکی ئازاد ئەکەن . سەردانی شوێنە مێژوییەکان ، بورجی ئایفل ، شانزئەلیزێ، مۆزەخانەی لۆڤەر .. ئاخ ئەم سەگبابانە لێم ناگەڕێن وەکو مەلێک کە تازە لە قەفەزدا بەرەڵڵا کرابێ منیش وا بە ناو ئەم شارەدا بسورێمەوە یەکسەر بەرەو پێگال ، وەرە ئەی خوای جوانی ، ئەی شۆخ و شەنگ ، یەکە یەکە ، پەلە مەکەن ، هەموو نەوتەکەتان بۆ ئەفرۆشم ، ئەمە راست نییە ! ئەمە خەیاڵە ! گەر سەرۆک کۆماری پێگال بوومایە باشتر نەبوو ؟ نە پێویستیم بە تانک و فڕۆکە ئەبوو ، نە بە شەونخونی ، نە ترس و لەرز ، سەیری ئەم سەرۆک کۆمارە گێلە ناکەی وەکو بنێشت پێمەوە نووساوەو لێم نابێتەوە ، من کەی سیرم لای لەوچە لەوچی تۆیە ، رێ کەوتن و مۆر کردنی پەیمانی دۆستایەتی ، ثارەزاکان هەموو شتێکیان بڕیوەتەوە، بەرێزتان تەنیا هەر ئیمزاتان لە سەرە ، نەوتتان لێ ئەکڕین و چەکتان پێ ئەفرۆشین ، سەر بە سەر ، ئەتوانن سەیری هەموو کارگە جەنگیەکان بکەن ، تازەترین جۆری چەکیش بکڕن وڵاتەکەتان پێویستی بە ئاشتی و ئاسایش هەیە ، بۆمبای ئەتۆم لە سەر دەمی ئەتۆمدا لە نان و ئاو پێویسترە ، هێزە گەورە و گرینگەکانی جیهانیش هیچ کامیان بێ چەکی ئەتۆم نین ، ئێوە لە کەس کەمتر نین ، دونیاش سەری بە پووش نەگیراوە ؛ بەڵکوو بە ئەتۆم ، گەر نازانن بەکاری بهێنن ، ئەتوانن پشت بە ئێمە ببەستن و ئێمەش ناهێڵین پەکتان بکەوێ . لە قۆناخی ئێستادا تراکتۆرو کارەباو چاپخانەو دەرمان زۆر پێویست نین ، بەمانە سنووری وولات ناپارێزرێن و ریش و سمێڵیشی لە سەر دا ئەنێن. نیشتمان لە مەترسیدایە ! لەم قۆناخە گرنگ و ناسکەدا لە مێژوی گەلەکەماندا ئەبێ یەک بگرین بۆ تێکشکاندنی نەخشەو پیلانەکانی ئیمپریالیزم . ئەم قۆناخانە بۆ هێندە ناسکن ، یەک لە یەک ناسکتر، پشت بە خۆ بەستن ، کەش مەلیک ، بە پۆستەر دیوارەکان داپۆشن ، وێنەی دەمێک و کلیلێکی زلی لێدراوە و لە بنەوەشی نووسراو نهێنیەکانی دەوڵەت بپارێزە؛ قسەی قۆڕ ، هەر سەر کۆڵانێک ئەمنێکی تێدایە یا ئیستخباراتێک ، چایخانەو سینەماو بارو مەلهاو کارگە جێگەی کەسی کەی تێدا نابێتەوە .. ئەمانە هەموویان سوودیان نییە ، گەر دەزگایەکم دەست ئەکەوت ، لە کۆشکی کۆمارییەوە ، بە گوێی خۆم گوێم لە هەموو ماڵێک، ئەگرت و ئەمزانی چی ئەڵێن و چی ناڵێن، ئەودەمە

دڵم بەم کارەم خۆش ئەبوو ، هەمیشە مەنجەڵی پیلان لە سەر ئاگرە ، کام خەلیفە بوو شەوان بە تەنیا بە کۆڵانەکاندا ئەگەڕا ؟ منداڵەکان لە برسا خۆیان گرمۆڵە کردبوو ، دایکەکەش مەنجەڵێک ئاوی لە سەر ئاگر دانابوو چوار پێنج بەردی تێدا بوو ، بنوون رۆڵە دەمێکی کە چێشتەکەتان پێ ئەگا خوشکە مەنجەڵەکە لە بەرد زیاتر هیچی تری تێدا نییە ؟ ئاخ ! گەر منیش ئەمزانی لە مەنجەڵی هەموو ماڵێکدا چی ئەکوڵێ ، ئەو دەمە ئەمزانی کارو بارەکانم چۆن بەڕێوە ئەچن ، ئەمن و ئیستیخبارات و پۆلیس ، هەر بۆ فشە فش و مێبازی و خۆ بادان بە سەر خەڵکدا ئازان و هیچیان لە بار دا نییە ، ئەمانە منیان هەر بۆ دۆشین ئەوێ ، کەی شیرەکە ووشکی کرد ، ئینجا بەردم تێ ئەگرن وئەمخەنە چاڵێکەوە ، کەسیان کوڕی رۆژی ناخۆشی و تەنگانە نین ...

جەنابی سەرۆک زۆر بیری لێ ئەکەرەوە ، هێلکە لە مریشکە یا مریشک لە هێلکە ، هاوکێشەکە ئاڵۆزەو سەری خۆتانی پێوە مەئێشینن . ئێوە سێبەری خوان لە سەر ئەم ئەرزە ، ئێوە رزگارکەری مرۆڤایەتین و هەڵگری پەیامن ، ئێوە ئەو کەسەن کە بە سەر سەردەمی خۆتاندا بازتان داوە و هەموو گرێ کوێرەکانی داهاتوو ئەزانن .. ئیتر بۆ هێندە بیری لێ ئەکەنەوە ؟ کەی جاران هێندە حەب و دەرمانتان بە کار ئەهێنا ، ڤالیۆم ، مۆرفین ، هیرۆئین ، ... ئێوە زەرەر لە تەن دروستی خۆتان ئەدەن و گەل و نیشتمان تووشی کارەساتێکی بێ وێنە ئەکەن ! ئێوە ئیش و کارتان هێجگار زۆرە ، ئەرکێکی گەورەو گرینگتان کەوتۆتە ئەستۆ ، یاری دەرو وەزیرەکان هیچی لێ نازانن ، ئێوە ئیش و کارەکانی ئەوانیش ئەکەن و ئیش و کارەکانی خۆشتان ، بەرگری ، پیشەسازی ، کشت و کاڵ، پەروەردە ، شارەوانی ... جگە لە پیلان و پیلانگێڕانی چەواشە لە دەرەوەو ناوە- وەی وولات ... باشە چار چییە ؟ گەر بازاڕێکی سەیرە ، چۆن تووش بووم. بخۆرەوە ، بخۆرەوە ، هەمووی بیری خۆت بەرەوە . خواردنەوەی زۆرو شەونخونیو ماندو بوون بە جارێ مێشکتان ئەهاڕێ ، لەم قۆناخە ناسک و پڕ مەترسییەدا نیشتمان پێویستی بە سەرکردەیەکی هەڵکەوتووی وەکو ئێوەیە ... دەمت داخە قەرەپشی ...

سەرۆک هەموو جارێ باسی ئەوە ئەکات، کە حەزی لە ئاهەنگی پێشوازی و بە پیرەوە چوون نییە ، ئەیەوێ وەکو ئەو خەڵکە جانتایەک بە دەستەوە بگرێ و لە گەڕاجێک سواری ئۆتۆمۆبیلێکی هەژدە نەفەری بێت و لە گەڕاجی شارێکی تر دابەزێ. ئیتر ئەم قەڵەباڵغ و بگرەو بەردەیەی بۆ چییە ، سێبەری دارخورما و حەسیرو نیوەی قاچی لە ناو لمەکەدا بوو ، شەوان بە تەنیا بە کۆڵانەکاندا بگەڕێ، منداڵەکان نووستوون و پیرێژنێک چوار بەردی لە ناو مەنجەڵێک داناوە .. سەرۆک نایەوێ لە ناو قەفەس دانرێ، ئەیەوێ لە گەڵ شێت و داناندا گفتوگۆ بکات و دەردی دڵیان بزانێ ، هەرچەند سەرۆک هەندێ جار بە دیمەنی شێتەکان قەڵس ئەبێ چونکە ژمارەیان زۆر بە خێرا زۆر ئەبێت و هەموو شێتخانەکان جمەیان دێت و جێگەی کەسی تری تێدا نابێتەوە ، ئەوەی شێت بوو پێی ئەڵێن : پیتاقەکەی بۆ دەرچووە"... ئەوەش پێ خوار دانێ یا خۆی لە ریزی شێتەکان ئەدۆزێتەوەیا لە ژێر پەتی سێدارە .. رەنگە ئەم جارەش شێتەکان بیانەوێ چاویان بە یەک

بکەویتەوە ، گەر ڕێگەشیان بدەن نیازیان وایە لە ئاهەنگی پێشوازیدا بەشداری بکەن . لە لایەکی ترەوە ، شارەوانی لە بەر رووناکی ئامۆژگاریەکانی سەرۆک بڕیاری بەر هەڵستی و گرتن و راونانی داون ، چونکە لە کاتی سەردانی یەکێک لە سەرۆکەکانی پێشووتردا ، تاقمیک لەمان خۆیی گەیاندبووە جێگا و شوێنی پێشوازی لێ کردن ، بە تەواویش خۆیان گۆڕیبوو ، سەرە ںۆدە و قایش و قرووشی دونیایان لە خۆیان دابوو ، لەم بەرو ئەو بەری جادەکە ، بەرامبە یەک ، ریزیان بە ستبوو ، سەر کۆڵارەشیان بە دەستەوە بوو ، کاتێک سەرۆک گەیشتە ئاستیان،ئەمان لە ترسا رەپ راوەستان و هەناسەیان لە خۆیان بڕی و هەر یەکە بەلایەکدا هەڵهاتن ، چونکە سەرۆک و تاقمەکەی سەرە ںۆدە و قایش و قرووشی زۆرتریان پێوە بوو !

شارەوانی ئەوەشی بیر نەچۆتەوە ، کە لە کاتی سەردانی یەکێک لە سەرۆکەکانی پێشوودا ، کۆمەڵێک مانگا لە بەر دەرکی سەرادا مۆڵیان بەستبوو ، هەر ئەو سەری لە دەرگای ئۆتۆمۆبیلە گوللە نەبڕەکەی دەرهێنا ، مانگاکان بە یەک دەنگ پێکەوە بۆڕاندیان ، بۆڕاندنەکەیان هەر لە گرمەو نالەی مێگ و سۆخۆی ئەچوو ، سەرۆک بە جارێ شڵەژا و خوێنی گیانی بە تەواوی بەستی و زەرد هەڵگەڕا ، وایزانی کودەتا رووی داوە ، دەستی کردە جوێن دان و داشتنی هەموو ئەوانەی لەو ناوە بوون .

سەرۆکی ئێستا بەراشکاوی گووتی ، نابێ مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە. رەوڕەوەی مێژووش بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە ، حەزم لە دیمەنی گاو گۆتاڵ نییە ، بە تایبەتی کاتێک بە کۆمەڵ بە سەر شەقامەکاندا ئەڕۆن ، هەر لە گرووپە جەپەکانی ئۆروپا ئەچن ، رۆژێ هەلەق مەلەق و دیمەنی شارەکان دزێو ئەکەن ..

ئالای دیموکراسی لە سەر خاکی نیشتماندا ئەشەکێتەوە ، مەڕوگورگ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە ، سەرۆک نوێنەری گەلە ، رۆڵەی گەل و باوکی گەل ، کەس بۆی نییە لە رێگەی دیموکراسی لابدات و زەرەر لە گەل و نیشتمان و شۆڕش بدات، حەوزی تێزاب، هێلەکەی گون تەقاندن ، چاو هەڵکۆڵین ، شووشە تێدا شکاندن ، گروونی پێستی سەر ، پشت ئووتوودان ، بە قازانجی گەل و تێکشکاندنی نەخشەو پیلانەکانی دوژمنانی گەل ئەشکێتەوە . با هێزە سیاسیەکان بگەڕێنەوە وولات و بە ئازادی و سەربەستی بیرو باوەڕی خۆیان دەربڕن و دەست لە دەسپەڕی سیاسی هەڵگرن"تیۆری خۆڵەمێشییەءگیانەکەمءداری ژیانیش هەمیشە سەوزە " ئەمە گەزو و ئەمەش مەیدان!

گەر دیموکراسی باڵی بە سەر نیشتماندا نەکێشاوە ، بۆ کەس دەنگی بێزاری و نارەزایی بەرز ناکاتەوە ، لوولەی تفەنگمان نەختۆتە پەنا گوێی هیچ کەسێک کەل خاوەن دوا بڕیارە . سەرۆک بە بەردەوامی یا لە ناو کارگە دایە یا لە ناو کێڵگە ، جوتیاران و کرێکاران و چەوساوەکانی جیهان یەکبگرن .. سەرۆک مەبەستی لەم سەردانە ئەوەیە گیرو گرفت و ئازارەکانی گەل هەست پێ بکات و بەشداری کاریگەر بکات لە چارە سەرکردنیان.. ئەمە سێ مانگی رەبەقە دانیشتوانی ئەم شارە چاوەڕوانی هاتنی سەرۆکن ، بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان سەرۆکی ئێستا و سەرۆکەکانی پێشووتر بەراورد بکەن . هەر رۆژە قسەو قسە لۆکێک ئەکەوێتە بازاڕەوە ، هەر یەکەش بە ئارەزووی خۆی ترش و خوێی پێوە ئەکات ، بووە هات هاتی رۆم ، بنێشتە خۆشەیە ، ئەوان هەر ئەیجوونەوە تاتاقەتیان لێ ئەچێ ، کە

بۆژو بوون ، هەر یەکە بەلایێکدا رایئەکێشن ، فووی پێدا ئەکەن ، سەر لە نوێ ئەیچوونەوە ، دیسانەوە فووی تێ ئەکەن تا لە دەمیاندا ئەوەندەی میزەڵدانێکی لێ دێت ، ئەتەقێتەوە .. چاوەڕوانی کراوەتە بەشێک لە ژیانی ئەم شارە ، بۆ نان خواردن و خەو ، کەس بۆی نییە ئەم تەلیسمە بشکێنێ ، لە بازنە ئەفسوناویەکە قەڵەمبازێک بدات. ئەو ئەیەوێ لە پڕ خۆی پێدا بکات ، بە شێوەیەکی نهێنی و نەبینراو ، لە گەڵ خۆر ئاوادا ، لە گەڵ جریوە جریوی ئەستێرەکاندا خۆی پێدا بکات دوور نییە خۆی نەگۆڕێ و خۆی نەکاتە شێلم فرۆش و بە عەرەبانەیەکی شکاوەوە بە کۆڵانەکاندا نەسوڕێتەوەو پرسیار لەم و لەو نەکات و ژێر زمانی دوا منالیش تاقی نەکاتەوە . کێ تێرە و کێ برسی ؟ کێ دڵسوزو سەر ڕاستە و کێ بوودەڵەو دەسبڕ و جەردەیە ؟ کێ بەرتیل ئەخوات و کێ بەرتیل ئەدات ؟ کێ مەنجەڵی خستۆتە سەر ئاگرو لە چوار بەرد زیاتر هیچی تێدا نییەو کێ ورگی گەزێک دەرپەڕیوە ؟ لەوانەشە خۆی بکاتە گەداو تووورەکەی سواڵ بکاتە مل و لە دەرگای دوا ماڵی ئەم شارە بدات ، بۆ ئەوەی بە چاوی خۆی ورد و درشت ببینێ ،کێ خانووی دووقاتی کردووەو کێ کەوتۆتە سەر ساجی عەلی ؟ کێ ماڵی وێران کراوەو کێ ماڵانی وێران کردووە ؟ رەنگە بەشەڕە دەمانچە خۆی بە شاردا بکات و گوێ هەموو سەرسەری و چەقۆکێشەکان با بدات و چاکیش تەمێ خواردوویان بکات ...

جاران کێ هەبوو لە پەرێزمدا بکۆکێ ؟ کێ هەبوو بوێرێ بڵێ : لەل ؟ چاوی هەموو سەر سەری و جلێت و ئەقاوەکانم شکاندبوو ، ئێستا رۆشنبیرو خوێندەوارە ، زمان درێژەکان خۆیان گیف ئەکەنەوەو قسەی قۆڕ ئەکەن و لاپەڕەی رۆژنامەکان رەش ئەکەنەوەو لە سەر دیواری ئاودەستەکان ئەنووسن ،دەسپەڕی سیاسی ئەکەن، بۆ روبەڕوو ناوێرن دەم هەڵبێنن ؟ گەر ئەم هەموو تانج و قایش و قرووشەم پێوە نەئەبوو ، بە دەستی خۆم تەمیێم ئەکردن و تێم ئەگەیاندن هێلەکێک ئارد چەند گونکی تێدایە . سەرۆکی ئێستاش سەردەست و شان و ملی وەکو مشەمای لگاوی لێ هاتووە ، ئەوەندە خاڵی لە سەر کوتراوە ، وێنەی شێرو پڵنگ و ئەژدیهاو دڵ وتیر. لە سەردەمی گەنجیدا هەمیشە بۆکس خەنجەرو چەقۆی لە گیرفاندا بوو ، چوار پێنج کەسیشی بە دواوە بوو ، ئەچوونە سەر خەڵک و دارکاری تاوانبارو بێ تاوانیان ئەکرد .

ئەوانەی ئەو زەمانە دۆست و ئاشنای بوون ، ئێستا هەموویان جلی سوپابیان لە بەرەو بە دەوری سەرۆکەوەن ، بە ئارەزوی خۆیان نەجمەو تانج وەکو گوڵە بەڕۆژە بە سەر ئەم و ئەودا دابەش ئەکەن ، ببڕو بکوژن ، ئیمزایان لە هەموو شوێنێک ئەڕوا ، لە جەنگ و ئاشتیدا ، لە پیشەسازی و مۆسیقادا ، ئەمانە نوێنەری سەرۆکن و ئامۆژگاریان لێوە وەرئەگیرێ و ئاویشیان ئەبێ سەرەو ژور ـ بڕوات ! سەرۆک ئەمانەی قورمیش کردووەو ئەمانیش قسەی دەمی ئەو کاوێژ ئەکەن و دەم ئەکەنەوەو دەم ئەنووقێنن تا قورمیشەکە تەواو ئەبێ .

جەنابی سەرۆک بە کودەتایەکی دیموکراسی سپی هاتە سەر کار ، سەرۆکی پێشووش بە هەمان شێوە حوکمی گرتبووە دەست ، تا ئەگاتە سەر چواردەمین سەرۆک پێش سەرۆکی ئێستا ، کە دژی مەلیک کودەتای بەرپا کردو رژێمی پاشایەتی رووخان! لەو رۆژەوە ئیتر کەس لە کودەتا زیاتر هیچی تری نەبینیوەو هەر قوڕەکەش خەستر

ئەبێتەوە .. پۆستاڵ کراوەتە یاساو درۆو دەلەسەش کراوەتە نانو ئاو، چواردە، کودەتای سەرکەوتوو، چلی ژێرکەوتوو.. پەیکەرەکانی مەلیکیان روخان و بە هەمان کەرەستە پەیکەری خۆیانیان لە جێگاکەی دروست ئەکرد، هەر ساڵە پەیکەری زەلامێک دروست ئەکراو پەیکەری زەلامێک ئەروخێنرا، وێنەکانی مەلیکیان سووتانو بە خۆڵە مێشەکەی وێنەی خۆیان کێشا، کەرەکەی جارانەو کورتانەکەی گۆڕاوە ..

وێنەی سەرۆک لە سەر قۆری و پیاڵەو قەڵەم و پاسکیل و گۆرەوی و سەعات کراوە، هەر ماڵێکیش ئەبێ لە هەموو ژورەکان وێنەکانی هەڵواسێ. ئەوانیش ئەبێ سەیری مانگ بکەن، جونکە وێنەی سەرۆکی لە سەر دەر ئەکەوێ، ئەبێ دەف لێبدرێ و حەی ئەڵلا بکرێ، ئەمە نیشانەی مەزنی و پیرۆزی خوای سەر ئەرزەو جێگاو پلەی لای خوای ئاسمان، بۆیە ئەبێ رۆژی هاتنی سەرۆک ببێتە رۆژی لە بیر بردنەوەی خەم و ئازارو پەژارە .

ئافرەتان نابێ جل و بەرگی ئاسایی لە بەر کەن، بەڵکوو جوانترین کراس و سووخمە و کەوا لە بەر کەن، کوڵوانەش لە کۆڵ و پێڵاوی پانی بەرزیش لە پێ. جلی رەش بە تەواوی قەدەغەیە، ئەوانەی لە سوردوومانەکەی پارچەرگیان سووتاو هەتیو کەوتن ئەبێ پرسە بشکێنن و کارەساتەکەیان بیر بچێتەوە. هەموو ئافرەتێک ئەبێ جلی بوکێنی لە بەر کات یا خۆی وا برازێنێتەوە هەر وەکو ئەوەی بۆ سەر شایی بچێ. لاگیرە بە سەرو پێچەکەیانەوە بکەن و ژێرچەنەش لە ژێر چەناگەو ملەشیلان و عاشق بەن لە مل و ئەنگوستیلەش لە پەنجە .. مێخەک و سمڵ بە خۆیاندا بکەن. دوو سێ جۆریش بۆن و عەتر لە خۆیان بدەن. دەم و چاو هەڵگرن و سووراو سپیاو بکەن و چاو برێژن و دەست و پێش لە خەنە بگرن. کاتێک سەرۆک ئەگات و لە ئۆتۆمۆبیلە گوللە نەبرەکەی سەر دەر ئەهێنێ ،ئافرەتان ئەبێ بچنە سەربان و دەست بکەنە هەڵهەڵەو چەپڵە لێدان و نوقڵ و چکلێت هەڵدانە خوارەوە .. ئافرەتان ئەبێ ئەوە بسەلمێنن، کە لە سەر دەمی سەرۆکدا بزوتنەوەی ئافرەتان چەند گەشەی کردووەو چۆتە پێشەوە ...

پیاوەکانیش ئەبێ ئەو جل و بەرگانە لە بەر کەن، کە جەژناو جەژن لە بەر ئەکرێ، ئەو جلانەی لە ناو بووخچەدا مات ئەکرێ و بووخچەکانیش لە سنووقی بوراقدا قایم ئەکرێ و پڕ مستێک نەفتالینی لە سەر دا ئەترێ. ئەم جلانە تەنیا لە رۆژانی جەژن و شایی و مارە برین و مەولوو و سەفەرکردندا لە بەر ئەکرێن، ئیتر دەست بەجی بۆ ناو بووخچە و سنووقی بوراق و نەفتالین. بۆیە ئەم رۆژانە پاش حەمام و سەروریش تاشین و سمێڵ قیت کردن و پێڵاو بۆیاغ کردن، ئەم جلانە هەر بەو جرچی و لۆچی و بۆنی نەفتالینەوە لە بەر ئەکرێن و تەسبێح بە دەستەوە ئەگیرێ و دەستە سڕی ئاورێشمیش ئەخرێتە بەر باخەڵ و بەرەو ناو بازاڕ دەستە دەستە ئەکەونە رێ. ئەوەی سەروڕیشی سپی یا ماش و برنج بوو بێ، ئەبێ بۆیەی کات یا لەوسمەو خەنەی گرێ و خۆی بکاتەوە کوڕی چواردە ساڵ. ئەو رۆژە نابێ کەس دەم بۆ خواردنەوە بەرێ، نەوەک لە کاتی مەستی و سەر خۆشیدا قسەی هەلەق مەلەق بکرێ و میزاجی سەرۆک تێکچێ. نابێ کەس جگەرەو نەرگیلە بکێشێ و ئەو ناوە بکرێتە تەپ و دوکەڵ و تەندرووستی سەرۆکیش شووشی زیان بێت و نیشتمان بکەوێتە مەترسییەوە، سەرۆک و نیشتمان، نیشتمان و سەرۆک !

سەرۆکی ئێستا زۆر لە سەرۆکی پێشوو جیاوازە ، هەر چەند ئەمیش وەکو ئەو بە کودەتا دەسەڵاتی گرتە دەست و " شۆڕشی سپی " بەر پا کرد لە پێناوی " رزگاری کردن "ی گەل لە دەست ، ....، ....، ... بەڵام ئەمەلەفشەو خۆ هەڵکێشاندا هەزاری وەکو ئەوی بۆڕ داوە . ئەو نەختێک مژو مۆن و کەم دوو بوو ، ئەم چەنەبازو زۆر بڵێیە . ئەو کاتێک لە تلفزیۆن دەربکەوتایە ، ئاوی زۆر ئەخواردەوە ، پەینا پەیتاش ئارەقی ئەکرد و شانی هەڵئەتەکاند و ملی درێژ ئەکردەوە بۆ ئەوەی خۆی وەکو راستگۆ پێشان دات . ئەم نەختێک دەمی خوار ئەکاتەوە و بە فیزەوە قسە ئەکات و لە پڕ ئەیکاتە بڵمە بڵم . ئەو بە بەردەوامی لە مزگەوت و پرسە و سەر قەبران بوو ، ئەم بە هیچ جۆرێ لە خۆی ناگرێ سەر بە ماڵی خوادا بکات و هەر بێزیشی نایەت بەلای شتی ئەو تۆدا بچێ ، جونکە خۆی بە زۆر " رۆشنبیر " دائەنێ. ئەی مشەمای لکاووبۆکس ، خەنجەرو پیکال و سۆهۆوسان پاوڵی و گەوادی سیاسی .

ئەو تا ئەو رۆژەی لە سەر کورسییەکەی بە ثەق هێنایانە خوارەوە ، هەر خەریکی تاوڵەو دۆمینە بوو ، رۆژ نەبوو بیست چاو ترش و سینییەک پاقلاوە بە وەزیر و لێپرسراوە پایە بەرزەکان نەدۆڕێنێ ، ئەو رۆژەی کودەتا کرا و کودەتاچیەکان بە دەبابەوە گەمارۆی " کۆشکی کوماری " یان دا ، ئەو زارەکانی بە دەستەوە بوو ، هەرچی هەوڵی ئەدا هەر بۆی نەئەهات ، کودەتاچیەکان تێیان خوڕی ، زارەکان لە دەستی بەر بوونەوە ، ئینجا زانی لە شوێنیکی ترەوە شەش خان گیراوە . ئەم لە ناو یاری و قوماردا قاڵ بووە ، بە هەر چۆنی بێ ، گەر لە تایەکی وارەکە نەدات دەست ، هەڵناگرێ . گەر وەزیرو مەزیرەکانیش دۆڕاندیان ئەبێ زیاتر چۆک دادەن و سەرداشەوێنن ، ئەگەریش سەرۆک دۆڕاندنی ئەوە براوە تانجێک یان مەحمەیەک یا پلەیەکی بەرزتر ئەباتەوە ، سەرۆک هەموو جارێ ئەڵێ : گەرینە خۆشی مەکەن هەر دۆڕاون ! جەنابی سەرۆک ژیان هەر خۆی قومارێکی گەورەیە ،بەشێک ئەیباتەوە و بەشێکیش ئەیدۆڕێنێ ، ئێوە حۆکەرن بۆ هەموو پیڕێک ئەبن، من تەقیم من ئەچم بۆ کۆنکاف ، گەرەکە مەمرە بەهارە ، دیموکراسیش هەروایە ، کەمایەتی و زۆرایەتی ، دیموکراسی خوای سەر ئەرز ، لە سەرەوە بۆ خوارەوە، نەک لە خوارەوە بۆ سەرەوە ، کارە لنکەو قووچ ئەبێ ، بە قسەی من بڕوا ناکەن بە زەڕەی گەرەکە بڕوا ئەکەن ، چاک لە دیموکراسی نوێ تێ نەگەیشتوون ، قرقێنە عەیبە یا بێ ئەخلاقی ، ئەتۆم بە نەوت ، پەیمانی هاوکاری و دۆستایەتی، هەمووی ئیمزایەکی تێ ئەچێ . حەنابی سەرۆک ئەم دونیایە لە سەر شاخی گایەک وەستاوە و گاکەش لە سەر پشتی ماسی یەک و ماسییەکەش لە ناو دەریا مەلە ئەکات ، نەخێر هەمووی لە سەر پەنجەی ئێوە ئەسووڕێتەوە و کاریش نییە خوا نەیکاتە بزن.

هەموو پیاوێکی مەزن ئافرەتێکی بەدواوەیە ، ئێوە لۆری رۆژی جەژن . کێ لە ئێوە مەزنترە ؟ ئێوە گرینگترین گۆڕانی مێژوون ، مێژوو لە ئێوەوە دەست پێ ئەکات و لە ئێوەش جیا نابێتەوە . ئەوەی بە دواتانەوەیە مەتەڵێکی هەڵنەهێنراوە ! سەرۆکی پێشوو جلەکانی ئەگۆڕی و بە خشکەییەوە لە دەرگاو پەنجەرە نهێنییەکانی پشتەوەی " کۆشکی کۆماری " خۆی ئەدزیەوە ، بە تەنیا بۆی ئەکشا ، بۆ مرومووش کردن ، بە لۆژە لۆژ خۆی ئەگەیاندە مەیدانی شار ، بە دەستی خۆی شتی پەیدا ئەکرد ، بە پڕو پیرێژنی ئەو ناوەش رازی ئەبوو

و کۆڵێکیش مەممنوون ئەبوو . ئەم ئەبێ لە پیگال و سان پاوڵی و سۆهۆوە بەرـ خۆڵەی ناسک ناسکی بۆ بچێ ، زۆریش چڵێس و چاو باشقاڵە ، بە چاوی پیس سەیری ژن و ماڵی وەزیر و گزیرەکانی ئەکات ، دەک داوەشێی ئەو کیژۆڵەیە زۆر لە کچەکەت مناڵترە دوانزە نابێ ، باوکی وەزیری دەستە راستە ، بەرگە ناگرێ، باش بیری لێ بکەرەوە ، دوێنێ کابینە هەڵوەشایەوە و دروستکرایەوە ، با لەسەر ئەمەش دو سێ وەزیری کەش دەرنەکرێن و نەبینە گاڵتەچی ...

ئاشەکەی سەرۆکی پێشوو خوا ئەیگێڕا ! هەر چەند بە کارو پیشە کابرایەکی عەسکەری بوو ، بەڵام زۆر وڕو تەپۆو گێژ بوو ، مێشی لە خۆی نەئەکردەوە ، تاقەتی بیرکردنەوەو تاو تووی نەمابوو ، کەسیش نەبوو مشووری بۆ بخوات و چوار قسەی خێری بۆ بکات و لە لاوە تیۆەی ژەنێ . هەندێک باسی ئەوەیان ئەکرد ، شەوان چی لە خەودا ببینیایە ، رۆژان ئەوەی ئەکرد ، گرتی حەج و نەیگرت یاری .هەندێکی کە لە سەر ئەوە سوور بوون ، کە داسکی ئاگری ژێر کابوو و هەموو رۆژێ ئامۆژگاری ئەکرد و رێگەی پێشان ئەدا ، چاوی لێ سوور ئەکردەوە ، دۆعاو نووشتەی بۆئەکرد بۆ ئەوەی زوو بە چاوەوە نەبێ و هەناسەی کەس نەیگرێ ، دۆعاو نزای کەس کاری تێ نەکات ، ئەویش بە موو لە قسەکانی دەر نەئەچوو . ئەم کابرایە زیاتر لە داوڵی بێستان ئەچوو تا کابرایەکی عەسکەریتاریی مل هوڕ .. سەرۆکی ئێستا بە مناڵیش گوێ رایەڵی قسەی باوک و داسکی نەبووە ، ئەو دەمەش هەر لاسار وچەقاوە-سوو بووە ، مشەمای لگاو و چەقۆ و بۆکس خەنجەر و قۆچەقانی ، لە قوتابخانەی ژیاندا فێر بووم و پێ گەیشتم ، ژیانم خەباتێکی بێ و وچان بوو بۆ نان و ئازادی و رزگاری گەل لە چنگ دواکەوتن و نەزانی ، هاوڕێکانیشم زۆریان چاندو کەمیان دووریەوە ، بڕوانامەی ژیان گرنگە جەنابی سەرۆک نەک بڕوانامەی پڕو پووچی قوتابخانەکان . سەرۆک جار جار هەر بۆ فیز پرسێک بە دەورو پشتەکەی ئەکات و ئەمانیش کەسیان سەرەواوێکیان لە ورگدا نییە ، خۆشی شەوان تا بەیانی خەوی لێ ناکەوێ تا یەکێک تاوانی خەو بینینی بخاتە پاڵ . بە قسەو دەم و پل هیچی بە سەر هیچەوە نییە ، کەچی کارەکانیشی شەیتان ڕێی تی نابات !

لەم سەردانەدا ، زۆر کەس مرخیان لەوە خۆش کردووە خەڵات بکرێن و دیاری وەرگرن ، هەندێکی کەش بە تەمای ئەوەن ئەرزو خانوو و تلڤزیۆنیان بە سەردا دابەش بکرێ ، فەرمانبەرەکان بە تەمای چاو پێوە بوونێکی ترن . ئەوانەی لە رەشبگیرییەکەی پێراردا کەس و کاریان پێوە بوو و تا ئێستاش کەس سەروشوێنیان نازانێ ، بەتەمای " فەرمانی لێبوردنی گشتی " ن و بەرەڵلا کردنی هەموو زیندانیە سیاسییەکان یا ئاشکرا کردنی چارە نووسیان . هەر یەکە خەونێک ئەبینێ و هەر یەکەش گرەوێکی لە سەر کردووە ! وەرز وەرزی پەرە سەندنی ماستاو کردن و کلک راوەشاندن و خۆ بردنە پێشەوەیە . رێگەم ئەدەن لە گەڵ جەنابی سەرۆکدا تەوقەیەک بکەم و وێنەیەکی لە گەڵدا بگرم ؟ بۆم هەیە بە ناوی جەنابی سەرۆکەوە ناوی کوڕەکەم بنێم ؟ ئەتوانم خەنجەرێکی ئاڵتوونی بە دیاری پێشکەش بکەم ؟ ئەو ساڵەی ناپلیۆن بەرەو مۆسکۆ کەوتە رێ .. ناپلیۆن باوی نەماوە ، گۆڕانێکی گرنگتر لە مێژووی نوێ رووی داوە ، ئەم ئازاو شۆڕشگێڕتر و بلیمەتترە ، شەڕو شۆڕەکانی و نەخشەو پلانەکانی لە هێرش و پاشەکشەدا ، هەموو

داهێنان و بلیمەتی ئەو ئەسەلمێنن، لە قوتابخانەی ژیاندا پەروەردە بوو و پێ گەیشت و سەری هۆز و تیرەت بەرز کردەوە ، بە یەک چەقۆی بۆکسخەنجەرەوە بۆ سەر کورسی سەرۆک کۆماری ، خەڵک لەشکرو سوپای هەبوو ، چەندین دانیشگا و ئەکادێمیای تەواو کردبوو ، ئینجا هەر هەموویان هیچیان بە هیچ نەکرد ،ناپلیۆنی چی و تەپەماشی چی ...

لەم وولاتەدا ، هەر چی شتێ زۆر سەیر و عەنتیکە نەبێ روونادات ، ئەوەی زۆری چاندووە کەم ئەدروێ ، ئەوەی هیچی نەچاندووە خەرمانەکەی لە خەرمانی هەموو کەسێکی تر گەورەترە . لە دەورانێکی زۆر کۆن لە مێژوودا ئەم وولاتە وولاتی سیحرو ئەفسوون بوو ، دیارە مێژوو خۆی هەمیشە دووبارە ئەکاتەوە ،بازەکە بە سەر هەر کەسێکەوە نیشتەوە ، ئەو کەسە ئەکرێتە فەرمانڕەوای ئەو وولاتە ، هەیە باز لە سەر سەری ئەنیشێتەوە ، هەشە قەل . ریز بگرن ، یەک لەدوای یەک بوەستن هەر شتێکت بەر ئەکەوێ ، پرسیارو پرسیاری ناوێ ، زەرەری تێدا ناکەی ، هێلکە کڕین ، نان کڕین ، شەکروو چا ، پاسپۆرت ، دوکتۆر ، مریشک ، کاردۆزینەوە، سەردانی زیندانەکان ، وەزیری ، سەرۆکی ، ریزگرتن بە درێژایی دوو کیلۆمەتر ، پالە پەستۆ ، نۆبە لەیەک بڕین ، پاڵ نان ، پاشقوول گرتن ، ماستاو ، بەرتیل

بەیانی یەکی زۆر زوو ، کە هێشتا دانیشتوانی شار تازە لە خەو هەستابوون تانک و زرێپۆش سەری هەموو جادە و کۆڵانەکانی گرتبوو ، سەربازیش لە سەر بانان دامەزرابوو ، بێدەنگی‌یەکی ترسناک باڵی بە سەر شارەکەدا کێشا بوو . خەڵکەکە یەکسەر هەستیان کرد شتێکی نائاسایی رووی داوە . لە سەرەتادا وایان زانی کودەتایەکی‌تر رووی داوە ، رووداوەکانی ئەو زەمانەیان هاتەوە بیر ، کە چۆن سەروکی ئێستا دژی سەرۆکی پێشوو کودەتای کرد ، سوپای ئێستگەی رادیۆو تلفزیۆنی گرت و دەستکرا بە بەیان دەرکردن و بانگەواز بڵاو کردنەوەو و برووسکە لێدان و " سروودی نیشتمانی " و قەڵەبالغ .. ئەم جارەش وایان زانی کۆڵکە ئەفسەرێکی تر دەوری " کوڕە ئازا " کەی بینیوە و کودەتایەکی کردووە .

لە ترسی تفەنگ و پۆستاڵ کەس نەیئەوێرا سەر لە کونی ژوورەکەی بهێنێتە دەرەوە . بە پەلە پەل رادیۆیان کردەوە ، کەچی کەس گوێی لە " بەیانی یەکەم"ی " ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش " نەبوو ، کەس گوێی لە سروودی " نیشتمانی" و برووسکەی پشگیری کردن و پیرۆزبایی نەبوو... هەموو شتێ زۆر ئاسایی بوو ئەی سەربازو تانک و پۆستاڵ و ترس ...؟

لە پڕ دەنگی مێگ و سۆخۆی شارەکەی هەژاند ، قیژەو هاوار لە هەموو لایەک بەرز بووەوە ، هەر یەکە لە شوێنی خۆیدا خۆی بە سەر دەمداداو دەمی کردەوە ون پەنجەی خستە گوێی و شایەتمانی هێناو ... خەڵکەکە یەکسەر بۆردومانەکەی پاریا بیرکەوتەوە ، چۆن فڕۆکە بۆردومان کەرەکان لە سەر بڕیاری سەرۆک ئەم شارەیان بە خەستی بۆمبا باران کرد ، بۆیە خەڵکەکەش بەلایانەوە سەیر نەبوو ، گەر سەرۆک بڕیارێکی تری وای دەرکربێ ، بۆ ئەو هەر ئیمزایەکی تێ ئەچێ !

